# کەرنامە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کەرنامە

نووسینی:

**محەمەد حەسەن خان ئیعتماد ئەلسەلتەنە**

وەرگێڕانی:

**موکری**

ناوی کتێب: کەرنامە
نووسینی: محەمەد حەسەن خان ئیعتماد ئەلسەلتەنە
وەرگێڕانی: موکری
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٢١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: شوان عەبدولقادر
بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: ئەڤین محەمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## پێشکەشە

من بۆم نییە ڕەنجی کەسانی دی پێشکەش بکەم، چونکە من ئەم کتێبەم نەنووسیوە و حەقی ئەوەشم نییە پێشکەشی چ کەسێکی بکەم... بەڵام ئەو چەند سەد سەعاتە ماندووبوونەم بۆ تەرجەمەکردنی ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بە مامۆستا مەحمود زامدار، کە جەنابیشی کتێبێکی دانسقەی بەنێوی کەرنامەوە نووسیوە... بەڵام لەگەڵ ئەم کەرنامەیەدا ئەرز و ئاسمانیان فەرقە...

سۆنگەی دووهەمی ئەم پێشکەشییە ئەوەیە نەك هەر فەرەنسی و فارسی و میللەتانی دی قەدری کەریان زانیوە بەڵکو نالی و مەحمود زامداری کوردیش پەییان بەم داوە باریکە بردووە کە

هەردوو حەیوانین...

یەکمان ناحیق و ئەوی دیمان ناطیق

## پێشەکییەکی پێویست

دەشێ ئەم پێشەکییە زەرووری بێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی:

١- ئەم کتێبە (خرنامە) بەناوی محەمەد حسن خان اعتماد السلطنه و بەکۆششی علی دهباشی چاپی چوارەم خراوەتە ڕوو، سێ زاتی دیش پێناس و پێشەکییان بۆ نووسیوە: (سەید فرید قاسمی) و (دکتور فریدون ادمیت) و (مجتبی مینوی).

یەکەمیان پێشەکییەکەی بەناوی (زندگی و کارنامەء اعتماد السلطنه) (٢١ شعبان ١٢٥٩ق - ١٨ شوال ١٣١٣ق) لەم پێشەکییەدا زیاتر بایەخ دەداتە ژیاننامەی محەمەد حەسەن و ئەو کتێبانەی کە لە سەرجەمی ژیانیدا نووسیونی، جگە لە کاری ڕۆژنامەوانی کە لە سەردەمی ناصرالدین شادا کاری تیا کردووە.

(دکتۆر فەرەیدون ئادەمیت) پێشەکییەکەی بەناوی (دربارەء خرنامە) نووسیوە و دەڵێ:

داستانێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەجۆرێکی دی، کاتێ کە تەرجەمە کرا و بڵاو بووەتەوە بەناوی (منطق الوحش) یا (الحمار یحمل اسفاراً).

سەرچاوەی ئەمەیش (خاطرات خر) یادەوەرییەکانی کەرە لە کۆی چیرۆکەکانی خانمی هۆشمەندی فەرەنسی (کنتس دو سگورە) Comtesse de segare کە بۆ سەرگەرمی نەوجەوانانی نووسیوە. چیرۆکی شیرینن و هەندێ خاڵی تێدایە نەوجەوانان فێردەکات.

منطق الوحش لەسەر پایەی چیرۆك هاتووەتە نووسین، گەلێ شتی بۆ زیاد کراوە پەیوەندی بەئەسڵی مەوزووعی داستانە فەرەنسییەکەوە نەماوە. ئیدی لەم پێشەکییەدا لەمەڕ ئەو خانمە فەرەنسییە هیچی دی نە نووسیوە.

پەیوەندیم بەهاوڕێم دکتۆر فەرهاد پیربالەوە کرد داخوازی ئەوەم لێ

کرد چ دەزانی لەمەڕ ئەم خانمە نووسەرە، ئەویش بەم چەند دێڕە پێناسەی ئەم خانمەی کرد.

(ئەم خانمە لە ساڵی ١٧٩٩ لە سانبطرسبورگی ڕووسیا لە دایك بووە لە ساڵی ١٨٧٤ لە پاریس مردووە). کچی حاکمی ولایەتی مۆناکۆ بووە لە بەرهەمەکانی: (بیرەوەری کەرێك) و (بەدبەختییەکانی سوفیا ١٨٦٤) و (ژەنەراڵ دوراکین ١٨٦٦).

دیارە دکتۆر وەك خۆی دەڵێ ئەم مەعلوماتەی لە (فەرهەنگی لا ڕووسی فەرەنسی وەرگرتووە).

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بیڵێم، جگە لە پێشەکییەکەی (دکتۆر فەرەیدون ئادەمیت) لە بەرگی کتێبە فارسییەکەدا بەهیچ جۆرێ باسی ئەم خانمە نەکراوە... ئەمانەتیش ئەوەی دەخواست هەر لە بەرگی کتێبەکەدا نووسرابا، سوود لە چیرۆکەکانی ئەم خانمە وەرگیراوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەنووسراوە، وەك هەندێ کتێبی فارسی دی (بەهیچ شێوەیێك ناوی نووسەری کتێبەکە ناهێنن و تەنها بەوە ئیکتفا دەکەن ناوی موتەرجیم دەخەنە سەر کتێبەکە، وەك ئەوەی موتەرجیم لە موئەلیف گەورەتر بێت... بەهیوام ئەم دەردە نەکەوێتە نێو دنیای ئەدەبی کوردەوە.

هەروەها دکتۆر فەرەیدون لەم پێشەکییەیدا ئیشارەتی بەوە داوە یەکەم جار (ئەسەری میرزا علی خان امین الدولە) بەناونیشانی (حماریە) لە تەرجەمەی عەرەبی (محەمەد حسین جمل)ی میسرییەوە کراوە بەفارسی و لە ساڵی ١٣٠٠ چاپکراوە... تەرجەمەیێکی دیشی لە مەتنە فەرەنسییەکەوە کراوەتە فارسی لە ژێر چاودێری (اعتماد السلطنە) ساڵی ١٣٠٦ چاپ کراوە و ساڵی ١٣٢٢ چاپی دووەمی کراوە.

تا دێتە سەر ئەوەی دەڵێ: تەرجەمەی دیی ئەم کتێبە لە زەمانی ئێمەدا ئەنجامدراوە... گومانیش لەوەدا نییە اعتماد السلطنە و هاوکارانی، هەندێ شتیان ئیزافە کردبێ و هەندێ ڕەخنەی سیاسیش بەلاوەکی خرابێتە سەر ئەسڵی مەتنەکە.

پـێشەکـی سێهـەمـیش بـەنـاوی (سرگـذشت خـر) مـجـتـبـی مـیـنـوی نووسیویەتی. ئەویش بەم شێوەیە ئیشارەت دەداتە ئەو خانمە فەرەنسییە: لـە فـەهـرەسـتـی کـتـێـبـەکـانـی چـاپـی فـارسی کـە ئـێستـا لـە مۆزەخـانـەی بـەریـتـانـیـادا پـارێزراوە، نـاوی ئـەم کـتـێبـە هـاتـووە و مـەرحـوم ئـەدواردز موئـەلیفی ئـەو فـەهرەستە نووسیویەتی: ئەم کتێبە تەقلیدی کتێبی (کنتس دو سگـور)ێیـە Comtesse de segur کـە بـەنـاوی (یـادەوەری کـەرێك) Memoeire dun Ane.

ئەم کتێبە (خرنامە) منطق الحمار ٢٢٠ لاپەڕەیە، پێکهاتووە لە فەهرەست پاشان وێنەیێکی اعتماد السلطنه لە حضوری ناصرالدین شادا ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە... پاشان یاداشتێکی عەلی دەهباشی، ئەوجا پێشەکێکی سید فرید قاسمی لە لاپەڕە (١١ وە دەست پیّ دەکات تا لاپەڕە ٢١) پاشان پێشەکییەکەی دکتۆر فەرەیدون ادمیت دەست پیّ دەکات لە لاپەڕە ٢٣ تا لاپەڕە (٣٨) لە لاپەڕە (٣٩) پێشەکی مجتبی مینوی دەست پیّ دەکات تا لاپەڕە (٤٦) ئینجا ناونیشانی کتێبەکە و پێشەکیێکی کورت تا دەگاتە فـەسڵـی یـەکـەم و ژمـارەی لاپـەڕەکـەی (٥٧) لـێرەدا دەمـەوێ بـڵـێم ئـەم تەرجەمەیەی بەندە لە لاپەڕە پەنجاو هەشتی کتێبەکەوە دەست پیّ دەکات...

ئەم کتێبە هەژدە فەسڵە... بەندە، تەنها حەڤدە فەسڵی تەرجەمە کردووە و فەسڵی هەژدەهەم ئەفەرۆز کرد، چونکە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ سیاق و مەتنی کتێبەکە یەکیان نەدەگرتەوە... فەسڵی هەژدە پڕە لە ئایەت و حەدیث و پەندو...

بـۆ ئـاگـاداری خـوێنـەری بـەڕێزیش چـوار لاپـەڕەی فـەسڵـی هـەشتـەمـم تـەرجـەمـە نـەکرد و پـەڕانـدم، چـونـکـە هـەستم بـە دووبـارەبوونـەوەی بیّ سەروبەر دەکرد، ئەمە جگە لەوەی سەرلەبەری فەسڵەکان پڕن لە شیعری فـارسی... شیـعـرەکـانـیشم بـەزیـاد زانـی و تـەرجـەمـەم نـەکرد، ئـەگـەرچی تەرجەمەش کرابا جوانی بە کتێبەکە نەدەبەخشی چونکە شارەزایان دەزانن تەرجەمەی شیعری کلاسیکی چ دەگەیێنیّ.

جگە لەوەی سەرلەبەری ئەم کتێبە پڕە لە ئدیومی عەرەبی و ڕستە و دەستەواژەی عەرەبی کۆن و وشەی عەرەبی کە لە زمانی عەرەبیدا چەند سەد ساڵێکە بەکارناهێنرێن وەك (مأكول اللحم = گۆشتی حەڵاڵ) تا (فم معده) کونی سەرەوەی گەدە، لە نێوانی مەری و مەعیدەیە و نزیکی دڵە. جگە لەوەی لە هەندێ فەسڵێدا (استطراد) هەیە ئەمانەیشم ئەفەرۆز کرد...

ئەم (خەرنامە)یە فارسێندراوە و گەلێ جاریش پەڕەگراف و ڕستەی ئازەری تێ کەوتووە، ئەگەرچی بە مەبەستێکی نابەجێ بەزمانی کەرەوە هێرش براوەتە سەر زمانی ئازەری وەك: (اگر چه این لغت چندان غریب و نامطبوع است که خران رغبتی به اموختن ان ندارند).

تەرجەمەکەی: ئەگەرچی ئەم زمانە ئەوەندە غەریب و نا سازگارە کەرانیش ئارەزووی فێربوونی ناکەن...

بەهەرحاڵ ئەمە جۆرێکە لە ڕەگەزپەرستی هەندێ نووسەری فارس، دەنا کەری بەستەزمان بێ بەرییە لەوەی ئەم خەتا گەورە نائینسانییەی بخەنە ئەستۆ... هیچ زمانێ لە نێو بەشەرییەتدا نییە پێی بگوترێ زمانی چاك یا زمانی خراپ. بەڵکو بەرهەمی چاك و خراپ هەیە و بەهەر زمانێکیش نووسرابێت.

هەروەها لە هەندێ شوێنیشدا بەناڕەوایی هێرش دەباتە سەر ژن، ئەڵبەتە سۆنگەی ئەم هێرش بردنەش ئاین و پەنابردنە بەر تەفسیری جۆراوجۆرە وەك:

(کسانی که دارای عناصر رخوت و ارباب اراء سخیفه هستند غالبا در صدد انتقامندو بەعفو والتیام رغبت ندارندو بهترین شهود در اثبات اینکه نسوان ضعیف النفس و ناقص العقل، بالنسبه به رجال پیشتر در پی انتقام و کینه جویی مصر ترند).

ئەم پەرەگرافەم لە جێی خۆیدا تەرجەمە کردووە... دەمەوێ ئەوە بڵێم

نابەجێیە بەدکاری و بەدگوفتارییەکانی ئێمەی بەناوە ئینسان لەمەڕ ژنانەوە، بخەینە سەر زمانی ئاژەڵانەوە...

بەهەرحاڵ ئەمە ڕای ئەو کەسەیە کە ئەم بەرهەمەی فارساندووە.

لە کۆتاییدا...

بەمەرجم نەزانیوە لە هەندێ شوێندا تەرجەمەی دەقاودەقی ڕستەکان بکەم... زیاتر بایەخم بەمانا داوە نەك بەمانای حەرفی وشەکان...

لە کۆتاییشدا فەرهەنگۆکێکم بۆ دروست کردووە پێم وایە خاڵی نییە لە سوود... ئەگەر ئەو کەلیمانەی لە فەرهەنگۆکەدا هەن زۆربەیان ئینقرازیان کردووە بەڵام دیسانەوە هەر بێ سوود نییە، خوێنەری کورد جۆرە ئاگایێکی لەو وشانە هەبێ و بزانیت ئەم برا فارسە خاوەن گەورەترین شارستانیەتی بەشەریەتە پەنایان بۆ چ جۆرە وشەگەلێك بردووە، کە خاوەنەکانیان ئەسڵەن دەستبەرداریان بوون...

سوپاسیش بۆ هاوڕێم کاك فازڵ کە ئەم کتێبەی بۆ ناردم.

تێبینی:

لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا خۆمم بەدەقەکەوە نەبەستووەتەوە، گەلێ ڕستەم گۆڕیوە و گەلێکی دیشم کورداندووە، ئەو ڕستانەی کە بەجوانیش تێ نەگەیشتووم پەڕاندوومە. گەلێ وشەگەلی قورسیش کە لە فەرهەنگەکانی عەمید و لوغەت نامەی دەهخودا–یشدا بەرچاونەدەکەوتن ئەوانەشم پەڕاندووە... هەموو ئەمانەش بۆ بەڕێزێکی دی کە شارەزاترە لە زمانی فارسی کۆن جێ دەهێڵم، سوپاسی ئەو کەسە دەکەم جارێکی دی بە زمانێکی پاراوتر و بەدیقەتتر تەرجەمەی (ئەم کەرنامە)یە دەکات... داوای لێبووردنیش لە خوێنەرانی ئازیز دەکەم گەر کەموکوڕییەکیان بەرچاو کەوت، دڵنیایان دەکەم گەر لەمە چاکترم زانیبا، ئەوەم دەکرد... بەڵام چ بکەم، وەك دەڵێن (بەندە و تاقەت).

ئەیلولی ٢٠٠٥ سلێمانیش

# فەسڵی یەکەم

ئینسان پێی وایە شەریفترین مەخلوقاتە، ئەوەی ئەو دەیزانێ ئەوانی دی نایزانن، ئەی ئینسانی مەغروور! بزانە ئەوەی تۆ دەیزانی ئێمەیش دەیزانین، ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ئێوە نایزانن.

لە گوندی (شەریف ئاباد) جومعە بازاڕێکی بەنێوبانگی هەیە، لادێیەکانی ئەو دەڤەرە، سەوزە و میوە و دانەوێڵە و ئاژەڵی کەوی و پەلەوەری تیا دەفرۆشن.

هەموو بەیانییێکی ڕۆژی جومعە بۆ من، وەك بەیانیانی ڕۆژی شەممەی منالانە، دەبا لەم ڕۆژەدا لە گوندی (موسائاباد)ەوە تا گوندی (شەریف ئاباد) کە یەك فەرسەخ دوورە، بەباری گران و تیژڕەوی و تێلاو نەقیزە بکەومە ڕێ... تا داپیرە بەڕێزەکەی جەنابتان- کە ژنێکی ئابڕوومەند و دیندارە- منی نەکڕیبوو، زۆربەی کات، تووشی ئەم دەرد و ئەزیەتە دەبووم.

ئێستایش خاوەنەکەی ئەم کاتەم ژنێکە قەحپە، دەسەلاتی زۆری بەسەر مێرد و منالەکانیا هەیە، لە شەرم و حەیا و هەر جۆرە ڕاستگۆیی و سەفایێك بێ بەرییە.

کاکی ئازیزم بۆ نموونە: ئەم ژنە لە ڕۆژەکانی هەفتەدا یانی لەم جومعەوە تا ئەو جومعە، مریشکەکانی چەند هێلکەیان کردبێ، چەنێ شیری مانگا و مەڕەکانی دۆشیبێ و ماستەمەنی[1] لێ دروست کردبن، میوە

---

١- ماستەمەنی: ئەو شتانەی لە شیر و ماست دروست دەکرێ.

گەییوەکانی باغچەکەی دەرنییەوە، سەبەتە پیسەکانی خۆی لێ پڕ دەکرد، دەیخستنە سەر پشتە جوانەکەم، بەم وەزع و بارگرانییە، کە بەهیچ شێوەیێك توانای جووڵەم نەدەما، ئەم قەحپە قەڵەو و توند و مەندە، لەسەر سەبەتە قورسەکانەوە سواری من دەبوو و دادەنیشت، تێڵاو نەقیزەی دەگرتە دەست و شان و ملمی ئازار دەدا بەغاردان بەرەو بازاڕی (شەریف ئاباد)ی دەبردم، بەجۆرێکی باوەڕ نەکردەنی ماندوو دەبووم، لە ترسی تێڵا و نەقیزەیش توانای سەرپێچی کردنم نەبوو.

ئاه، بۆ ئەو قامچییە، چ کاریگەرییێکی سەیری هەبوو! دوور لە گیانی ئێوە، هەرکاتێ کە قامچییەکەی دەسووڕاندەوە – قامچییەکە زنجیری ئاسنی پێوە بوو – ئەڵقەی زنجیرەکانی زنجیرەی ژیانمی لێك دەترازاند، ئێشی ئەو قامچییە وەك پێوەدانی مار وابوو، کە بزماری نەقیزەکەی دەچەقاندە لەشم، ئاگر لە چاوانمەوە دەردەپەڕی، تا ماوەیێکی دوورودرێژ، لەبەر دەرد و ئازاری تێهەڵدان، لە پێ دەکەوتم، فریاد و ناڵەم دەکرد، دەزەڕیم، واوەیلام دەکرد، ئەم قەحپەیە نەك دڵی بەمن نەدەسووتا، بەڵکو بێ توانایی و بەزەیی خوازییەکەمی دەکردە سۆنگە، زیاتر بێ ڕەحمتر و باری قورستر دەکردم. بەڵێ زاڵمان ئەم ڕەفتارەیان هەیە، هەرکە کەسی بەرانبەریان بینی بێ توانایە زیاتر تێی هەڵدەدەن...

جارجار لە ڕێدا بیرم لە یاخیبوون دەکردەوە کە بەلووشکە هاویشتن بارەگرانەکەی سەر پشتم و خاوەنە ناموحتەرەمەکەم کە بەسەر بارەکەوە سوار ببوو، بیانخەمە خوارێ، تەختی زەوییان بکەم، ئەفسوس و هەزار ئەفسوس، سەنگینی ئەحمال مانعی وەجێهێنانی مافیلبال دەبوو(٢).

ڕۆژێ چووینە بازاڕی (شەریف ئاباد) قەحپەکەی خاوەنم لەسەر پشتم دابەزی و هەوسارەکەمی بەشیشێ بەستەوە، سەبەتە قورسەکانی سەر

---

٢– سنگینی احمال مانع اجرای ما في البال: قورسی بارەکە ڕێی ئەوەی لێ دەگرتم ئەوەی لە خەیاڵمدایە جێبەجێی بکەم.

پشتمی یەك یەك داگرت، خۆیشی بۆ کاریَ بەلایەکدا ڕۆیشت منی ماندوو و بـرسی و ئـەزیـەت دیـدەش، فـرسەتم وەدەست هـێنـا، لمۆزم درێژ کـرد، سەبەتەیێکی پڕ لە کاهو و گێزەرم هێنایە پێشی خۆم زیرەکانە و بەتەواوی ئیشتهاوە لەسەرەخۆ دەستم بەخواردن کرد...

بەگیانی ئازیزی جەنابت، لە ژیانی خۆمدا تا ئەو کاتە خۆراکی وا بەلەززەت لە گەروومەوە نەچووبووە خواریَ، ئیدی ماندووبوون و ئازارم نـەمـا، پـێیـەکـانم بـەمـەحکـەمـی لـەسەر ئـەرز گیرکرد، هـەردوو دەستیشم بەئەندازەی جەستەم درێژکرد، دوو سیَ باوێشکی درێژم دا، بەدگانەکانم، ئەو مێشە کەرانەی نیشتبوونە سەر جەستەم و هاتبوونە خورین دەرم دەکردن، لە ئەوپەڕی کەیفخۆشی و شادیدا بووم، لەپڕ قەحپەی ناشیرین و بیَ ئابڕووەکە لە دوورەوە دەرکەوت، گرنگیم نەدا بەدڵڕەقی و سووك ڕوانینەکەی. زمانم دەرهێنا دەوری لمۆزی خۆمم پاك کردەوە و سەیری ئەویشم دەکرد!

لە حزووری جەنابتان بیَ ئەدەبی ناکەم و ناڵێم چ جنێوگەلێکی پیَ دام، چونکە ئەم قەحپە (خەربەند)ەیە[٣]، ئـاکـار و ڕەوشتـی وابـوو، بـەدگۆ و جنێوفرۆش، هەرکە هەڵدەچوو، ئەوەی لە ناخیا بوو دەیهێنایە سەر زمان، شتگەلێکی دەگوت، منی کەر لە بیستنی بێزار دەبووم، جارێکی دی لمۆزی خۆمم لێستەوە، بایەخم پیَ نەدا، پەیڕەوی ئەو پەندە مەشهورەم کرد:

(جەوابی ئەبلەهان خامۆشییە)[٤] ڕووم وەرچەرخاند و پشتم تیَ کرد، قەحپەی ناشیرینیش، دەستی دایە کوتەك، ئەوەندەی پیاکێشام سەبرم نەماو حەوسەڵەم تەنگ بوو، سیَ لووشکەم تیَ گرت، بەلووشکەی یەکەم لووت و دگانەکانییم تێکشکاند، لووشکەی دووهەم دەستیم بریندار کرد،

---

٣- خربندە: ئەو کەسەی کەر بەکریَ دەدات.

٤- وەڵامی گەوجان بیَ دەنگییە.

لووشکەی سێهەم بەر سك و سنگی کەوت، ڕێك لەسەر گەدەکەیدا، بوورایەوە و کەوتە سەر زەوی، بیست کەسی لادێیی بەداری درێژ و کوتەك هێرشیان بۆ هێنام، تا لە توانایاندا بوو تێیان هەڵدام، پاشان ماندوو بوون و ڕۆیشتن، قەحپە ناشیرینەکەی خاوەنمیان بەچوار دەسە هەڵگرت و لە پەناییێکدا مژوڵی تیمارکردنی بوون...

ئەو بێ مروەتانەی لێیاندابووم لێم دوورکەوتنەوە، خەریکی کڕین و فرۆشتن و کارەکانی دیی خۆیان بوون، جارێکی دیش فرسەتم وەدەست هێنا، سەبەتەیێکی دیی پڕ لە سەوزەی جۆراوجۆرم خوارد، ئەم خۆراکەیش بووە مایەی ئەوەی، ماندووبوون و ئازار لە جەستەم بڕەوێتەوە.

خۆشبەختانە، کاتێ ئەو بێ ڕەحمانە لێیان دەدام، بەهۆی بگرەوبەردەیان ئەو سنگەی لەق کرد کە پێوەی بەسترابووم، پاش ئەوەی لە خواردنی دووەم سەبەتەی سەوزە، بوومەوە، خۆمم لە ڕەشمەی داو و بەڵادا ڕزگارکرد...

ڕێی گوندم گرتەبەر، بەئەوپەڕی ئارامییەوە دەڕۆیشتم، ئەو کەسانەی لە ڕێدا منیان دەبینی سەریان سووڕدەما کە چۆن بێ کورتان و خاوەن و بارم و بەئارەزووی خۆم دەجووڵێمەوە، هەندێکیان دەیانگوت:

– ئەم کەرە هەوساری پچڕاندووە لە تەویلە ڕایکردووە...

یەکێکی دی وەڵامی دەدانەوە و دەیگوت:

– ئەم بێ چارەیە لە زیندان ڕایکردووە.

سێهەم گوتی:

– لە ژێر باردا ڕایکردووە.

چوارەم گوتی:

– دەبێ بێعار بێ.

لادێ نشینی پێنجەم گوتی:

– ئەم سەرکێشە دەبێ تەمێ بکرێ... دەبێ دوو دوو سواری بن.

منیش بۆ سەلماندنی ماقووڵیەتی خۆم، بەنەرمی و لەسەرەخۆ نزیکی لادێی پێنجەم بوومەوە، لادێیەکە دەستی بەسەر و کەللەمدا هێنا، بەهاورێکانی خۆی گوت:

– عەجەب حەیوانێکی ئارامە و شەڕئەنگێز نییە.

بۆ ئەم قسەیەی بزەم هاتێ و واشم بەخەیاڵدا هات، ئەی کاکی ئازیز، هاورەگەزەکانی ئێوە لەمەڕ ڕەگەزی چوارپێیانی ئێمەدا چەند غەرقی دنیای خەرافاتن.

سەلمێنراوە دەسەڵاتداری زاڵم، کاتێ کە بەنەرمی لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیا ڕەفتار بکات، ئەوا زیاتر خزمەتی دەکەن، هەر کاتێکیش بەدرشتی و زبری ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات، ئەوا بەدڕەفتار و شەڕئەنگێز دەبن.

ئێمەی ڕەگەزی کەران، کاتێ چەمووش و سەرکێش دەبین، کە بەتێلا ئازارمان دەدەن، بەڵام جیاوازی ئێمە لەگەڵ شەریفترین مەخلوقات – گوایە ئێوەن – ئەوەیە کە چاکە و میهرەبانیمان لەگەڵدا بکەن، هەرگیز بەدنمەك نابین و دووریش دەکەوینەوە لە شەڕخوازی...

ئیدی ئەو لادێییە سواری من بوو، بەرەو ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە، ژن و مناڵەکانی دەوریان دام، میهرەبانییان بۆ نواندم، ویستیان بۆ خۆیان گلمدەنەوە، بەڵام جوانمەردی – کە ڕەوشتی بەرزی کەرانە – ڕێی نەدام ئەم نمەك حەرامییە بکەم و یەکجارەکی خاوەنەکەی خۆم بەجێ بێڵم و لە ماڵی ئەم لادێییەدا بمێنمەوە، ئێمە وەکو بەنی بەشەر نین کە سنوورمان بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبێ، لە بری ئەو دەرد و ئازار و تێهەڵدانەی خاوەنە قەحپە ناشیرینەکەم پێی گەیاندووم، شکاندنی دەم و دگان و لووتی و لە

پێ خستنی، ئەمانەم بەکافی دەزانی، بۆیە لە ماڵی کابرای لادێییەوە هاتمە دەرێ و وردە وردە ڕێم گرتەبەر، کاتێ چوومە ماڵی خاوەنەکەمەوە، کچە چکۆڵەکەی منی بینی و هاواری کرد:

– باوکە، حەچەکە، بەبێ دایکم گەڕاوەتەوە... چی لە دایکم کردووە؟

خاوەنەکەم لە ژوورەکەی هاتە دەرێ، منی بێ کورتان و بەهەوسار پچڕاوی بینی، چەند تێلاێکی بەدەست و پێما کێشا و گوتی:

– کەری ئەحمەق، چیت لە ژنەکەم کردووە؟ چۆن فیرارت کرد؟ لە یەکەم فرسەتدا سەد قامچیت پیا دەکێشم.

هەوسارە پچڕاوەکەی لە سەرم داماڵی، دوو تێلای دیشی پیاکێشام، بەرەو چەمەن و لەوەڕگەکەی ناردم، هەرکە چوومە نێو چەمەنزارەکەوە گوێم لە ناڵە و گریان و هاوار بوو، لەسەرەخۆ نزیکی ئەو چەپەرە بوومەوە کە بەدەوری لەوەڕگاکەمەوە بوو، سەرم بردە ئەودیوی چەپەرەکە.

سەیری ڕێگەکەم کرد، خاوەنە قەحپە زۆر بڵێکەی خۆمم بینی، لەسەر تەختە ڕاخرابوو، بەچوار دەستە دەیهێنن، خەڵکانی ماڵەکە بەپەلە بەرەوڕووی چوون، دەستیان بە شین و شەپۆڕ کرد، منیش بەئاسپایی سەری خۆمم کێشایەوە، بەوپەڕی دڵنیاییەوە، مژولی لەوەڕ بووم، ئەو کەسانەی خاوەنەکەی منیان هێنابووەوە بۆ ماڵێ، بە دوورودرێژی هەموو شتێکیان بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، مێردەیش کوڕە گەورەکەی بانگ کرد، کوتەکێکی درێژی دایێ، کە سەد کوتەك بکێشێتە سەر جەستەی ئەم چوارپێیە بێ حەیایە. بەڵام وا نەبێ بمرێ ئێمەیش قیمەتەکەی لە دەست دەین و زیانمان بگاتێ.

گەورەی من، جەنابت لەجیاتی من بای، عەیب نەبێ لە من زیاتر دەترسای، ڕەنگە ئێوە درکتان بۆ چارەسەری ئەم کارە هەندەی من نەبێ، پاراستنی لەش واجیبە، منیش لە خۆم ڕانەدەبینی بەرگەی سەد کوتەك

بگرم. ئابڕوومەندی و خاوەنداری خۆمم وەلاوەنا، لە گۆشەیەکەوە هاتمە دەرێ، ڕێی بیابانم گرتەبەر و دەستم بەغاردان کرد، لە چ جێیەکدا نەوەستام، سەیری پشتەوەشم نەدەکرد، تا ئەوکاتەی تەواوێ ماندووبووم، وەستام و گوێم هەڵخست، دەنگی پێم بیست، چوومە سەر بەرزیێك و سەیری دەوروبەرم کرد، ئاهێکم پیادا هاتەوە، شوکری باری تەعالام وەجێ هێنا، کە لە دەست خاوەنە شەڕ ئەنگێزەکانم نەجاتم بوو... ئێستا دەبێ چی بکەم؟ بیرم کردەوە، گەر لەم دەوروبەرەدا بمێنمەوە، ئەڵبەتە دەمناسنەوە، ئەوجا بۆ گوندی (موسائاباد) پەلکێشم دەکەن، ئیدی خوا دەزانێ لەوێدا چ ئەشکەنجەیێك چاوەڕێم دەکات...

ماوەیێك سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، خۆمم تاك و تەنها بینییەوە، بۆ بێ چارەیی و تەنهایی خۆم هەندێ گریام، جارێکی دی، هەندێ ڕێم بڕی گەیشتمە کەناری جەنگەڵێ، لەم جەنگەڵەدا جۆگە ئاوێك و لەوەڕگاییێکی تەڕ و سەوزم دۆزییەوە، بەخۆمم گوت:

(خودای مەزن پەنای بێ پەناهانە، دێتە هانای زوڵم لێکراوان و بێ چارەکان)

چەند ڕۆژێ، لێرەدا مامەوە، نیازی سەفەری دووریشم هەبوو، پاش لەوەڕ و خواردنەوەی ئاوی سارد و ساف، هەتاو ئاوا بوو، دنیا تاریك هەڵگەڕا، پەنا دارێکم هەڵبژارد، بەئەوپەڕی ئارامییەوە تا سبەینێ خەوتم.

# فەسڵی دووەم

سەحــەرگــا، پــاش ئــەوەی لــە خــەوی خــۆش و ئــارام وەئــاگــا هــاتمەوە، بـۆ وەجێهێنانی شوکری حەقیقی بۆ یەزدانی مەزن، لە ناخی دڵەوە دەستم بەزەڕین کرد و چێژم لە بەرەبەیان وەرگرت...

جـەنـابـتـان دەزانـن، ئـەو ڕەگـەزانـەی پێیـان وایـە، جگـە لـە خـوای مـەزن شەریـفـتـریـن خـەڵـقـەنـدەن، خـەڵـقـەندەکـانـی دیش لـە خـواروی خۆیـان دەژمێرن.

ئێمەی زومرەی کەران، بێ منەت، بەر لە خۆرهەڵاتن بێدار دەبین و بێ فەخرکردن بەناڵەی دڵسۆزانەی خۆمان بەزەڕین شوکری نیعمەت دەکەین.

گـزنگ، گـرد و شیـو و لــەوەڕگـای لــە یــەکدی جـیـاکـردەوە... بـەغـاردان گەیشتمە لەوەڕگایێك، کە پێی هیچ حەیوانێکی تێ نەچووبوو، کانیاوێکی ساردیشی لێ بوو، لەوەڕیم و ئاوم خواردەوە، سکتێری بزوێنەری خەیاڵ بوو، ئەندێشە و سەرئەنجامی کار لەبەر چاومدا هێزی وەرگرت، بەخۆمم گـوت: مـن کـە لـە هـەمـوو حـەیـوانـێك عـاقـڵـترم بۆچی بـەدیدی عـاقـڵان کارنەکەم، ڕادەی نیعمەت لەبەر چاوی عاقڵاندا نادیار نییە، لەم زەمینە بەهەشت ئاسادا بەئاسوودەیی ژیان بگوزەرێنم و ئەزیەتەکانی پێشووم فەرامۆش کەم، بۆ شوێنێکی ئارامتر کەوتمە ڕێ.

ئەی درێغ کە تەقدیر موافقی تەدبیر نەبوو، لەلای ئێمەی تایفەی کەران، بەتەجرەبە مەعلوم بووە کە لە نێوان حدسەکان لەگەڵ بڕیارە غەیبییەکان

تـەرتـیـبـاتـی بـاتـنـی فـەرق و فـاسیلـەیێکی زۆری نـییـە، زۆرجـار تـەدبـیر پێچەوانەی تەقدیر بووە و هـەرگیز مەبەستی نەپێکاوە، نـازانم ئەم وەزعە بۆ بـەنی ئـادەمیش ئـاوهـایـە، تـەدبیر یـەکـانگیری تـەقدیرە، یـا ئێوەیش دووچاری بـڕیـارەکـانـی غـەیبن و چـارەنـووسـتـان بـەدەستـی خـۆتـانـەوە نـییـە، ئـەگـەر دەتوانیت (قلاب القدر مُّما يَدبر موستەفید بیت)[٥] ئەوا بـەدڵ و گیان دەبمە کەری ئێوە و بـارەکانتـان بۆ دەگەیێنمە مـاڵێ... بـەڵام ئێوە سەرئـەنجامی کـار نـازانن و چارەنووسی خۆتـان دەدەنـە دەستی قـەدەرەوە، ئـەوا بێ ئینسافییە لافی ئـەوە لێدەن کە گوایـە لە ئێمە چـاکترن و دەستدرێژی و بێدادی بەئێمە ڕەوا ببینن، بەکورتی ویستی کۆچم بە نیشتەجێبوون گۆڕییەوە، بەم نیعمەتە زۆرە شاد بووم، کلك و گوێم جوولاندەوە، چەند لووشکەیێکم بۆ یادی زاڵمـان وەشاند، بەئـارامییەوە لەوەڕیم، جۆشم هـاتـەوە بەر، کـاری کەرانـەم دەست پێ کرد، بێ ترس لەوەڕیم، لمۆزم بـەرزکردەوە، لەپڕ سەگوەڕێکی دوورم ژنـەوت زۆری نـەبـرد سەگـەکـانـی دی بـوونـە هـاوئـاوازی یـەکدی، مـن چـوارپـەلم کۆکردەوە، ملم بـەرزکردەوە، گوێیەکانم بـەرەوپـاش برد و بە دڵـەڕاوکێیوە وەستـام. ئـەوەم هـاتـەوەبـیر کـە بـەیـانـی لـە ڕووبـارێکدا ئـاوم دەخواردەوە، هـەنـدێ قـووڵ بـوو، ڕەنـگـە پـەنـام بدات، بـەرەو ئـەوێ کـەوتمە ڕێ، هـەرکـە دەستـەکـانم خستـە نـێو ئـاوەکـە، دەنگـە نـاسازەکـەی (سەفـەر قـولی) کـوڕە گـەورەکـەی خـاوەنـەکـەمـم بیست، گـاڵـی سەگـەکـانـی دەدا تـا بـەدووی مـنـدا بگەڕێن بەم شێوە قسەی دەکرد.

– «هـای جـانم... هـای بـابـام هێی! تـاپ هـی بودور ئـەشەك ردی بوردان کیچوب، اورادا، یـاتـاقی معلوم در، اختـار تـاپ، هـای او درهـا»[٦]

ئەگەرچی ئەم زمـانە ئەوەندە سەیر و نـاسازە، کەرانیش حەز بەفێربوونی

٥– چارەنووس بگۆڕی و سوود لە تەگبیرەکانی خۆت وەرگری.

٦– دەی گـیـانـەکـەم.. هـەی بـاوکـەکـەم، ئـەو کـەرە بدۆزەرەوە دیـارە بێرەدا تێپـەڕیـوە.. مـەعلومـە دەی بگـەڕێ بیدۆزەرەوە، لـەو شێوەدایـە...

ناکەن، بەڵام ژیانم لەگەڵیاندا وای لێ کردبووم، هەندێکی لێ تێبگەم، بۆم دەرکەوت مەبەستەکە چییە، ترس دایگرتبووم خەریك بوو زارەتەرەك بم، بەڵام لە سنووری سەبر و وقار دەرنەچووم، ئەمەیش فەزل و ڕەحمەتی خواوەندە کە ڕانمایی لێقەوماوان دەکات و دەبێتە مەدەدکاری بێ چارەکان. وەك ئەوەی بۆ منی بەستەزمان لە غەیبەوە پێم گوترابێ، کە سەگ لەسەر خاکدا بۆن ڕابەرییان دەکات، ئاوی بەخوڕیش ئەو بۆنە لە نێو دەبات، ئیدی ناتوانێ پەیڕەوی مەبەست بکات. چوارپەلی دیم قەرز کرد تا نەفەسم تیا بوو، دژ بەخوڕەی ئاوەکە، کەوتمە چوارناڵە، پاش دوو سەعات غاردان وەستام، نە وەڕینی سەگەکانم دەژنەوت نە گاڵدانەکەی (سەفەر قولی) بێ ئیمان. ئیدی ماندووە شەکەت، هەناسە لەبەر بڕاو، سەراپای جەستەم ئارەقی دەردەدا، هەندێ حەسامەوە، پاشان هەندێ ئاوم نۆش کرد، چەند پارویێك لە چیمەنی کەناری ئاوەکەم خوارد دەست و پێم لەبەر سەرما سست و مەیی بوون، لە ترسا جورئەتی ئەوەم نەبوو لە ئاوەکە بێمە دەرێ، پاش هەندێ حەسانەوە، سەر لە نوێ دەستم بەغاردان کردەوە، بەهەمان ڕێی ناو ئاوەکە، بێ ئەوەی لادەم، تا لە جەنگەڵەکە چوومە دەرێ و گەیشتمە بیابانێ، بیابانەکە سەوز و با سەفابوو، زیاتر لە پەنجا مانگا لەوێدا دەلەوەڕین...

کاکی ئازیزی من... مەعلومی جەنابتە لە نێوان ئێمەی کەر و مانگادا ئەگەرچی (خەلقەن و خولقەن)[٧] جیاوازییێکی تەواومان لە نێواندا هەیە، بەڵام لە هەندێ سیفاتی چاکدا، هەردوو گروپ لەگەڵ یەکدیدا، لە یەك دەچین، خەمی یەك دەخۆین و هاوکاری یەکدی دەکەین، لە لەوەڕگایێکدا چەند کەر و مانگایێك بلەوەڕن ئازار و زیان بەیەك ناگەیێنن...

جەنابتان ئینسافتان هەبێ، ئایە مومکینە لەسەر کورسییەکدا دوو وەزیر دانیشن؟ یا لە یەك مەملەکەتدا دوو میر حوکمی بکەن، ئێوە شەریفترین

٧- خُلقاً و خَلقاً: وەك خەلقەندە و ڕەوشت.

خەڵقەندەن، لووت بەرز و لەخۆبایین، هەمیشە بۆ کاروباری دنیا، لەبەر خۆپەرستیتان تاك خوازن... ئەو گاوانەی مانگاکانی دەلەوەڕان چ بەدکاریێکی لە من نەبینی، منیش میوانداری ئەوانم بەسەرکەوتنێکی گەورە زانی، پاشان لە ژێر تیشکی هەتاودا نزیکەی یەك سەعات ڕاکشام، ئیشتهای کەرێك چەندە، ئەوەندەم لەو چیمەنە سەوزە خوارد.

ئێمەی جەماعەتی کەران لە ئێوە باشترین، یەکێ لەو باشیيانەمان ئەمەیە: هەرکە بەئیشتهای خۆمان خۆراکمان خوارد و تێربووین، شوکری یەزدان دەکەین کە ڕزقی داوین، بیر لە پاشەکەوت کردنی زەخیرە ناکەین بەڵام ئێوە، هەرکاتێ لە نیعمەتەکانی خواوەندتان بەرکەوێ، لە بری ئەوەی لەززەتی لێ وەرگرن و شوکرانە بژێربن، بیر لە زەخیرە پاشەکەوت کردن دەکەنەوە، هەستەکانتان پەرت و پەرێشان دەبێ و نازانن چیتان خواردووە...

بووە ئێوارە، دوو لادێیی لە دوورەوە دەرکەوتن، بەتەنیشتی مندا تێپەڕین، لەگەڵ یەکدیدا قسانیان دەکرد، گەورەکەیان بە بچووکەکەی گوت:

– «قارداش دیللر بو جنگل دە تازەدە قورت کلوبدور»[٨]

ئەوی دی وەڵامی دایەوە:

–« قورت، کم سنە دیدی موسی اباد الار دیردلر بیزم بیراشکمیزی قورت بیو بدی باە نەدیورسن موسی ئاباد للری تانی مرسن اوزلری بو بیچارە حیوانی اولدرو بلر قورت بویننە قویو پلر یاخشی سی بودی سیقر لریمزی طویلە اپارماق و کیجە لولالردە قویماماق هەر نەبلورسن ایلە»[٩]

٨– برا دەڵێن لەم ماوەیەدا گورگیان لە نێو ئەم جەنگەڵەدا بینیوە.

٩– گورگ، کێ بەتۆی گوت، خەڵکانی موسا ئاباد دەڵێن، سەیرکە بزانە تۆ چ دەڵێ موسا ئابادییەکان، ناناسی، خۆیان ئەم حەیوانە بەستەزمانەیان کوشتووە خستوویانەتە ملی گورگەوە... ڕاستییەکەی ئەوەیە و وڵاخەکانمان ببەینەوە بۆ گەویلە، شەوان لە دەرێدا نەبن... ئەوەی دەفەرمووی بیکە.

ئـازیـزی مـن، مـن ئـەم قسانـەم ژنـەوت، لـە جـێیـەکـەی خـۆم نـەبـزوام، ڕووەکەکانی ئەو چەمەنزارە هەند بەهێز و درێژبوون، لادێییەکان منیان نەبینی...

لادێییەکان بەئاوازی تایبەت (گاگەلیان) کۆکردەوە و بەرەو گوندیان بردن. من لەو گورگەی کە پێشتر باس کرا ترسم نەبوو، نەك لەبەرئەوەی ئـێمـەی کـەران، لـە ئـێوەی شێرە پـیـاوان ئـازا و بـەجـەرگـتـریـن ئـێمـەیش دەترسین، ئەو کەسەی نەترساوە و ناترسێ بێ عەقڵە!

ئەو کەرە کوژراوەی خەڵکانی (موسائاباد) دەڵێن گورگ کوشتوویەتی، بـەندەی جـەنـابـتـانم، خـۆم بـەساغ و سەلیمـی دەبـینـم، دڵـنـیـابووم لەوەی گورگ لەو گۆڕەدا نییە، شەوم بەئەوپەڕی ئارامی و ئاسایشەوە گوزەراند و خـەوتم... بـەرەبـەیـان هـەستـام، بـەقـەولـی خـۆتـان خـەریکـی نـاشتـا بـووم، (گاگەلەکەم) بینی لە دوورەوە هێدی هێدی بەرەو چەمەنزارەکە دەهاتن... بەڵام لە بەدبەختی من، دوو سەگی گەورەیان لەگەڵدابوو، لە دوورەوە بۆنی منیان کردبوو، دەستیان بەوەڕین کرد و هێرشیان بۆ هێنام!

بۆ جەنابتان، کە گەورە و ئازیزی منن، دەمەوێ مەسئەلەی بۆنتان بۆ ڕوون کەمەوە:

بۆنەکە بۆنی گەنیوی نییە، کە لووتتان ئازار بدات، بۆنی عەتریش نییە کەیفخۆشتان بکات، چونکە ئێمەی جەماعەتی کەران لە ئێوەی ئینسان کە شەریفترین مەخلوقاتن، پاك و تەمیزتر و بۆنمان خۆشترە، ئێوە دە کەستان لە شوێنێکی چکۆڵە، شەوێك تا بەیانی بمێننەوە لەبەر بەدبۆنی ئەو بایەی لە سکتانەوە دێتەدەرێ ئەو ناوە بۆگەن دەکەن، گەر کەسێکی دی بێتە ئەو شوێنە، نەفرەتتان لێ دەکات، هەر ئەمەیە واتان لێ دەکات کە پەنا ببەنە بەر فرتوفێڵ، جەستەی خۆتان دەشۆن و جۆرەها بۆنی خۆش بەکاردەهێنن، تا لە کاتی هەڵسوکەوتتان بێز لە یەکدی نەکەنەوە، ئێوە ڕێك پێچەوانەی ئێمەن، ئێمە ئەگەر لە گەوڕێکی چکۆڵەدا دە لە هاوڕەگەزەکانمان شەو تا

بەیانی، یا چەند ڕۆژێ لەسەر یەك بمانبەستنەوە، بێز لە یەکدی ناکەینەوە، ئێوەیش کە دێنە ژوورەوە، ڕووی خۆتان گژر ناکەن و لووتتان ناگرن، تەرسەکانیشمان لە ژێر پێی خۆماندایە، هەرچەندە ئێوە شەریفترین مەخلوقن لە هەمان ئەو تەرسەی ئێمە سوود وەردەگرن.

بەکورتی سەگەکان بۆنی منیان کرد و هێرشیان بۆ هێنام، من لەو چەمەنزارەوە بۆ جەنگەڵێکی نزیك غارم دا، تا گەیشتمە چەمەنزارێکی دی، ئەگەرچی ئێمە وەکو ئێوە کەرەسەی دەستنیشانکردنی سەعات و دەقیقەمان دروست نەکردووە و نیمانە، خوای تەبارەکوتەعالا هەست و شعوری پێ بەخشیوین کە سەعاتەکانی ڕۆژ بەبێ کەرەسە بخەملێنین... کە گەیشتمە ئەم جەنگەڵە مەعلوم بوو کە چەند فەرسەخێ لەو چەمەنزاری یەکەمەوە، دوور کەوتوومەتەوە، پاش (موسائاباد) کە جێی ڕەنج و ماندووبوونی من بوو دە فەرسەخ دوورترم.

چ کەسێ من ناناسێ، ترسی ئەوەم نییە بمگرن، بە زۆرەملێ بمبەنەوە بۆ خاوەنە زاڵمەکەم، لێرە بەدواوە خۆشاردنەوە چ مانایێکی نییە، پێویستیش دەکات خۆم ئاشکراکەم و لە هیچ کەسێکیش نەترسم.

# فەسڵی سێیەم

بەئەوپەڕی ئاسوودەیییەوە، یەك مانگی تەواو لە نێو ئەو جەنگەڵ و چەمەنزارەدا ژیانم گوزەراند، لەو ماوەیەدا، هەندێ جار، بەهۆی تەنهاییییەوە دڵم تەنگ دەبوو، بیرم لە خاوەنە کۆنەکەم و ئاشناکانم دەکردەوە، بەڵام پێم خۆشتر بوو کە بەتەنها دەژیم، لە نێو جەماعەتێکدا نیم بە بەدبەختی ژیان بگوزەرێنم، فەیلەسووفانە بیرم دەکردەوە ورد دەبوومەوە، تا گۆشەگیریم هەڵبژارد، وا هاتە بەرچاوم، گەر کەسێ، تەنها و خۆشبەخت بێ، باشترە لەو کەسەی لە ناو قەوم و قەبیلەی خۆی، یا لە وەتەن، یا لە نێو هەر کۆمەڵگایێکدا بێ و بە بەدبەختی ژیان بگوزەرێنێ.

مەسئەلەی تاك و کۆمەڵ لە مەسئەلە گرنگ و وردەکانە، درەنگیش بۆ عالەم ئاشکرا دەبێ، من لە توێی ئەم یاداشتەی ژیانی خۆمدا، بڕیارم داوە بۆ ئێوەی ئازیز، بەپێی عەقڵی کەرانەی خۆم هەندێ شت ڕوونکەمەوە و لەمەش حاڵی بن، ئایا ئێوەی بەشەر، لە سەرەتادا، وەك تاك دەژیان یان وەك کۆمەڵ، هەندێ لە زانایانی دەستنیشانکردنی ئەنواعی بەنی ئادەم و خووخدەیان چوونە بیابانەکان. ئەم زانستەیش بەناوی زانستی (ترمروپۆلوژیست) ناو دەبەن. لە سەرەتای خەلیقەتدا بەلاڕۆیشتنی ئینسان لە قەڵەمی دەدەن، بەتەنها و کێوییانە، ژیانی بەسەر دەبرد، لەگەڵ هاورەگەزی خۆیدا بێزار بوو لە هەڵسوکەوتی، بەتەوری بەردین و تیر کە، پەیکانەکەی لە بەردی چەخماق بوو، شکاریان دەکرد و ژیانیان دەگوزەراند، بەڵام بڕوای ئێمە پێچەوانەی ئەمەیە، ئەگەر زانست و

پیشەسازی، لەلای ئینسانی ئەوەڵی نەبووە، بەڵام مەیلی ئەوەی هەبووە بەکۆمەڵ لەگەڵ یەکدیدا بژێن، تاکگەرایی و گۆشەگیر نەبووە، لەگەڵ قەبیلە و عەشیرەتدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، ئەمەش سیفەتێکی حەیوانییە بەتایبەتی بۆ ئەو حەیوانە ناتیقەی وەکو ئێوە، حەیوانی بێ دەنگیش هاورەگەزەکانی ئێمەن، ئینسان لە ئەوپەڕی غرووری خۆیدا، خۆی بەشەریفترین مەخلوقات دەزانێ. ناشتوانن ئینکاری ئەم مەسئەلەیە بکەن کە خۆیان بەرەگەزی حەیوان نەزانن، بێ توانا و لاوازترن لە حەیوانەکانی دی.

حەیوانەکان مەیلی ئەوەیان هەیە بەکۆمەڵ ژیان بگوزەرێنن، ئینسانی ئەوەڵیش بەناچاری ژیانی نێو کۆمەڵی هەڵبژارد، ئیدی جیاوازی نێوان ئێوەی حەیوانی ناتیق لەگەڵ ئێمەی حەیوانی سامیت لەمەدایە کە ئێمە بەجەماعەت دەژیین و دەبینە خەمخۆری یەکدی، ئێوەیش لەبەر غروور و خۆپەسەندی خۆتان، کاتێ کە هەست بەسوود و مەنفەعەتێ بکەن، ڕیعایەتی خەمخۆری و یەکسانی ناکەن و لە بازنەی ئەو سوودە و مەنفەعەدا هەوڵی زاڵمانە دەدەن، هاوڕەگەز و هاوسێکانتان بێ بەش بکەن...

لەم خەیاڵانەدا بووم، بەخۆشبەختییەوە دەلەوەڕێم و تێر دەبووم، لەپڕ وەئاگاهاتمەوە و سەیرم کرد، لەوەڕ لەو چەمەنزارەدا ڕوو لە کەمبوونە، ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو زستان نزیك ببووەوە، گەڵای دارەکانی جەنگەڵەکە دەوەرین، ئاوەکان تا پاش خۆرهەڵاتن مەییبوون، ئەو زەمینەی کە دەبا شەو لەسەریدا بنووم شێدار بوو... ئای چ ژیانێکی سەختم لە پێشدایە!

ئەگەر ماوەیێکی دی بەم حاڵە بمێنمەوە، ئەوا برسیەتی و تینوویەتی و سەرما لە نێوم دەبەن، بۆ کوێ بڕۆم؟ چی بکەم؟ چ کەسێ هەیە ئاگای لە منی بێ نەوا و غەریب بێت؟

پاش سەرسووڕمان و چەند ڕۆژێ بیرکردنەوە، چارەیێکم دۆزییەوە، ئەویش ئەوەبوو لە جەنگەڵەکە بچمە دەرێ، گوندێکی چکۆڵ لەو دەوروبەرە بوو، نەچوومە گوندەکە، ماڵێکی چکۆڵەی دەرێی گوندم پەیدا کرد، لە دەرێی ماڵەکەدا پیرێژنێ لەسەر زەوی دانیشتبوو، خۆی دابووە بەر هەتاو و تەشیی دەڕست، بەئاسپایی لە پشتی سەریەوە، بەبێ ئەوەی ئاگای لە من بێت سەری خۆمم خستە سەرشانی، پیرێژنەکە، ترسا، بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم، من گوێیەکانم شۆڕ کردبوونەوە، سەرنجیشم لە زەوی گیرکردبوو، لە جێی خۆم نەدەجووڵامەوە، کە پیرێژنەکە هاتەوە سەرخۆی، نزیکی من بووەوە، دەستێکی بە سەرو گەردنما هێنا و گوتی:

– ئەی حەیوانی بەستەزمانی بێ چارە، دەڵێی ئەوەندە تاڵ و تفتی بینیوە، شەڕەنگێزی فەرامۆش کردووە، خامۆشە و چەموش نییە چ دەبوو گەر بێ خاوەن با لە بری کەرەکەی خۆمان، کە لەپڕ مردوو بارێ غەمی خستە سەر دڵمان، ئەم چوار پێیە، لە نێو چوار دیواری ماڵی خۆماندا وەك گیانی شیرینی خۆمان بیپارێزین، وەك منالّی ئازیزی خۆمان خزمەتی بکەین، ئەویش بارەکانمان بۆ ماڵ و کەلوپەلەکانمان بۆ بازاڕ ببات، ئەفسوس لەم هەرێمەدا کەری ئاسایی و خاوەندار زۆرن، کەری بێ خاوەنیش هەر نییە!

من لە گفتوگۆی ئەم پیرێژنەدا، زیاتر ئارامیم بەخۆم دەدا و چاپلوسیم دەکرد، بەسەرنجی ژێر چاو و جووڵەی ژێر لێو دلْروباییم دەکرد.

لەم کاتەدا دەنگی منالێ لە نێو ماڵەکەوە بەرزبووەوە:

– داپیرە گیان، ئەوە لەگەڵ کێدا قسان دەکەی؟

داپیرە وەڵامی دایەوە:

– نەنە گیان من لەگەڵ کەرێکدا قسان دەکەم، سەری خستووەتە سەرشانم بەئەوپەڕی میهرەبانییەوە سەیرم دەکات، من دڵڕەق نیم، بیرەنجێنم و دەریکەم.

منداڵەکە لە ماڵێ هاتە دەر، وردە وردە بۆ لای من دەهات، منداڵەکە حەوت ساڵان بوو، ئەگەرچی پۆشاکەکەی کۆن بوو، بەڵام پاك و شۆراو بوو، بە نەنکی گوت:

– ئایا مومکینە منیش دەست بەسەر و کەلەیدا بهێنم.

– بەڵێ، بەڵام ئاگادار بە گازت لێ نەگرێت و لووشکەت لێ نەدات.

منداڵەکە هێدی هێدی نزیکی من بووەوە، دەستی بەگەردەن و گوێیەکانما هێنا، من لە جێی خۆمدا نەبزوام، نەوەك بترسێ و دوورکەوێتەوە، تەنها زمانم لە دەم دەرهێنا، دەستی منداڵەکەم دەلێستەوە، منداڵەکە ناوی (تاری ویردی) بوو، عاشقی من بوو، لەسەریەك بەداپیرەی دەگوت:

– داپیرە گیان، ئەم حەچەیە هی منە!

– جارێ برۆ بۆ ناو دێ، بۆ کاروانسەراکەی، کە گوندنشینانی دەوروبەر بەو ناوەدا تێدەپەڕن و دەوەستن، پرسیار بکە بزانە، موسافیرەکانی دوێنێ شەو و ئەمڕۆ بەم ناوە تێپەڕیون، کەریان گوم نەکردووە، منداڵەکە بەرەو دێ کەوتە ڕێ، منیش دووی کەوتم، لەهەر شوێنێکدا دەوەستا منیش دەوەستام، بەهەر جۆرێ دەجوڵایەوە منیش ئاوها دەجووڵامەوە،

(تاری ویردی)م وا لێ کرد شەیدای ڕەفتارم بێت تا گەیشتینە بەردەرگای کاروانسەرا...

خاوەنی کاروانسەراکە لە (تاری ویردی) پرسی:

چیت دەوێ؟

تاری ویردی، گوتی:

ئەم کەرەی لەگەڵ مندایە، دەمەوێ بزانم هی کێیە؟

خاوەنی کاراونسەراکە وەڵامی دایەوە...

– ئێمە کەری زۆر دەبینین، هەر ڕۆژ و هەر سەعات و دەقیقەیێك،

دەیانبینم، بەڵام ئەم کەرەی بەتۆیە، نە هی منە و نە بینیومە.

(تاری ویردی) ئەم وەڵامە خۆشحاڵی کرد، بەدڵنیایەوە سواری من بوو، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، بەپەلە و بەچوار ناڵە (تاری ویردی)م گەیاندەوە ماڵێ، کە داپیرەکەی بینی، لە دوورەوە هاواری کرد:

– ئەم حەیوانە هی هیچ کەسێ نییە، بەدڵنیایەوە لە ئاسمانەوە بۆ ئێمە هاتووەتە سەر زەوی.

پیرێژن، قسەی مناڵەکەی پێ خۆش بوو، جۆشێکی وەبەر هاتەوە، ئەو شەوە لە گەوڕدا جێیان بۆ دابین کردم، کا و وێنجەی زیاد کە لە بێچووە ئاسکەکەوە، بەمیراتی بۆ من مابووەوە، بەر من کەوت، شەو لە جێی گەرم و نەرمدا بەکەماڵی ئیسراحەت ڕۆژم کردەوە، منیان لە گەوڕ هێنایە دەر، ئاویان دامێ، هەوسارێکیان لەسەر گەردنم بەست، کورتانێکیان خستە سەرپشتم، بۆ بارکێشان منیان بەپۆشاکی ڕەسمی کەران پۆشتە کرد، دوو سەبەتە سەوزە کە ئەوەندەش قورس نەبوون، خستیانە سەرپشتم، مناڵەکەیش سوارم بوو، بەرەو گوندی (قەسسان) کە لە ناوەندی هەرێمەکە بوو کەوتینە ڕێ، شەممە بازاڕی هەموو هەفتەیێك لەوێدا بەرپا دەبوو، مامیشی لەو گوندەدا دوکاندار بوو و لەو گوندەدا دادەنیشت، سەوزەکانیان بە قیمەتێکی باش فرۆشت، پارەکەیان دایە دەستی (تاری ویردی) بۆ ئێوارە بەسەلامەتی و دەستکەوتەوە گەڕاینەوە، من بۆ ئەم خاوەنە تازانەم کە بەڕەحم و میهرەبان بوون، گەلێ خۆشحاڵ بووم، داپیرە و نەوەکەشی کە من بۆ ئەوان نیعمەتێکی چاوەڕوان نەکراو بووم گەلێ خۆشحاڵ بوون.

کاکی بەڕێز و ئازیز، چوار ساڵی تەواو لەو ماڵەدا، ژیانم گوزەراند، کاری خۆمم بەچاکی ڕادەپەڕاند، ئەزیەتی کەسم نەدەدا، کەسیشم بێزار نەدەکرد، تاری ویردی و داپیرەشم خۆشدەویست، نە ماندوویان دەکردم و نە بەکوتەك لێیان دەدام، بەپێی پێویستیش ئالفیان دەدامێ.

ئـێمـەی جـەمـاعـەتـی کـەران وەکو تـایفـەی ئـینسان، حـەز بـەئـەنواعـی خواردن ناکەین، لە هاویندا توێکڵە شووتی و کاڵەك و پاشماوەی ئەو ئالفە تازەیەی بەئەسپ و مانگاکان دەدرا، بۆ ئێمە بەس بوو لە زستانیشا، کا و وێنجەی وشك و جارجارەش جۆ، ئەوپەڕی ئارەزووی ئێمە بوو... لەم چوار ساڵەدا تەنها شتێ بێزاری دەکردم و ئەزیەتی دەدام، ئەوەبوو کە لە ڕۆژانی هاوین و بەهاردا، ئێمەیان بەکرێ دەدا، ئەو کەسانەی کە سواری ئێمە دەبوون، لەبەرئەوەی موڵکی ئەوان نەبووین و بۆ ڕۆژێ بەکرێی گرتووین، ئەو ڕۆژە لە ڕادە بەدەر ئەزیەتیان دەداین و ماندوویان دەکردین، بۆ نموونە ڕووداوێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە لەو ڕۆژانەدا ڕووی دا.

# فەسڵی چوارەم

کـەسێك بـەنـاوی (طـغـان بـەگ) دانـیشتـووی گـونـدی (قـەسسان) بـوو کابراییێکی دەوڵەمەند و خاوەن باغ و کێڵگە بوو... لە دووری فەرسەخێکی ئەو گوندە زیارەتگاییێکی لێ بوو، شەوانی جومعە ژن و پیاو بۆ ئەوێ دەچوون. ڕۆژی پێنج شەممە نۆکەرەکەی (طغان بەگ) هەندێ پارەی هێنا، دایە دەستی داپیرەی (تاری ویردی) بۆ یەك ڕۆژ منی بەکرێ گرت، سواری من بـوو هـاتین بـۆ مـاڵـەکـەی (طـغـان بـەگ) لـە بـاغـچـەکـەی بـەردەمـی خـانـووەکـەیدا شەش هـاوڕەگـەزی خۆمـم بینـی، بـەڕیزە ڕایـانگرتبـوون سەرنجێکیانم دا، لەگەڵ خۆمدا بەراوردم کردن، لە ڕووی قەڵەوی و هێز، تەنانەت لە جوانیدا، لەو شەشە ڕێك و پێکتر بووم، خۆپەسەندی و غرووروم لا دروست بوو، ئاوازە خۆشەکەی خۆمم بەرزکردەوە، چەند جارێ زەڕیم، هـاوڕەگەزەکانم، بە لاساییکردنەوە، ئەوانیش ئاوازی خۆیان بەرزکردەوە، خەریك بوو لە نێو ئەم هەراوهوریایەدا، خانووەکەی (طغان بەگ) داتەپێ لەم کاتەدا سێ منالی چکۆلە، منالی خاوەن ماڵەکە بوون، نزیکی ئێمە بـوونـەوە، هـەریـەکە چـەند تـوێکڵـە شووتـی و کـاڵـەکیـان بـەدەستـەوە بـوو، دابەشیان کردە سەر ئێمە، خەریکی خۆراك خواردن بووین، گوێم لێ بوو منالە گەورەکەیان دەیگوت: ئەم کەرەیان من سواری دەبم، ئیشارەتی بۆ من دەکرد ئەو دوو منالەی دی وەلامیان دایەوە: کە تۆ لە ئێمە گەورەتری و دەتەوێ تەعەدامان لێ بکەی، چاکتر وایە بۆ دادوەری بچین بۆ لای

باوکمان، تا ئەو دەستنیشانی کەرەکانمان بۆ بکات، هەر سێ منداڵەکە گەڕانەوە بۆ ماڵێ.

زۆری پێ نەچوو، (طغان بەگ) و ژنەکەی و کوڕە گەورەکەی و بووکەکەی و سێ منداڵەکەی پێشوویش، نزیکی ئێمە بوونەوە، بەگاڵتە و بەجدی بۆ دابەشکردنی ئێمە، گوتیان و ژنەوتیان، ویستی منداڵانە هاتە پێش، میهرەبانی دایك و باوك بەرانبەر منداڵانی چکۆڵەی خۆیان کارەکەی ئاڵۆزتر کرد، کوڕە گەورەکەی (طغان بەگ) گوتی: دەو[10] بکەین دایکیشی بە پەشۆکاوییەوە گوتی:

– ئەی ئەحمەق، چۆن دەبێ ئەم حەوت حەیوانە بخەینە کیسەوە! یەکە یەکە دەریانهێنین؟ دەو کردن یانی چی؟ بۆچی ڕوو لە کاری نەکردەنی دەکەن؟

(طغان بەگ) بەتووڕەبوونی ژنەکەی پێکەنی و گوتی:

– کوڕەکەم ڕاست دەکات، دەتوانین دەو بکەین، بێ ئەوەی کەرەکان بخەینە نێو کیسەوە و یەکە یەکە دەریانهێنین، بە خەڵووز هەر کەرێ بەنیشانەی جیاواز دیاری دەکەین، پاشان نیشانەکان لەسەر کاغەز دەنووسین و کاغەزەکان دەخەینە نێو کیسەوە، هەریەك لە ئێمە، دەستی بخاتە نێو کیسەکەوە، نیشانەی هەر کەرێکی هێنایە دەر، ئەوا ئەو کەرە دەبێتە هی ئەو.

بەم تەگبیرەی (طغان بەگ) قایل بوون و منداڵان بەخەڵووز نەخش و نیگاریان لەسەر شان بۆ دروست کردین... سەرەتا لە منەوە دەستیان پێ کرد، هەرکە نەخشی یەکەمیان لەسەر شانی مندا دروست کرد، من بەسووکە جووڵەیێك نیشانەکەم سڕییەوە ئەو کەرەی پاش من بوو، تەکانی دایە بەرخۆیی و لاسایی منی کردەوە، ئەویش نیشانەکەی خۆی سڕییەوە،

---

١٠– دەو: قورعە: واتە قورعە بکەین.

کەرانی دیش وەکو ئێمەیان کرد، کوڕەکەی (طغان بەگ) کە سەرنجی دا ئێمە نیشانەکانمان سڕیوەتەوە، پشتوێنەکەی پشتی کردەوە، لە پێشدا هێرشی هێنایە سەر من، چەند جارێ پیای کێشام و هاوڕێکانیشم بێ بەش نەبوون، دووبارە نیشانەکانیان کێشایەوە، ئێمە لە ترسی کوتەك و لێدان بێ دەنگ بووین، تا دەوەکەیان تەواو کرد، هەریەك لە ئێمە بەر یەکێ لەوان کەوتین بەڕێکەوت کوڕەکەی (طغان بەگ) بەر من کەوت، منیش کینەم لە دڵدا بوو، لە مەلاسدا بووم تۆڵەی ئەو لێدانە بکەمەوە، خۆشبەختانە گەیشتمە ئارەزووی خۆم...

کەسانی خانەوادەکە، سواری ئێمە بوون، بەرەو زیارەتگا کەوتینە ڕێ، تا لە دەرگای باغەکەوە چووینە دەرێ، وەك ڕەسم و عادەت کوڕەکەی (طغان بەگ) نەقیزەی تێوە دەژەنیم، هەردوو پێی لە دوو لای منەوە شۆڕ کردبوونەوە خوارێ و دەیانکێشایە پەراسووەکانمەوە منیش قسوورم نەکرد، بێ دەربەستانە کەوتمە غاردان، لەسەر ڕێیەکەماندا ڕووبارێکی قووڵ و ئاوێکی زۆری لێ بوو، پردێکی دارینیان لەسەر ڕووبارەکە دروست کردبوو، ڕۆژگاریش پردەکەی شەق و شڕ کردبوو، من بەپێچەوانەی سوارەکەی خۆمەوە هەر لە دوورەوە زانیم پردەکە بێ سەروبەرە و ڕزیوە، دەبا وریا بم و بەئەسپایی بەسەریا تێپەڕم، بەڵام تێهەڵدانەکانی ئەو بێ مروەتە و بێ ئینسافە خۆڕسکە، بڕیارەکەمی لە ناخمدا قووڵتر کرد، تووڕەبوونەکەم سەری کرد و گوتم:

– خودایە بیخنکێنە و منیش بۆ جەهەنەم.

بەهەمان توندی و چالاکییەوە، گەیشتینە پردەکە، بەتەکانێ لایێك لە پردەکە ڕووخا (راکب و مەرکوب)[١١] کەوتینە نێو ئاوەکە، دەست لە گەردان نوقم بووین.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، لە خزمەتی کاکی ئازیزی خۆمدا، نەك بۆ تانە

١١– راکب: سوار: مرکوب: ئەوەی سواری دەبن.

و تەشەر بەڵکو بۆ زیاتر زانین و ئاگاداری، ئەوا عەرزتان دەکەم، ئێوە لەم مەسئەلەیەدا چی دەفەرموون، ئێمەتان بەبێ کەڵك و بێ سەروبەر و بێ عەقڵ لە قەڵەمداوە، ئێمەتان کردووەتە پەند کە گوایە هەر هیچ نازانین... ئێمە بەبێ دەرس و مەشق مەلە دەزانین دەتوانین خۆمان لە ئاو دەربینین![12]

تایفەی ئێوە – لە ئێمە باشترن، ئێوە شەریفترین مەخلوقاتن ئێوە خاوەنی سمێڵ و خۆپەسەندن، زۆریش لەخۆبایین، ئەگەر بکەونە نێو ئاوەوە، پێشتر فێری مەلەکردن نەبووبن، وەك کەری نێو قوڕاوتان لێ دێ و دەستە پاچە دەبن، لەمەشدا هونەری سروشتی ئێمە، لە ئێوە پێشکەوتووترین.

بەکورتی کوڕەکەی (طغان بەگ) نەیتوانی خۆی بەمنەوە بگرێ و من بەمەلەکردن هاتمە دەرێ، ئەویش زیاتر بەرەو نوقوم بوون دەچوو دایك و باوك، لە کەرەکانی خۆیان دابەزین، بەزەحمەت توانییان کوڕەکەیان لە خنکاندن ڕزگار بکەن، هەموویان بەوریاییەوە بەسەر پردە نیمچە ڕووخاوەکەدا پەڕینەوە من لە کەناری ڕووبارەکەدا دەست و پێم لە زەوی گیر کرد، خۆم ڕاتەکان، چەند سانیەیێك دڵۆپە ئاو بەدەوروبەرما پەرش و بڵاو دەبوونەوە، دەستم بەزەڕین کرد، ئەم زەڕینەم بۆ تەمێ کردنی ئەو جوامێرە بوو، کە ئەو هەموو سووکایەتی و دەستدرێژییەی کردبووە سەرم، ئیدی ئەو کەسە لەخۆباییە جورئەتی ئەوەی نەکرد سواری من بێ، بەندەیان سپاردە برا بچووکەکەی، کە تەمەنی دوانزە ساڵان دەبوو، مناڵێکی خۆش خوو و خۆش ڕوو بوو... کاروان بەئاسپایی کەوتە ڕێ ئەوەی لە ڕێگادا دەیانگوت ئەمە بوو:

زەعیفە بە(طغان بەگ)ی دەگوت:

– من هەر کاتێ دێمە ئەم زیارەتگایە، لەبەرئەوەی گۆڕستانە و

١٢– لێرەدا نووسەری بابەتەکە بەهەڵەدا چووە، پێی وایە، کەر مەلەوانی دەزانێ، لە ڕاستیدا کەر مەلەوانی نازانێ، هێستر و ئەسپ مەلەوانی دەزانن(م).

مردووانی لە ژێر خاکدایە حاڵم تێکدەچێ.

(طغان بەگ) وڵامی دایەوە:

– ترسی تۆ لە چییە؟ ئایە لەو مردووانە دەترسی کە لێرەدا بەخاك سپێردراون؟

گوتی:

– من لە مردووەکان ناترسم، بەڵکو ئەوەم دێتەوە بیر، کە ڕۆژێ لێرەدا منیش بەخاك دەسپێرن، تۆیش یەکسەر (بی بی) کچە هاوسێکەمان دەخوازی.

(طغان بەگ) قەشمەری بەژنەکەی دەکرد، تا گەیشتە زیارەتگاکە بەتەوسەوە گاڵتەی لەگەڵدا دەکرد. لە دەرگای حەوشەوە چووینە ژووری، سەرەتا گۆڕستان بوو، ماوەیێك ڕۆیشتین تا گەیشتینە شوێنی مەزارەکە بەسواری چووبووینە نێو گۆڕستانەکەوە، سوارەکەی من لەپڕ هاواری لێ هەستاو گوتی:

– ئەم منداڵە بەستەزمانە، خۆی داوەتە سەر ئەم گۆڕە، لێرەدا چ دەکات؟)

لەسەر پشتم هاتە خوارێ، ڕووەو منداڵەکە ڕۆیشت. منداڵەکە سێ ساڵان بوو، خۆی دابووە سەر گۆڕێکی تازە و دەگریا، لە منداڵەکەیان پرسی بۆچی لێرەدای؟ وەڵامی دایەوە:

– دوێنێ داپیرەم مرد، هێنایان بۆ ئێرە، منیش لەگەڵیا هاتم، بەڵام لەبەرئەوەی زیندوو بووم منیان لەگەڵیدا نەخستە گۆڕەوە، من نە ماڵ و نە کەسم هەیە، تەنها کەسێ ئاگادارم دەبوو، ئەم داپیرەیەم بوو، منیان لە تەنیشت گۆڕەکەیدا جێ هێشت و ڕۆیشتن، لە دوێنێوە تا ئێستا برسی و تینووم[١٣].

---

١٣– ئەمەیش هەڵەیەکە، چونکە منداڵی سێ ساڵان، قسەی هەند ڕەوان نییە، منداڵانی سێ ساڵان بەئاستەم دەتوانێ چەند کەلیمەیێك بدرکێنێ نەك بەم ڕەوانییە قسان بکات(م).

(طغان بەگ)و ژنەکەی و کوڕە گەورەکەی و منداڵەکانی دیش، لە دەوری ئەم منداڵەدا کۆبوونەوە، غەمیان بۆ دەخوارد، ئەو خۆراکانەیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو هەندێکیان دایە منداڵەکە، هەرکە منداڵەکە هاتەوە سەرخۆی لێیان پرسی:

– چۆن بێ دایك و باوك بوویت؟ چۆن بەهەتیوی ماویتەوە؟

منداڵە سێ ساڵەکە، هێشتا زمانی پاك نەکردبووەوە، هەرچۆنێ بێ و تا ئەوەندەی دەیتوانی، ڕوونی کردەوە کە دایك و باوکی ماوەیێك پێش ئێستا مردوون، ئەم بەستەزمانە کەوتە ئەستۆی داپیرەیەوە. داپیرەیش بەشیری مەڕ و بزن، بەزەحمەت و بەهەژاری و بێنەوایی تا دوا هەناسە ئاگاداری بووە...

بیسەرانی ئەم منداڵە، دڵیان پێ سووتا و بەزەییان پیا هاتەوە، (طغان بەگ) پەروەردەی منداڵەکەی لە ئەستۆی خۆی گرت، پاش زیارەتی ئەو شوێنە شەریفە، منداڵە چکۆڵەکەی (طغان بەگ) سواری من بوو جێشی بۆ منداڵەکە کردەوە بۆ ماڵێیان هێنا... من بۆ ئەم جوامێری و دڵ ناسکییەی (طغان بەگ) گەلێ کەیفخۆش بووم بەپێچەوانەی بۆچوونەکانم، لەمەڕ ئینسان تا ئەوکاتە لە زەینمدا بوو، بەکورتی لە مانای ئینسانیەت حاڵی بووم، ئەگەرچی هەمان بۆچوونی جارانم هەیە، ئەم میهرەبانییەی (طغان بەگ)م بە (خەوارق ئەلعادات و نەوادری ئیتفاق زانی، ئەلنادر کەلمەعدوم)[١٤] چونکە ئێوەی بەنی بەشەر سیفاتی تایبەتیتان هەیە، لە سیفاتی حەیوانەکانی دی خراپتر و چاوچنۆکتر و نالایقترن.

---

١٤– خوارق العادات: عادەت سمین، کاری دەگمەن، کارێ لە ژوور سروشتی ئینسان بێ ڕەچاو نەکردنی عادەت...

النادر کالمعدوم: شتی دانسقە وەك نەبوو وایە: مەبەست ئەوەیە ئەو شتەی بە کەمی دەسکەوێ وەکو ئەوە وایە کە هەر نەبووبێ.

ئەوەڵەن، دنیا و مەقامی ئێوە بەخۆڕسکی ناسازگارە، ئەوەی هەیانە دار ئەلبوارە[١٥] و جێی پەشێوی و بێ چارەییە، سامان و موڵکتان و هەموو ئەو نیعمەتانەی خواوەند بەئێوەی داوە، چێژی لێ وەرناگرن و دنیاکەی خۆتان دەکەن بە جەهەنەم، هەمان دنیای ئێوەی بەنی بەشەر وەك نەخۆشخانەیێکی گەورە وایە هەریەك لە ئێوە، مانەندی بیماران بەئەوپەڕی بێ هێزییەوە گرفتاری نەخۆشی جۆراوجۆر بوون، ئەگەر باوەڕناکەن، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی سەفەر بکەن، بەکوچە و کۆڵانەکانی ئەو شارانە تێپەڕن، چوونە هەر ماڵێکەوە، لە هەر کەسێکی ئەو ماڵە بپرسن:

– ئایا بەختەوەری و خۆشگوزەرانی لەم ماڵەدا هەیە؟ ئایا ئاسوودە و خۆشبەختن...

لە هەموویان دەبیستی، کە یەك ڕەئیان هەیە

– ئێمە خاوەنی ئەوە نین، کە تۆ باسی دەکەی.

ثانیەن، هەموو ژیانی ئێوە بەهۆی درۆوە، کە خووتان پێوە گرتووە جۆرێکە لە میزاج، یا ڕاستتر درۆ تێکەڵی میزاجتان بووە، درۆتان کردووەتە مەرج بۆ گەشی ژیانتان... ئێوە لە تەڕ و بڕی سروشتی ژیان دوورکەوتوونەتەوە و لاتان داوە، بەئەنجامی درشت و بۆگەن گەیشتوون. ئەڵبەتە مومکین نییە خۆتان لە سنووری گەنین دەرباز بکەن، لە نێو درۆدا لە دایکبوون، لە نێو درۆدا پەروەردە بوون، لە نێو درۆدا ژیان دەگوزەرێنن، چۆن دەتوانن ئەم عادەتی درۆیە تەرککەن؟

ئەوەی دەیڵێن و ئەوەی دەیکەن، سەراپا درۆیە! ئەوەی دەیکەن و ئەوەی دەیڵێن ڕێك پێچەوانەی خەیاڵ و خواستتانە!

ڕێی دەربازبوون و سەرمایەی ژیانی خۆتان بەفرتوفێڵ و تەزویر

١٥– دار البوار: دۆزەخ.

چـنـیـوە، ئـەگـەر لـە نـێوان ئـێوەدا، کـەسێ بـەڕاسـتـی ڕەفـتـار بـکـات و بـەپێچـەوانـەی تـەبیعـەتـی دووەمـی ببـزوێ، ئـەوا بـەهـەڵـەدا چووە، چونکە بەرانبەر بەڕاستگۆیی جگە لە درۆ هیچ نابینێ. بەدرۆ دەکەونە ڕێ، بەدرۆ دەچنـە نـێو مـەجلـیسانـەوە، بـەدرۆیش عیبـادەت دەکـەن. بـۆ نموونـە، کـە ڕووبـەڕووی ئـاشنـایـێك دەبـیـتـەوە، سەلامـی لـێ دەکـەی، مـەبـەست لـە سەلامـەکـەت چـیـیـە؟ هـەر ئـەوە نـیـیـە کـە تـۆ خـوازیـاری سەلامـەتـی و ئاسوودەیی ئەویت؟ یا ڕاستتر سەلامەتی و ئاسوودەیی ئەوت بوێ! کەسێ دێتە ماڵەکەتەوە، ڕووخۆشی دەنوێنی، سوور دەبی لەسەر ئەوەی زیاتر لە ماڵتدا بمێنێتەوە. کاتێ کە دەڕوات دەست دادەگری و دەڵێیت: (ئەمجارەیان قەبووڵ نییە، چاوەڕێی هاتنی تۆ دەکەمەوە) میوانداری دەکەیت، هەموو پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی بۆ فەراهەم دەکەیت موجامەلەی کەسێ دووان دەکەیت و دیارییان دەدەیتێ، کەسێ ناخۆشی و پرسەی هەبێ بـەسەری دەکـەیـتـەوە، کـەسێکیش خـۆشی هـەبێ بـەپـەلـە پیرۆزبـایـی لـێ دەکەیت... بەڕێککەوت چاوت بەئاشنایێك بکەوێ کە لەمێژە یەکدیتان نەبینیوە، دەچیتە ماڵەکەی... دۆستێ کە لەمێژە ئاگات لێ نەماوە، بۆ سۆراغی دەچیت، هەواڵی دەپرسی، نەخۆشە یا سەلامەتە، چ پێویستێکی بەریعایەتی ئێوە هەیە یا نەء؟ دەچیتە پەرستگا، دەگرییێت، هەموو ئەم شتانەت درۆی فی درۆیە!

ئەو کەسەی سەلامی لێ دەکەی، هەر پاش سڵاوەکە هەواڵی لە نێو چوونیت بدەنێ غەمبار نابیت، ئەگەر سووربی لەسەرئەوەی کەسێ ببینی و دەعوەتی بکەیت و جارێکی تر بۆی دووبارەکەیتەوە، ئەو کەسەی کە فـریـوی قسەکـانـی تـۆی خـواردووە و جـارێکـی دی بـێتـە مـاڵـەکـەت، وەکو ئەوەت لێ دێ کە مار پێوەی دابێ، کاتێ کە خەڵکانێ بۆ ماڵەکەت دەعوەت دەکەیت، چەندین جۆر نیعمەتیان بۆ فەراهەم دەکەیت، بەڵام لە ناخی خۆتەوە بەسووکی و بەچکۆڵەیی سەیریان دەکەیت، دەیان شتی بەدیان

پـێ دەڵـێی... کـاتـێ کـە بـۆ مـیـوانـی و دەعـوەتـێ دەڕۆیت، لـەبری ئـەوەی مـەمـنـوونـی خـاوەن مـاڵـەکە بیت، لـە دڵـەوە نـەفرەتـی لـێ دەکەی و جـنێو بەخاوەن ماڵەکە دەدەیت، دەڵێی خۆزیا ئێستا لە ماڵە وێرانەکەی خۆمدا بەئاسوودەیی دادەنیشتم...

پێدەکەنی کەچی لە دڵەوە دەگرییت، بەهەر کەسێ دەگەیت، بەجۆرێ ڕووبەڕووی دەبیتەوە، کە لەمە زیاترت لێ چاوەڕوان نەکات، بەڵام لە دڵدا دووهـەزار جـنـێوی بـۆ دەنـێری. لـە ڕوودا مـیـهرەبـانـی بـۆ خـانـەخـوێکـەت دەنوێنی، خەجاڵەتی خۆت بۆ موحیبەتی ئەو دەردەبڕی، بەڵام لە دڵدا ئیرەیی پێ دەبەی کە بۆ چ لای تۆدا کەرەسەی ئەم میواندارییە فەراهەم نـیـیـە... سبـەی شـەو خـانـەخـوێی پـێشووت، بـۆ دیـدەنـیت بـێت، دەرگـای ماڵەکەتی لە ڕوودا دادەخەی، لە پاشملەیدا هەزار جنێوی پێ دەدەیت، دەچیتە ماڵی کەسێك کە ئەسڵەن مەیلی ئەوەت نییە دیداری بکەیت، لە جەژندا جەژنانە دەبەخشیت، لە ژێر لێوەوە بەتووڕەیییەوە، لەمەڕ جەمیشد دەدوێت کە ئەم جەژنەی داهێناوە، بەبەدگۆیی لەمەڕ کەسانێ دەدوێیت کە غـائیبن، لـە حزووریشیـانـدا مـاستـاو سارد دەکـەیـتـەوە، چـاپـڵـوسییـان بـۆ دەنوێنی، هـەرکاتێکیش کە یەکدی ببینن لە دڵەوە زیللەت و شکست بۆ یەکدی دەخوازن، ئەم جۆرە ژیانەشتان لەخۆباییبوون و هەوەسڕانییە، مـوعـاشـەرەتـی هـاوڕەگـەزەکـانـی خـۆتـان نـاکـەن، ئـەگـەر مـەبـەستـی سوودێکتان نەبێ، ڕیایی بۆ کەسێ دەکەن بتانپارێزێ، یا لە سوودی ئەو نائومێد بن، بەخەیاڵی ئەوەی لە شەڕی خۆتان بپارێزن دیدەنی دەکەیت، یـا بـۆ مـیـوانـداری و زیـافـەت و دیـاری بـەخشین، دارایـی خـۆت سەرف دەکەیت، ئەمیش هەر بۆ ئەوەیە، بەرانبەر بەیەکێ لە هاوڕەگەزەکانی خۆت بەدگۆیی بکەیت، کار و پلەوپایەکانی ئەو بۆ خۆت وەرگریت، یا بۆ ئەوەی ئـەم دەسکـەوتـانـەت وا بکـات خـەڵکی دووچـاری ئیرەیـی و غـەم بکـەیت، زەحمەت دەکێشیت بۆ ئەوەی ئاسوودەیی لە خۆت حەڕام کەیت، هەموو

هەوڵ و کۆششت بۆ ئەوەیە، تەلاری بەرز دروست بکەیت، فەرشی لێ ڕاخەیت و ئارایشی کەیت؟ قاپ و قاچاغی زێڕ و زیوی تیا دانێیت، پێویستییەکانی جوانکاری و شکۆی بۆی دابین کەی، تا خۆت لە هاوڕەگەزەکانی خۆت بەباشتر بزانیت، دەچیتە خەڵوەتەوە، عیبادەت دەکەیت، بۆ وەدەست هێنانی سوودی خەیاڵی دەگریت، هەر بۆ سوودی خۆتان چاوتان تەڕ دەکەن، بۆ کوشتنی هاوڕەگەزتان فرمێسکەکانتان وشك دەکەنەوە، ئەم لووت بەرزی و خۆپەسندی و لەخۆباییبوونەی بەنی بەشەر هەمیشە نەخۆشی خستووە و بەدبەختی کردوون، لەوەش غافڵن کە ئێوە بەپێچەوانەی ئێمەوە پێویستتان بەهاوڕەگەزی خۆتانە، تا هەنگاو بەرەو جیهانی پێشکەوتن و شارستانیەت نەهاون زەلیلتر و بەدبەختترین جانەوەرن، کینە و فەساد و چەندین نیازخراپی، بووەتە زەرووڕەتی سازشتان، بوونەتە دوژمنی یەکدی، لە هەموو شوێنێك و بەهەموو جۆرێ ڕێی خیانەتتان گرتووەتەبەر.

# فەسڵی پێنجەم

وەك عەرزم كردن، گەلێ بەخۆشبەختی و ناز و نیعمەت لەلای داپیرەی (تاری ویردی) دەژیام، تا دنیای دەنی، بەعادەتی دێرینی خۆی هەنگوین تێکەڵ بەزەهر دەکات، حەسوودی بەئارامی و خۆشنوودی من برد...

باوکی (تاری ویردی) کە سەرباز بوو لەگەڵ فەوجەکەی خۆیدا، بۆ یەکێ لە سنوورەکان مەئموریەتی هەبوو، لە سەفەر گەڕایەوە، یەکێ لە خزمە نزیکەکانی ئەو لە فەوجەکەدا ڕوتبەی سوڵتانی هەبوو، خاوەن سامانێکی زۆر بوو، جگە لە باوکی (تاری ویردی) چ میراتگرێکی نەبوو، لەم سەفەرەدا گیانی لە دەست دا، سامانی ئەو خزمە، خانەوادەی (تاری ویردی)ی لە عالەمی گەداییەوە بۆ مەقامی سوڵتانی برد... زەلیلی گوندنشینی بە فەزیلەتی شارنشینی گۆڕییەوە، هەرچی شتێکی تایبەت بەژیانی گوندەوە هەبوو، فرۆشتیان، چوونە شار، منیش لەو شتانە بووم فرۆشرام، من کە قەدرزانی خۆشەویستی و میهرەبانی داپیرە و (تاری ویردی)م، قەرزی ئەوانم هەمیشە لەبەر چاو بوو، لەم لێکدابڕان و جیابوونەوەیە گەلێ غەمبار بووم، ئەو دوو ئینسانە بەحەقیقەت کەسانی شەریف بوون...

خۆزیا (براگیان) دەمزانی ئەم گۆڕانکارییەی وەزعی (تاری ویردی)و داپیرەی، کە گوندیان جێ هێشت و بوونە شاری و منیان لە نێو ئاگری حەسرەتدا سووتاند. بۆ خۆیان چ کاریگەرییێکی هەبووە، هەر تایفە و

قەبیلەیێك، یا هەر بنەماڵە و کەسێك، مادامێ مژولی زراعەت و پەروەردەی مەڕومالات و هەندێ پیشەی پێویستی ژیانن، وەك ڕستن و چنینی پۆشاکن، لە ئەوپەڕی بەختەوەری و خۆشیان ژیان دەگوزەرێنن، ئەگەرچی دراو و خشڵی گرانقیمەتیان نییە و هەژارن، بەڵام هەرگیز هەژاری و پەرێشانی حەقیقی دەستیان بەسەرا ناگرێ، چونکە پێویستییەکانی ژیان لە بری زێڕ و خشڵن، هیچ کاتێ تەسەوڕی ئەوە ناکرێ، لەبەر برسیەتی و سەرماو بێ بەرگی و بێ جێیی بمرن، بەڵام ئەو کەسەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ زەویدا بڕیوە، کە لە بری دایکە و خۆراکدەریەتی، لە نیعمەتەکانی سروشت کە پەروەدگار بۆ ژیانی فەراهەم کردووە، دوور کەوتوونەتەوە، نان و میوە و ماست و ئاژەڵی کەویکراو و باڵندە و دڕندەی جەنگەڵ و ماسییە بەلەززەتەکانی ڕووبار و دەریاچەکان، لە بیابان و کشتوکاڵ و گوندەکانیان دوورکەوتوونەتەوە، لە نێو چوار دیواری ماڵانی شاراندا خۆیان پەنهان کردووە، ئەو کاتە بۆ ئەوان مومکین نییە بەئاسانی دەستی خۆیان بۆ عەمباری خۆراکی نەباتی و حەیوانی ببەن، هەرچی پێویستییەکانی ژیان هەیە بەئاسانی وەدەستی بهێنن و سەرفی بکەن، بەڵام کاتێ کە بوونە کەسێکی شارنشین، ڕەنج و ئازارێکی زۆر دەدەن و ڕێی پیشەسازی هەڵبژێرن، بەرهەمی پیشەسازی لە بری بەرهەمی سروشتی کە پێشتر خاوەنی بوون، بەوانەی بگۆڕنەوە و سەرفی بکەن.

ئەگەر لەم ئاڵوگۆڕییەدا هەندێکی کەمیان سوودمەند بن، ببنە خاوەنی سەروەت و سامان، ئەوا هەندە زۆرەکەی دیش، تووشی هەژاری و برسیەتی و بێ چارەیی دەبن.

لەم سەردەمەی ئێمەدا، زۆربەی میللەتان، بەڕووکەش پەیڕەوی مەدەنیەت دەکەن، گوندی زراعەت وێران دەکەن و شارەکان ئاوەدان دەکەنەوە و پڕ خەڵکی دەکەن. وا لە خەڵکی دەکەن ڕوو لە پیشەسازی ناپێویست بکەن،

سوودی ڕەنجیشیان بۆ خۆشگوزەرانی هەندێ هەوەسبازانە.

بۆ نموونە: خەڵکێکی بێ چارە، لە کارخانەی چەکسازیدا کاردەکەن، سەرئەنجامی کارەکەشیان چەك دروستکردنە، تا زیاتر چەوساوەکان و لاوازەکان بچەوسێننەوە... خەڵکێکی دی خەریك دەکەن بۆ دروستکردنی شووشە و بلوورو کەرەسەی ئارایشت، ئەوانە پێشتر کاسبی سروشتییان زراعەت و فەلاحەت بووە و دەسبەرداری بوون، ئەوەی سروشت بۆ ژیانی ئینسانی دابینی کردووە لە خۆیانیان بەدوورگرتووە، وردە وردە ئەم عادەت گۆڕینە وای لێ دێ، هەژاری و پەرێشانی دەستیان بەسەرا بگرێ، برسیەتی و بێ پۆشاکی بەرەو لە نێوچوونیان ببات لە زەمانی کۆندا باوکانی ئێوە، خۆیان دەسەوسان و خەجاڵەت نەدەکرد، خۆیانیش تووشی هەژاری نەدەکرد، تا ئەیانتوانی لە بەڵای هەژاری خۆیان بەدوور دەگرت، لە ناچاریشدا خۆیان بەهیلاکەت دەگەیاند... هەمیشە قەرزاری هێزی بازووی خۆیان بوون.

لە سەرەتای خەلیقەتدا، کە مەعلومە ئینسان تەنها بەمیوەی جەنگەڵ و شکاری سەحرا، ژیانی بەسەر دەبرد، هەرکاتێ لە هۆبە و خانووەکانیاندا ئەم نیعمەتانە لە کەمی دابا، هۆبە و شتەکانیان دەگوازتەوە بۆ جەنگەڵ و سەحرای دی دەچوون کە میوە و شکاری تیادا با. وردە وردەش بەزراعەت و فەلاحییەوە مژولی دەبوون، ئەگەر زەوییەکانیان بەپیت نەبا، ئەوا بۆ شوێنی دوورتر و زەوی بەپیتتر دەچوون، خانووی تازەیان وەدەست دەهێنا. مەبەستیش تەنها ژیانگوزەراندن و حەوانەوە بووە...

ئەگەر تووشی کێشەش هاتبان بەناچاری لە نێوان دوو عەشیرەتدا ناکۆکی ڕوویدابا، هەندێکیان دەمارگیر دەبوون، تەرەفێ سەردەکەوت و تەرەفەکەی دیش لە ناو دەچوو... بەم شێوەیە هەمیشە کۆچبەران لە شوێنێکی دوورەوە، بەرەو شوێنێکی دوورتر لە کۆچدا بوون...

تـایـفـەکـانـی تـاتـار و تـورك و مـەغـۆل، ئـەوانـەی لـە بـاکـوورەوە بـەرەو ڕۆژهەڵات کۆچیان دەکرد و ئەو هەموو جەنگە ترسناکەیان بەرپاکرد، هەر بۆ ئەوە بوو گڕی ئاگری برسییەتی بکوژێننەوە و پێویستییەکانیان دابین بـکـەن. جـەنـگـی گـەورە لـە نـێوان دوو گـروپـدا ڕووی دەدا، مـێژوونـووسانـی چـاپـلـوس و شاعیرانی درۆزن، بـەدرێژی بـاسیـان لـەم کـارەساتـانـە کـردووە، ئـەڵـبـەتـە دەبـێ سەرنجی ئـەوە بـدرێ لـە وەسفـدا تەمجیدیان کردوون، هەموو بۆ ئەوە بوو سوودێ وەدەست بێنن و لەم ڕێیەوە بژێوی خۆیان دابین بکەن.

ئینسانی سەرەتایی (ئینسانی ئەوەڵ)یانی لە دەورانی باوکی بەشەردا ئەڵبەتە هیچ کاتێ غەمی هەژاری و برسییەتیان نەبووە، هەرچەندە ئەم شارستـانـیـەتـە، کـە سەرتـاپـای درۆیـە شارستـانـیـەتێکی دروست نـیـیـە. لـە سەرەتادا وا بڵاوبووەوە، کە خەڵکی حەزی بە تەمەدونە، ئینسان بێعار بوو، سەری بۆ هەموو سووکایەتێك دانەواند، پێویستە بۆ ئاگاداری ئێوە، جۆرەکانی هەژاری دەستنیشان کەین...

هـەنـدێ لـە فـەیـلـەسووف و مـێژوونـووسان لـەو بـاوەڕەدان، کـە کـاتـێ ئینسان خەڵق کرا، هەژاری و پەرێشانی لەگەڵدا بوو. با ئاشکراش بێت، هەژاری و پەرێشانی دوو جۆرن:

هەژاری حەقیقی و هەژاری (نسبی)

هەژاری حەقیقی ئەوەیە، کە کەسێ یا تایفەیێك نەتوانێ پێداویستەکانی خۆی دابین بکات، نەتوانێ بایی پێویست خۆراك فەراهەم بکات و پۆشاك دەستەبەر بکات تا لە گەرما و سەرما بیپارێزێ و نەشتوانێ ببێتە خاوەنی کونجێ، ئەمە هەژاری حەقیقییە، بەم پێیە هەژاری کەمە، مەگەر لە شارە گەورەکان و ناوەندەکانی شارستانیەت نەبێ.

(هەژاری نسبی) نەبوونی زیادەی بژێوییە، کە هەر هەموو بۆ ئارایشتە،

هەرکەسێ بۆ جوانکاری ئارایشتکردنی بژێوی خۆی باڵا دەست بوو، ئەوا خۆی بەدەوڵەمەند و بەتوانا دەزانێ، ئەگەر ئەمانەی نەبوو، ئەوا خۆی بەهەژار دەزانێ، بەڵام هەرگیز برسی و بێ جێ و بێ پۆشاك نییە.

بۆ نموونە: بەقاڵێ کە دەسهاتی ڕۆژانەی دیارە، لە ئاست کوتاڵفرۆشێکدا کە لە ماڵەکەیدا سەماوەر و چرای بلوورین هەیە، خۆی بەهەژار دەزانێ، ئەو کەسانەی لە هاویندا بەئاسانی پۆشاکی لە لۆکە دروستکراو لەبەر دەکەن و لە زستانیشدا پۆشاکی پەشم دەپۆشن خۆیان بەهەژار دەزانن بەرانبەر کەسانێك ئاوریشم دەکەنە پۆشاك و بەزەڕووزیو خۆیان دەڕازێننەوە... ئەمەیە کە کەسانێ هەژاری نسبییان هەیە، هەمیشە بۆ وەدەستهێنانی کەرەسەی ئارایشت و جوانکاری بۆ خۆگەیاندن بەئاستی چینی لە خۆی باڵاتر، ڕەنج دەدەن، دووچاری تەڵخی دەبنەوە...

ئێوە کە لەم سەدەیەدا دەژین، هەمیشە خۆتان بەهەژار لە قەڵەم دەدەن، چونکە قەناعەتتان نییە، گوندنشینەکان لە ئێوە خۆشبەختترن، چونکە گیرۆدەی خەمی پۆشاکی جوان و ماڵی ڕازاوەی بێهوودە نین، خۆراکەکانیان سروشتی و سادەیە، کەرەسەی نێو ماڵیان بایی پێویستە، ئەگەرچی دراوی کەمیان هەیە، کەرەسەی ناپێویستیشیان نییە، لێتان مەعلوم بێ ژیان لە شارەکان و ناوەندی شارستانیەتدا، ناخۆش و بەدترە لە ژیانی سەحراو گوند...

دەسەڵاتداران چۆن توانیویانە و بە چ ڕێیەك ئەو سامانە مۆڵەیان وەدەست هێناوە، چۆن چینەکانی دیشیان بێ بەش کردووە؟ ئەمەشیان فەسڵێکی دییە لە جێێ خۆیدا باسی لێوە دەکرێ...

با بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان، بەکورتی خاوەنە تازەکەی من، کەسێکی بەد نەبوو، تەنها عەیبێ کە هەیبوو، ئەوە بوو کە:

وەلی نیعمەتی هەرکەسێ با، چ ئینسان با یا حەیوان، دەبا هەمیشە

بەبەردەوامی، کاری بۆ بکات، بۆ نموونە: ئیشی من ئەوە بوو، هەموو ڕۆژێ عارەبانەیێکی چکۆڵەیان پێوە دەبەستمەوە، هەرچی زبڵ و پیسایی ئەو ماڵە هەبوو، دەیانخستە نێو عارەبانەکەوە دەبا بیبەمە سەحراو لەوێدا ڕۆیاندەکرد، وەکو پەین زەوییان پێ بەهێز دەکرد، لە گەڕانەوەشدا، پەتاتە و دانەوێڵەیان دەخستە نێو جەواڵەوە و عارەبانەیان لێ پڕ دەکرد، بەرەو ماڵێ دەمهێنایەوە...

من ڕقێکی تایبەتیم لە عارەبانەکێشی هەبوو، بۆیە تەمەڵیم هەڵبژارد، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە عارەبانەکەیان پڕ دەکرد و منیان پێوە دەبەستەوە و بۆ بازاڕیان دەبردم، ئەگەرچی وەکو خاوەنە قەحپەکەی پێشووم، ئەوەندەیان بار نەدەکردم و ئەزیەتیان نەدەدام، بەڵام تەواوی ئەو ڕۆژە، بێ ئاو و خۆراك دەمامەوە، جارێکی دی سروشتی خووخدەم ورووژا، بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەمەوە، دەبینیت تۆڵەیێکە پێم وابوو، بێ تام بێت:

ئەو ڕۆژانەی دەبا بچین بۆ بازاڕ، خەڵکی ماڵەکە زوو لە خەو هەڵدەسان، سەوزەیان دەڕنی و ئەو ماستەیان بۆ فرۆشتن دانابوو، ئامادەیان دەکرد، ئەو هێلکانەی لە ڕۆژانی هەفتەدا کۆیان کردبووەوە دەیانخستە نێو سەبەتەوە، من تەواوی ئەم خۆئامادە کردنەم دەبینی بۆ بەدبەختی خۆیشم دەمناڵاند، تا چەند هەفتە لەمەوبەر، هێشتا بڕیاری فیرارکردنم نەدابوو، هەر بارم دەکێشاو بیرم دەکردەوە، یەکێ لە ڕۆژەکان مژولی لەوەڕ بووم، لە دەوروبەری ماڵی لادێ نشینەکاندا شیوێکی پڕ لە چەمەن و قامیشەڵانم دۆزییەوە، بیرم کردەوە، ڕۆژی بازاڕ و بارکێشی لە پەنای ئەم قامیشەڵانەدا خۆ بشارمەوە هەر واشم کرد، نزیکەی سەعاتێ لە نێو قامیشەڵانەکەدا خۆم شاردەوە، دەنگی کابرای لادێییم دەبیست، بەهەموو لایەکدا هاواری دەکرد و داوای منی دەکرد، من لە جێیەکەی خۆم نەبزوام، تا کابرا بێ ئومێد بوو، گوێم لێ بوو، بەژنەکەی دەگوت، ئەگەر دەرگای باغچەکەت بەکراوەیی نەهێشتبا و کلیلت دابا، ئەڵبەتە ئەو حەیوانە نە

دەچووە دەرێ و ئاوها ئێمەیش ماتڵ نەدەبووین، ئێستا ڕۆیشتووە تا ئەیدۆزینەوە و عارەبانەکەی لێ دەبەستین، کاتمان زۆر لە دەست دەچێ، چاکتر وایە ماینەکە بەعارەبانەکەوە ببەستین، پاشانیش ئاگاداری ئەوەبین دەرگای باغەکە بە کراوەیی جێ نەهێڵین.

ئەم ڕۆژەم بەم شێوەیە گوزەراند، لە ژێر بارکێشان ڕزگارم بوو، ئێوارێ لە پەناگاکە هاتمە دەرێ، مژولی لەوەڕ بووم، بەکەماڵی ئاسوودەیی بەرەوماڵ گەڕامەوە، هەرکە چوومە ژووری، خاوەنەکەم گەلێ خۆشحاڵ بوو و ئافەرینی لێ کردم، هەفتەکەی دی، ڕۆژی دیاریکراوی بازاڕ هاتە پێشێ، دیسانەوە من خۆم شاردەوە، ئەمجارەیان خەڵکێکی زۆرم بینی بەدوای مندا کەوتوونەتە دەشت و دەر، من لە جێیەکەی خۆم نەبزوام، پێکەنینم بە سەرگەردانی ئەوان دەهات، ئەو ڕۆژەیش تێپەڕی و بۆ جاری سێهەمیش بەدگان کیلۆنی دەرگاکەم کردەوە، بەرەو پەناگاکەم تێمقوچاند، ئەمجارەیان خاوەنەکەم شێتگیرانە بەتانجیەکانییەوە لە ماڵەکەی هاتە دەر، دەوروبەری چەمەنزارەکەی دەپشکنی، تانجی بێ مروەت، شوێن پێی منیان هەڵگرتبوو، لە پەناگاکەم نزیك بوونەوە، ئەگەرچی تەواوی جەستەم لە نێو قامیشەڵانەکەدا پەنهان بوو، بەڵام خاوەنەکەم دڵنیابوو لە زیرەکی تانجییەکانی، سووربوو لەسەرئەوەی لە نێو قامیشەڵانەکەدا بمدۆزێتەوە، بەو وشانەی کە دەیزانی چۆن سەگ گاڵ دەدرێ وای لە تانجییەکان کرد، پەناگاکەم بدۆزنەوە، کاتێ وەئاگا هاتمەوە، تانجییەکان گوێیەکانی من دەبینن بەناچاری و پەشۆکاوی، هاتمە دەرێ، لە نێو چەمەنزارەکە دەستم بەغاردان کرد...

خاوەنەکەم هەر لە ماڵەوە کەمەندێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، بەو کەمەندە منی ئەسیر کرد، قامچییێکی لەبەر پشتوێنەکەی دەرهێنا تا هێز لە بازوویدا هەبوو تەئدیبی کردم، زۆری لێ دابووم گوێیەکانم بریندار ببوون، شەرمەزار بووم، بەعارەبانەکەی بەستمەوە، باری قورسیشی لێ

نابوو، بەرەو بازاڕی بردم، لەو ڕۆژەوە خاوەنەکەم ڕقی لێم هەستا، لە گەرمای هاویندا شەوان دەیخستمە تەویلەوە و دەرگای لێ دەبەستم، منیش بەدگان، هەند لێهاتووانە دەرگام دەکردەوە و دەمبەستەوە، چ کەسێ ئاگای لەو کارەی من نەبوو، شەوێك منیان لە تەویلەدا توند بەستبووەوە، ئالفی کەمیشم هەبوو، دەرگام کردەوە و بەرەو بێستانەکە تێمتەقاند، گەلێك خەیار و کوولەکەم خوارد، پاشان گەڕامەوە بۆ تەویلەکەی خۆم، ئەگەر جێی چوار پەلم نەبایێ هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد کە من ئەو کارەم کردبێ، بەدبەختانە جێی سمەکانم ئاشکرا بوون، جگە لە من و ماینە هاوڕێکەم چ چوارپێیەك لەو ماڵەدا نەبوو، ئەو حەیوانە بەنەجابەتی خۆڕسکی خۆیەوە قەناعەتی بەئارەزووی ئاسایی خۆی هەبوو، دەستدرێژی و چەمووشی نەدەکرد، دەرکەوت کەتنەکە من کردوومە، جارێکی دی تێلاترین کرام، شەوێ دیش هاتمە دەرێ، ئەو شیرەی دایاننابوو بۆ سبەی بیکەن بە ماست، هەموویم نۆش کرد، مەعلومە پاداشتیشم هەر تێلا بوو، ئەمجارەیان تێلا نەك گاڵتە.

ئیدی وردە وردە شەڕئەنگێزم کردە دروشمی خۆم، کاتێ لە تەویلە دەیانهێنامە دەرێ، بەئەنقەست جووجەڵەکانم لە ژێر پێی خۆمدا دەپلیشانەوە، وای لێ هات خاوەنەکەم بەناچاری بمفرۆشێت. من گەلێ لاواز و بێ هێز ببووم، هیچ کەسێ ئارەزووی ئەوەی نەبوو بمکڕێ، پانزە ڕۆژ منیان بەستەوە، خزمەتیان کردم، هێزێکم هاتەوەبەر، منیان بردە بازاڕ و فرۆشتیانم، لە کاتی کڕین و فرۆشتنەکەدا دەمویست گاز لە خاوەنە کۆنەکەم بگرم یا لووشکەیێکی بۆ بهاوم، بەڵام بۆ ئەوەی خاوەنە تازەکەم دەرحەق بەمن بەدگومان نەبێ و بە شەڕئەنگێزم تێنەگات، بۆیە پشتم لە خاوەنە کۆنەکەم کرد، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم:

بەم کارە سووکایەتیم پێ کرد.

# فەسڵی شەشەم

کەسێ منی کرێ ژنێ بوو، کچێکی سێزدە چواردە ساڵەی نەخۆشی هەبوو، کەسوکاری کچەکە، بۆ ئەوەی هەوای پاك هەڵمژێ، ڕعایەتی میزاجیان دەکرد دوورە شار و لە گوندەکاندا نیشتەجێیان دەکرد، باوکی ئەم کچە بۆ ڕاپەڕاندنی کارە تایبەتییەکانی خۆی، زۆربەی کاتەکانی لە شاردا دەبردەسەر، دایکی ئەم کچە بەستەزمانە، سەرگەرمی کاروباری نێو ماڵ دەبوو، کەمتر فریا دەکەوت ئیهتمام بە کچە نەخۆشەکەی بدات، پزیشکێ لەو دەوروبەرەدا هەبوو، دەستنیشانی نەخۆشی کچەکەی کردبوو کە نەخۆشی دەروونی هەیە، چارەسەری ئەوەشی بۆ دیاری کردبوو کە دەبێ گەردش و سەیران بکات، هیچ شتێ بۆ ئەم کچە بەقەد ئەوە موناسیب نەبوو کە لەو دەوروبەرەدا گەردش بکات، باوکی ئەم کچە منی بۆ ئەوە کڕیبوو کچەکە سوارم بێ، بۆ باغەکانی دەوروبەری گوندی ببەم.

دڵم بۆ وەزع و حاڵی ئەم کچە زۆر دەسووتا، هەموو ڕۆژێ سواری من دەبوو بەخۆشی و ئارامییەوە بۆ گەڕانم دەبرد... سەرەتا کەسێکی شاگردیان لەگەڵ ئێمە دەنارد و هاوڕێیەتیمانی دەکرد، کاتێ کە ئارامی و لەسەرخۆیی منیان بینی، ئیدی پێویست بەوە نەما کەسێکمان لەگەڵ بنێرن، هەرکاتێ کە زۆر ڕۆیشتباین، لە سواری ماندوو با، دەچوومە شیوێکەوە و دەوەستام بەزمانی بێ زمانی خۆم تێمگەیاند، لەسەرەخۆ لەسەر پشتم بێتە خوارێ، لە سێبەری دیوارێ یا درەختێ بحەسێتەوە، ئەو

ڕۆژانـەی کـەش و هـەوا نـاجـۆر دەبـوو، کـچـە نـەدەچـووە دەرێ، دەهـاتـە تەویلەکە و سەردانی دەکردم، گەڵای کاهو و پارچە نان و توێکڵە شووتی بۆ دەهێنام، تەسەوریشی نەدەکرد جگە لە من دۆستێکی دی هەبێ، پێی وابوو هەرچییەك دەڵێ من تێی دەگەم، دەردە دڵی خۆی بۆ باس دەکردم، هەر کاتێ دایك و باوکی بیانرەنجانبا، دەهاتە لای من شکاتی دەکرد، دەگریا. ڕۆژێ هێدی هێدی هاتە تەویلەکەوە، سەرپۆشێکی تازەی لەسەردا بوو، کە باوکی دوو ڕۆژ لەوەوبەر بۆ دایکی هێنابوو، ئەو ڕۆژەیش سەرپۆشەکەیان بەکچە بەخشیبوو... پاش ئەوەی ڕوخساری منی ماچ کرد و منیش ڕوخساری ئەوم لێستەوە، سەرپۆشەکەی وەك یاڵپۆش[١٦] بەستە گەردەنی منەوە، ماوەیێك بەرانبەرم وەستا نەوازشی دەکردم، کات بووە نیوەڕۆ، باوکە کچەکەی بانگ کرد کە وەڵامی نەبیست پێی وابوو، سواری من بووە و چووتە دەرێ، هاتە تەویلەکەوە، بزانێ من لەوێم یا نەء.

دەرگای تەویلەکەی کردەوە، بینی کچە بەرانبەر بە من سەرپۆشی گرانبەهای خستووەتە گەردنی منەوە... باوکە هەڵچوو قسەی ناشرینی بە کچەکەی گوت و پێشی گوت: بێ ئەدەب، سەرپۆشەکەی لە گەردنم کردەوە، چەند مشتێکی کێشایە سەر و کەللەم، دەستی کچەکەی گرت و بردییە دەرێ، دەمژنەوت دایك و باوکی کچە بەقسەی ناشیرین هەڕەشەی لێ دەکەن، بەبێ ئەدەب و ڕوودار بانگی دەکەن و پێی دەڵێن: ئیدی بۆت نییە بە سواری ئەو کەرە گەردشی دەوروبەر بکەیت، ماوەیێکی زۆری نەبرد، کچە بۆ خواحافیزی هاتە لام، ڕوخساری ماچ کردم، فرمێسك لە چاوانییەوە دەهاتە خوارێ و بەگلەییەوە گوتی:

– من چ بێ ئەدەبییێکم کردووە؟ سەرپۆشێ درابوو بە من، منیش وەك دیاری بەباشترین دۆستانی خۆم بەخشی، من چ بەدکارییێکم کردووە؟

---

١٦– یاڵپۆش: گەردن پۆشی ئەسپ.

کاکی ئازیزی من، نابەجێ نییە هەندێ لەمەڕ ئاداب و ڕێ و ڕەسمێ کە لەلای ئێوەی ئینساندا بووەتە (باو) قسانی لێ بکەین بۆ ئەوەی وەئاگا بین ئەوەی لەلای ئێوەدا (باوە) ڕێك بێ ئەدەبییە باشتر دەزانن زاناکانی پێش خۆتان، ڕۆشەنبیرانی سەدەی ناوەڕاست و ئەم دواییە، بۆ مانای ئەدەب چەندین دیوان و کتێب و نامە و لێکۆڵینەوەیان نووسیوە، هەرچەندە ڕەخنەی لە فەسڵ و بابەکانیان بگرین، ئەوا دووبارەکردنەوەی بێهوودەییە، ئینکار ناکرێت زانایان و گەورە پیاوانی ئێوە، بۆ پەروەردە و تەهزیبی ئەفرادی هاوڕەگەزی خۆیان، مەبەستی تایبەتییان هەبووە، بەئەهەمیەت و ئیعتبارەوە سەرنجی ڕێساکانیان داوە... وەك بەندەی مەزڵوم کە لەمەڕ شەرەفی ڕەگەزەوە، هاوبەشی ئێوە نیم، وەك خۆتان دەفەرموون، ئێمە ئەوەندە شارەزاییمان نییە، هەرچیەکیش بخەینە ڕوو، لە ڕێی تاقیکردنەوە و مەعلومات بێ، ڕەنگە لەگەڵ بیر و بۆچوونی پێشینانی ئێوە و هاوچەرخەکەتان نەبێ...

هەستی بەهێز و ئەندێشە و دووربینی ئێمە، ئەوانەی دەبینرێن و ئەوانەی کە ناشبینرێن، لەلای ئێمەدا هەڵسەنگێنراوە، حوکمی حەقیقی کارەکانیش، لە ڕێی درکەوە دەریخستووە و بەجوانترین شێوەیش بەیانی دەکات، بەخیلافی ئێوەین، کە کورتبینن و لە ڕووی حدسەوە بێ ئاگان، دەبێ هەموو شتێك لە نزیکەوە ببینرێ بەدیقەتەوە ئەمدیو و ئەودیو بکرێ و تاقی کرێتەوە، ئەوەی لە ڕێی هەستەوە سەلمێنراوە، بێ خەوش دەبێ، ئەم تایفە و کەسانە بەوە لە قەڵەم دەدرێن کە دەتوانن ئەوەی دەیزانن بێ دووکەڵی قەناعەت بەخۆیان بێنن، هەروەها دەلیلی کافیشیان هەیە قەناعەت بەخەڵکی بهێنن، لێکچوون و ئەندازە لە گۆڕێدا نییە، هەموو بەبینینی چاو ئیسپاتی دەکەن من لەو کەسانەم بەهۆی (قوسری نەزەر و زوعفی بەسەرەوە)[١٧] هەرشتێك لە نزیکەوە نەبینم، بەدیقەت سەرنجی

---

١٧- قصر نظر، ضعف بصر: کورت بینی و لاواز بینی.

نەدەم، هەڵیناسەنگێنم و عەرزی ناکەم، ئەوە بزانە، یەکێ لە سیفاتە چاکەکانی ئینسان، ڕەوشتی پەسندکراوە کە پاکی و تەقوای بەرقەرار دەکات، ئەدەبی حەقیقییە کە ئاوێنەی داوێن پاکی و عیفەتە، ئەگەر کەسەکە دوور بێ لە حەقیقەت، ڕەنگی لە ئاوێنەکەدا لێڵ دەبێ، لەبەرئەوەی بەنی بەشەر، بەدۆستی و موعاشەرەتی یەکدی مەجبوورن، ناچارن بەرووکەش ئاداب بپارێزن، ئەگەر هەریەك لەمانە ئەم سیفاتانەی نەبێ لە کۆمەڵگا ئینسانیەت ڕەت دەکرێتەوە هەندێ جار دەبینرێ، کە کەسێ خاوەن دڵێکی پاك و ئەقڵێکی چاك و زانایە، کەچی لە ڕووی ئەدەبەوە ئەوە نییە، لە هەمان کاتدا کەسانی دیش هەن لە ڕووی عیلم و هونەر و هۆشمەندییەوە، گومانیان لێ دەکرێ، کەچی لە ئەوپەڕی موئەدەبیدان، یەکەمیان کەسێکی مەئنووس نییە، بەڵام بەئابڕووە، دەووەمیان کەسێکی دارایە بەڵام مەئنوسە، ئەم سەردەمەی کە ئێمە ژیانی تیا دەگوزەرێنین زۆربەی خەڵکەکەی لە بەشی دووهەمن، ئەدەبەکەیان ڕووکەشە بەجۆرێ لە جۆرەکانیش لە ڕووی مەعنەوییەوە ناسروشتین.

خەڵکانی خاوەن شعوور و بەئاگان کە بەرانبەر بە (ئولولئەلباب)[١٨] بێ گومانن کە زیادەڕۆیی لە ئەدەب و تەمەلوق و ریایی... خەڵکی ئابڕوومەند و دروست کردار، نابێ ئەم جۆرە ئەدەبە – کە نەوعێکە لە مەسخەرە – قبووڵ بکەن، چونکە جۆرە سیفەتێ دەدەنە کەسان، بەهیچ جۆرێ خاوەنی ئەو سیفاتانە نین. ئەگەر سیفەتێ بەکەسێ بدرێ کە خاوەنی ئەو سیفەتە نەبێ ئەوا گەورەترین جنێوە پێی دەدرێ، بۆ نموونە کەسێکی جەبان، کە خۆی دەزانێ ڕادەی ترسنۆکییەکەی، بێنیهایەتە، بەتەمەلوقەوە پێی بگوترێ ئازا و دلێر وەکو ئەوە وایە کەسێکی خاوەن ژنێکی بەئابڕو و خۆشی خاوەنی ڕەوشتی بەرز بێ، کەچی پێی بگوترێ گەواد...

ئێوەی بەنی بەشەر، دڵنیابن، ئەوەی ڕیا و چاپلوسی و ئەدەب نواندنتان

---

١٨– اولو الالباب: خەڵکی خاوەن ئەقڵ.

بۆ دەکات، هەمووی درۆ و مەسخەرەیە، ئێوە ڕاستی و حەقیقەت گۆیی پەسەند ناکەن، ڕیاتان پێ باشترە و حەزتان بەدرۆیە، نەك لە حەقیقەت، هەموو کەسێ عەیبەکانی خۆی لە خەڵکی باشتر دەزانێ، بەڵام ئەگەر دۆستێکی بەڕاشکاوی عەیبەکانی پێ بڵێت، ئەوا عاجز دەبێ، ئەمەیە کە هیچ کەسێکی بەنی بەشەر حەز بەبیستنی ڕاستی ناکات، ئەگەر هاوڕێ گیانی بەگیانییەکان ڕاستی پەیڕەوکەن و عەیبی یەکدی دەرخەن، ئەوا دەبنە دوژمنی حەقیقی یەکتر، هەمیشە لە نێوان دوو دۆستدا، بۆ ئەوەی دۆستایەتی ڕووکەشیان بەردەوام بێت، دەبێ درۆ و نادروستییان لە نێواندا بەرقەرار بێ، ئەگەر هەردوولا ڕاستگۆییان کردە بناغەی دۆستایەتی، ئەوا دەسبەجێ پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی نامێنێ... دۆستی و موحیبەتی حەقیقی دەخوازێ عەیبی یەکدی بەشێوەی مولائیم بەیەکدی بگوترێ، ئەگەر دۆستایەتییەکە لە ئەوپەڕی لێك حاڵیبوون بێ، بەزەبری قسان کردن و دەستنیشانکردنی عەیبەکان ئەوەندە زیانی نابێت، چونکە تیمارکردنی نەخۆشی سەخت و نەخۆشی ترسناکیش هەر بۆ ڕزگارکردنی نەخۆشەکەیە، دەرمانی موسەکین کاتییە و نەخۆشییەکە لە نێو نابات چ عەیبی تێدایە بەزبر گۆیی ڕیشەی نەخۆشی دۆستەکە، بنەبڕ بکرێ. چاکترین ئەدەبیش خیلافی ئەم جۆرە ئەدەبە (موزەوەر و ساختانەیە کە پشتی بەتەمەلوق بەستووە...)

ئێوە، منداڵانی دەوڵەمەند و گەورەپیاوان و نەجیبزادەکان، بەو ئەدەبەی پەروەردەتان دەکەن ئەدەبی حەقیقی نییە، هەموو ڕیا و موبالەغە و چاپلوسی و درۆیە، ئێوە لە مەسەلەی ئەدەبدا وەك کەسێکی ڕوخساری کرێتن[١٩] بۆ داپۆشینی کرێتی ڕوخسارتان، بەمووەقەت ماسکتان لە ڕوو ناوە، هەرکە ماسکەکە داماڵرا، ئەوەی هەیە دەکەوێتە ڕوو گەورەکانی ئێوە، لەبەر ویقار و لووتبەرزی، خۆیان بەموئەدەب لە قەڵەم داوە، هەر

١٩- کرێت: ناشیرین.

لەبەرئەمەیە خۆیان لە خەڵکی دوورگرتووە، لە نێوان ویقار و لووتبەرزیدا فەرقێکی زۆر هەیە، چینە نەگریسەکەی ئێوە، بەڕادەیێك ئەدەبیان تێکەڵ بە ریا و موبالەغە کردووە شەرەفی ئەدەبیان بردووە، ئەوان بۆ لاسایکردنەوە و داپۆشینی کەمایەتی خۆیان، پێیان وایە هاوڕێی بەسۆزی قەڵەمن، لە نەسیحەتکردن و گفتوگۆدا، بێ پەردە و بێ پەروا قسان دەکەن، ئەم سیفەتەیان کردووەتە ئامێری عەقیدەی خەڵك بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن پڕوپاگەندە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، گەنم دەخەنە ڕوو کەچی جۆفرۆشن، هەرگیز ڕاستی و ڕاستگۆییان لا نییە...

دەبێ بەنی بەشەر، بۆ یەکدی ڕاستگۆ بن، یانی ئەگەر موحیبەتێکیان بینی دەبێ منەتباری ئەو موحیبەتە بن، موئەدەب ئەو کەسەیە ئامادە نییە ستایش و موبالەغە ببیستێ، لە بری ئەوەی فرتوفێڵ بکات، بەسیفاتی چاك و ڕەوشتی بەرز و پەسند خۆی لەلای خەڵکانی دی خۆشەویست دەکات، دڵی لە کینە و بەدی پاك دەکاتەوە، لەبری وشە گەلێك کە سەرلەبەر درۆ و تەمەلوقە، پەیڕەوی کەمدوویی و ڕاستگۆیی بکات، ئەگەر نابەجێییێکی لە ژێر دەستانی خۆی بینی لێیان ببورێ، هاوڕەگەزەکانی خۆی بەلووت بەرزی و غرور ئازار نەدا، کەسانێ کە ستایش دەکەن، ئەگەر ستایشەکەیان لە ئاستێکی مەعقولدا بوو باسی هەمان ئەو سیفاتە باشەیان بوو، ئەوا کەسی ستایش گۆ، ناحەقی نەکردووە، چونکە نوقمی دەریای لەخۆباییبوونی ناکەن.

کەسێ، کە بەخت یاری بێت، بە روتبە و مەقامی بەرز بگات، لە هەموو لایەکەوە، بارانی تەمجیدی بۆ دەبارێ، چاپلوسەکان. ئەو سیفاتانە دەخەنە پاڵییەوە، کە نییەتی، شاعیرەکان بۆ مەدح کردنی شیعری بۆ دەنووسن، ئەوانەی کە دەستیان ناگاتە دامەنی کەسی تازە پلەوپایە بەدەستهاتوو، بەنووسین ستایشی ئەوتۆی دەکەن، ئەو بێ چارەیە لە گێژاوی نەزانی و جەهلدا گرفتار دەکەن. لەلایێکی دیشەوە، ئیرەییان بەدبەختی چاکی

ئەوکەسە دێتەوە کە ستایشی دەکەن، ئەم ئەحمەقەش ئاگای لەوە نییە، تا دوێنێ چ کەسێ ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، چۆنە وا ئەمڕۆ خاوەنی ئەم هەموو سیفاتانەیە و هەند کەسێکی چاکیشە! سبەینێش ئەگەر ئەم پلەوپایە و جاە و جەلالەی لێ وەرگیرێتەوە، ئەو سیفاتە چاکانەی کە خراونەتە پاڵییەوە، ئەوانەشی لێ وەردەگیرێتەوە، ئەوا مەعلومە ئەو سیفاتانە نەدراوە بە کەسەکە، بەڵکو دراوە بە روتبە و مەقامەکەی.

ئەگەر من بە کەریەتی خۆمەوە، لەجیاتی گەورەپیاوانی سەردەم بام، ئەوا هەمیشە هاوڕێیەکی ڕاستگۆم دەکردە ڕاوێژکار، ڕێی درۆ و ڕیام لێ دەگرت، ناچارم دەکرد حەقیقەتی ئەحواڵ و ڕاستی و واقیعم بۆ بگێڕێتەوە، گەورەپیاوانی قەدیم هەمیشە لە دەرباری خۆیاندا (طرخان و ظلخك)(٢٠) یان هەبووە، کاریان هەمیشە ئەوەبووە بێ درۆ و چاپلوسی، خەوش و کەموکوڕییەکان بەڕاشکاوی بخەنە ڕوو، بەڵام (طرخان و ظلخك) لە گۆڕێدا نین، ڕۆژنامەکان ئەم پیشەیەیان لە ئەستۆ گرتووە، هەموو کەسێ لە خەوشەکانیان وەئاگادێنن، بەڵام چ فائیدەیێك...

هەرکەسێکی پووچی بێ سەروبەر، بگاتە پلەی بەرز، سەرئێشە و سەرگەردانی شکۆ و ئارایشت نابێ، چونکە دەوروبەرەکەی وای گەمارۆ دەدەن، ستایشی ئەو شتانەی دەکەن کە نییەتی، خەڵکانی ڕاست و بەئابڕوو، قەدرزانی بەرانبەر بەخۆ قەبووڵ دەکەن، بەڵام موبالەغە و تەجمیدی زیاد پەسەند ناکەن. کەسی بەئابڕوو دەربارەی ئەو سیفاتە چاکانەی کە هەیەتی، زیاد لە پێویست باسی بکەن، ئەوا لە شەرمانا سوور هەڵدەگەڕی و ئینفعال دەکات، بەپێچەوانەی خەڵکی بێ ئابڕوون کە شەیدای بیستنی ستایش و موبالەغەن.

لەو کاتەوەی کە نووسین لە نێوانی بەنی بەشەردا بووەتە پیشە، ئینسان خەریکی زانستی زمان و چەسپاندنی ڕووداوەکانە، کەسی وەئاگا سەرنج

---

٢٠- طرخان و ظلخك: بەمانای موهەریج و چیرۆك گێڕەرەوە دەێت.

دەدات، ڕستەکانی تەمەلوق لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا (باو) بووە، لە هەموو سەردەمێکیش، لە نێوان هەر تایفە و میللەتێك یەك سەبك و یەك مانای هەبووە... هەمان ئەو ماددە پیسەیە و لە قاڵبی جۆراوجۆر داڕێژراوەتەوە، ئەگەر لە ڕووی شێوازەوە جیاوازییێکی هەبێ، بەڵام هەمان مەعنای هەیە، هەمان ڕیایە کە بۆ میرێکی گەورە دەکرێ، هەمان تەمەلوقیشە کە بۆ پڕوپووچێك دەکرێ، بەڵام تەنها جیاوازییەکەیان ناوە...

کەسانی ئاقڵ لە دوو حاڵەتدا ستایش و تەمەلوق قبووڵ دەکەن، یەکەمیان بۆ مەدحی سوڵتان و ئاین پەروەرەکان و عەدالەتخوازەکان، کە بەرگری لە شەریعەتی حەنیف[٢١] دەکەن... دووهەمیشیان بۆ هاندان و تەمجیدی حەکیمان و بیریاران، کە لە حەقیقەتدا، شایستەی هاندانن، تا زانست وا لێ بکەن مەیلی خەڵکی بۆ ڕاکێشن... جگە لەم دوو بابەتە کەسانە، تەمەلوق و موبالەغە نە پەسەندن و نە پێویستن، بەڵکو شتێکی بێ سەروبەر و ناشیرینن...

ئەگەرچی تەمجید و موبالەغە و تەمەلوق بێ مەعنان، بەڵام ئێستا بۆ کەسانی گەورە، لە جیهانی ئینسانیدا مەجبورییە، چ کەسێك هەیە، پلەوپایەیێکی دەسکەوت، خەڵك دەرحەقی تەمەلوق و موبالەغە گوێی نەکات، بەڵام هەموو ئەم ستایش و تەمجیدانە وەك ئەفسانەی دێو و پەری وان ناشبێ باوەڕ بەم ئەفسانانە بکرێ و ناشبێ بایەخی پێ بدرێ، پارەیێك لە بازاڕدا قیمەتی نەبوو بەبڕوای منی کەر دەبێ ئەو پارەیە دوورخەیتەوە و نەیخەیتە نێو کیسەوە، لە ئاست ئاقڵان و ئابڕوومەندانی میللەت کە بەحەقیقەت قابیلی ستایشن، ریای زیاد و موبالەغەگۆیی کە ناویان گۆڕاوە و ناوی ئەدەبیان لێ ناوە، چ ڕەواجێکیان نییە و دەبێ تووڕهەڵدرێن. ئەدەبی حەقیقی بۆ کەسانی سەر بە هەر چین و توێژێك بن، ڕاستگۆیییە و بەس!

---

٢١- حنیف: پاکدین.

هەرچی لەوە زیاتر بوو، چاپلوسی و موبالەغەیە...

ئەگەر ئەو کچۆڵە بێ چارەیە، تەنها حەزی بەوە بوو، سەرپۆشەکەی دایکی کردە یاڵپۆشی من، ئەوا من دەپرسم، ئەمە چ بێ ئەدەبیێکی تێدایە...؟

لە ئێوە دەپرسم، کەللەسەری کەر، کە شعووری هەیە تەمەلوق ناکات، بەبیستنی تەمەلوق لە ڕاستەڕێ لانادات لەکەللەسەری ئینسانی مەغروور شەریفتر نییە، ئەڵبەتە شەریفترە.

# فەسڵی حەوتەم

یەکێ لە شەوەکان کە بەتەواوی تێرم خواردبوو، بە ئاسوودەیی نووستبووم، نێڵەی ئاگرم بیست، گڕ بەرزبووەوە، مشەوەش بووم، سەرنجی دەوروبەری خۆمم دا، هەرچەندم کرد هەوسارەکە بپسێنم و لە تەویلە بێمە دەرێ، بەڵام هەوسارەکە، ئەستوور بوو، موقەدەر نەبوو ئەم کارەم سەری نەگرت چەندین هەڵەی کەرانە و کەشمەکەشم کرد، نە سنگەکە هەڵکەنرا، نە گوریسەکەیش پچڕا، ئەوەم هاتەوە بیر کە چاکترین چارەسەر ئەوەیە کە هەوسارەکە بجووم، ماوەیێك درێژەی کێشا، تا ئەم تەکبیرەم ئەنجامی بەخشی، لەم کاتەدا ئاگرەکە گەیشتبووە ڕادەیەك لەبەر ڕۆشناییەکەی لە قووڵایی تەویلەکە و تا جێی خەوی خۆم و زەڕەکاکانم دەبینی...

فریاد و فغانی خەڵکی ماڵەکە و ناڵەی خزمەتکاران، سەرلێشێواوی چوارپێیان دەنگی سووتانی تەختەکان و داتەپینی بنمیچ و دیوار، ئاشووبێکی سەیری بەرپا کردبوو، تەویلەکەی من و هاوڕێیانی دیم، پڕ بوو لە دووکەڵ هیچ کەسێ بیری لەوە نەدەکردەوە ئێمە ڕزگار بکات، گەرما گەیشتە ڕادەیەك تەحەمول نەکردەنی بوو، ئەگەر دەرگاکە واز با ئەڵبەتە خۆمم دەخستە دەرێ... لەم بێ سەروبەرییەدا، کچۆڵەی خاوەنەکەی خۆمم کەوتەوە یاد، چۆنە وا لەم میحنەتەدا بیر لە من ناکاتەوە، هەر لە نێو ئەم خەیاڵەدا بووم دەرگای تەویلەکە کرایەوە، دەنگێکی زەعیفی کچۆڵەکەم ژنەوت و بانگی دەکردم، لە نائومێدیا ئومێدی ڕزگاربوونم لەم میحنەتە

هاتەوەبەر، موقەدەر وابوو دەرباز بم، خۆمم بۆ لای کچۆڵەکە تاودا، هەرکە ویستم، بەهەردووکمانەوە بچینە دەرێ دیواری لای دەرگاکە داتەپی، بەجۆرێ ڕێگەکەی گرت مومکین نەبوو بچینە دەرێ، ئەم خاوەنە بێ چارەیەی من بەمەبەستی ڕزگارکردنی من گیانی ئازیزی خۆی خستە مەترسییەوە، دووکەڵ و تەپ و تۆز و گەرما خەریك بوو لە نێومان ببات، تەگبیرێکم هاتە خەیاڵ، ئەگەرچی خەتەرناك بوو، بەڵام ژیان و ڕزگاری ئێمە بە وەجێهێنانییەوە بەسترا بوو، بەدگان قەباڵم لە کراسی کچۆڵەکە گرت، لە نێوان گڕی ئاگرەکەوە، بەپەلە هاتینە دەرێ، ڕێککەوتێکی سەیر بوو کراسی کچۆڵەکە ئاگری نەگرت، چونکە کراسەکەی لە پەشم بوو، پەشمیش زوو ئاگر ناگرێ، بەسەلامەتی بەنێو ئاگرەکەدا هاتینە دەرێ، لە حەوشەکەدا کچۆڵەکەم لەسەر زەوی دانا، سەیری دەوروبەرم کرد ئاگر لە هەر چوارلاوە بەرز ببووەوە، ژێر زەمینێ کە سەقفەکەی لە خشت دروست کرابوو، ئاگرەکەی بۆ نەدەچوو، لە نێو حەوشەکەوە دەرگایێك بۆ ژێر زەمینەکە دەچوو، دیسانەوە بەدگان کچۆڵەم هەڵگرت و خۆم گەیاندە ئەوێ تێگەیشتم کچۆڵەکە دەیگوت:

دایك و باوکە بێ چارەکەم، نازانن تۆ منت ڕزگار کردووە، منت گەیاندووەتە شوێنێکی سەلامەت، ئێستا دڵنیان کە من لە نێو چووم، پاش ئەم قسەیەی، ماندوویەتی ناچاری کرد، لەسەر زەوییەکەدا خەوی لێ بکەوێ، منیش یەکسەر لە نزیکییەوە لێی ڕاکشام و خەوتم... هەرکە هەتاو هەڵات بەزەحمەت کچۆڵەکەم لە زەوی بەرزکردەوە، بەرەو گوندێ کە لەو دەوروبەرەدا بوو غارم دا، مەعلوم بوو لەم ئاگر بەربوونەدا، دایك و باوکی کچۆڵەکە هاتنە دەرێ، پێشوازییان لێ کردن...

لە بری ئەوەی سوپاسی من بکەن، کە لە خەتەرێکی گەورە کچەکەیانم ڕزگارکردووە، بەدگۆییان بەمن و خاوەنەکەم گوت... بەئەویان دەگوت:

– ئەگەر خۆشەویستیت بۆ ئەم کەرە بێ عارە نەبوایە، هەرگیز گیانی

خـۆت گـرفـتـاری بـەلا نـەدەکـرد، تـەواوی شەویش ئـێمـەت بـە بـێداری نەدەسپارد.

کچۆڵەکەیان بردە نێو ماڵەکە، هیچ بایەخێکیان بە من نەدا... شڵەژانی نێو ئاگر و بێ خۆراکی و بێ ئاوی و شێی زەوی ژێرزەمینەکە، بۆ ئەو منـاڵـە بووە مایەی گرانەتا، لە ڕووی میزاجیشەوە ناتەواو بوو، هۆی دەرەکیش نەخۆشییەکەی قورستر کرد، لە نوێنی نەخۆشییا کەوت، من دڵـنیـابـووم لـەو نـوێنـە نـایـێتـە دەرێ، دەبـێ لـە تـابـووتـی نێن و بـەرەو گۆڕستانی ببەن، لەو چەند ڕۆژەی نەخۆشی خاوەنەکەمدا، هیچ کەسێ ئـاگـای لـە مـن نـەمـا و ئـاڵـفیـان نـەدەدامـێ، مـنیش سەرگـەردان بـووم لـە دەوروبەری گوندەکەدا دەسووڕامەوە، هەرچییەکم دەسکەوتبا دەمخوارد... سەرماکەش لە ڕادەبەدەر بوو، ئاو و هەواکەشی جیاواز بوو، لە دەرێشدا دەنووستم، چەند ڕۆژێ تێپەڕی جەنازەی کچەکەم بینی بۆ گۆڕستانیان دەبرد، منی مسکینیش لە غەما ئەو ناوەم جێ هێشت، شوێنێکی دیم بۆ خۆم هەڵبژارد.

# فەسڵی هەشتەم

لەبەر سەرمای زستان و بێ جێیی، بە تەواوی ژیانی پەرێشانیم دەگوزەراند، گۆشەی جەنگەڵێکی ئەو دەوروبەرەم بۆ خۆم هەڵبژاردبوو، لە گەڵا وەریو و وشکەبووەکانی سکی خۆمم تێر دەکرد، سەرمای ئەو ساڵە لە ڕادەیەکدا بوو ڕووبارەکانی مەیاندبوو، تینوویەتی زۆری بۆ دەهێنام لە بری ئاو بەفرم دەخوارد، تەنها خۆشحاڵییێکی من ئەوەبوو، لە ئەوپەڕی ئازادیدا دەژیام، بەو هەموو نەگبەتی و پەرێشانی و مەحروومی لە هەر لەززەتێك و ئیسراحەتێ لەبەرئەوەی شەرەفی ئازادیم وەرگرتبوو، لە کەماڵی شادمانی و گەشانەوەدا بووم. ئازادی چاکترین نیعمەتی ئیلاهییە، یەکێ لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی ئێوە گوتوویەتی، منیش بۆ ئێوە وشە بەوشەی دەگوازمەوە، تا بزانن ئەو ئازادییەی ئێوە دەتانەوێ، تەنها بەگوتن ناگەنە حەقیقەتی ئەو حوڕیەتە، ئێمەی جەماعەتی کەرانیش، هەرکاتێ بەم بەختەوەرییە بگەین بە سەرکەوتنێکی گەورەی دەژمێرین:

(هەر یەك لە کەسان و ڕەگەزەکان لە ڕووکەشدا جیاوان، بەخوو و ڕەوشتی جۆراوجۆریشەوە هاتووینەتە وجودەوە، لە خەیاڵات و ئەخلاق و ئیستعداد و ئارەزوودا موختەلفین، بەڵام هەریەك لە ئێمە وەك تاك حەق و چارەنووسی جیامان هەیە، بۆ پاراستنی ماف و چارەنووسی شەخسی خۆمان، دەبێ لە کۆششدا بین، جگە لە زاتی خوای پەروەردگار، کە ژیان و مەرگ بەختەوەری و نابەختەوەری ئێمەی لە دەستدایە، هیچ کەسێ لەمەڕ ناموس و حقوقی خۆمان بەموقتەدیر نازانین، گەورەپیاوانی ئاین و

خاوەنی یەقین. کە ڕابەری سەلامەتی و بەختەوەری ئێمە بوون، بەفەڕی یەزدانی و تەئیدی ئیلاهی، ئاین و قەواعیدی سیاسەتیان فێرکردووین، ملکەچی ئەوانین و ڕێزیان لێ دەگرین، چونکە سوڵتانەکانی بەدەسەڵات و دادپەروەر، بۆ ئێمە جیهانی پەروەردە و باوکایەتی بوون، لەم ڕووەوە خاوەنی قودرەتی تەواو بوون، ملکەچی فەرمانەکانیانین یاسای دادپەروەرانەیان، سنووری مافەکانی ئێمەیان پاراستووە. دەبێ بەچاوی ڕێزەوە سەرنجیان بدەین، هەر زاڵم و چەوسێنەرێ کە بەزوڵم و زۆری خۆیان، ئێمەیان لاواز و زەلیل کردووە. ئیتاعەتیان نەکەین ئەگەر لەم ڕاستەڕێیە لادەین ئەوا تووشی ژیانی بێ یاسایی دەبین و سستی ڕوودەدات، هەموو مافە بەجێیەکانیشمان باتیڵ دەبێ، ئایە مومکینە کەسێ جەستەی خۆی لەگەڵ جەستەی کەسێکی دیدا بگۆڕێتەوە؟ ناوەڵڵا، جەستەی هەرکەسێ تا زیندووە، هەر هی خۆیەتی و خۆی خاوەنییەتی، هەندێ جار عەشق و غیرەتی کەسێ وا دێتە جۆش، کە گیانی خۆی بۆ برا و نیشتمانەکەی فیدا بکات، بەڵام هیچ کاتێ نەمانبینیوە، کەسێ لەجیاتی براکەی خۆی بناسێنێ، تا خۆی لە جێی براکەی تەسەور بکات.

خالقی کەون و مەکان، ئافەریدەی زەمین و زەمان، بەیەقین ئینسانی لە باقی چینەکانی حەیوانات بێ سەروبەرتر و بەدتر خەڵق نەکردووە، دەبینین گروپی حەیوانات، ئەگەرچی بێ سەروبەرترین بەشەکان بن، بە موساوات و خەمخۆری، لە خوانی نیعمەتەکانی خواوەند بەهرە وەردەگرن، لە دەریای پڕی لەبالەب، چۆن نەهەنگێ ڕزقی هەیە، ئەو کرمانەش کە بەزەرەبین دەبینرێن، بایی خۆیان ڕزق و ڕۆزییان هەیە، بەئەندازەی ئیشتهای خۆیان لە مەمکی سروشتی دایك، شیر دەخۆنەوە، بەنی بەشەر لە ئاست هەموو چینەکانی حەیوانات، لەم ڕووەوە مومتازترین، تەنها شتی ماددی ناخۆن، بەڵکو ڕوحیشیان پێویستی بە خۆراکی مەعنەوی هەیە. موحتاجی بیستنی وشەی جوان و بینینی شتە جوان و دڵڕفێنەکانە ئەگەر

بـەجـوانـی سەرنجی ئـەو وشانـە بـدەن کـە تـوێژەران و حـەکیمـان لـەمـەڕ گەورەیی خودا، چۆنیەتی خەڵقکردن نووسراون، ئەوا چاوانتان وێنە و دیمەنێ کە لە دنیادا هەن تا هەتایە دەپارێزێ. هەست و ئەقڵتان والآ دەبن، پلەکانی هەست و حدسی ئێوە بەرز و گشتگیر دەبن، ئەوجا هەست دەکـەن، لـە نـێوانـی ئـێوە و حـەیـوانـەکـانـی دیـدا، هـیـچ جـیـاوازی و ئیمتیازێکتان نییە، ئێوە لە نهۆمێکی بەرزدا خۆتان دەبیننەوە، بە (لطایف ئەلحیەل)[٢٢] بوونەتە سوڵتان و حوکمڕانی سروشت، بەهێزی زانست و هونەر کە ئێوە تێیدا بەهرەمەندن، فەرمانڕەوایی دەکەن، بەزەوی دەڵێن: بەکەرەسەی پیشەسازی تۆم کێڵاوە، دانەوێڵەم تیا چاندوویت، نەمامم تیا ڕواندوویت، بەری ئەمانەم لە تۆ دەوێ ئەویش ملتان بۆ کەچ دەکات... بە (با) دەڵێین: ئەو ئامێرانەی بیرکردنەوەی من دروستی کردوون، کەشتی ڕانیمان بۆ بکە. بمانگەیێنە ڕۆخی مەبەست، ئەویش ملکەچی فەرمانە... بەئاو و ئاگر دەڵێن لە تێکەڵ کردنی ئێوەی دژ بەیەك بوخار وەدەست دەهێنن لەم ڕێیەوە سەد هەزار هێزێ دەخەینە سەر ئەو هێزەی کە خالق بەئێمەی بەخشیوە... ئەڵبەتە ئەم دوو عونسرەیش ئامادەن...

هـیـچ یـەك لـە ئێوە لـە خـەڵقبووندا، جیاوازیتان لەگەڵ یەکدی نییە ئیمتیازتان بەرانبەر ئەوی دی نییە، ئەوەی لە دایك دەبێ و پاشان دەبێتە پاشای جیهان لەگەڵ ئەوەی کە لە دایك دەبێ و لە ئەوپەڕی هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنێ لە مەسەلەی خەڵقبووندا یەکسانن، نە پاشا بەپۆشاکی پاشاتییەوە دێتە دونیاوە، نە پیاوی هەژاریش بەکۆڵباری گەداییەوە دێتە (کەتمی عەدەم)[٢٣] زەمانە هەروایە درووديش بۆ ئەم جیهانە...

بەم بەرابەری و هاوبەشییە، بنەمای مەبادئی حەقیقەتی خەڵقە هەندێ کەس دەسەڵات بەسەر حکوومەتی موتڵەق و سەڵتەنەتی موستەقیل دەگرن،

٢٢- لطائف الحیل: چاکترین فرتوفێڵ، چاکترین چارەسەر.

٢٣- کتم عدم: دنیای نەبوون، دنیای عەدەم.

یـا بـێ هـیـچ دەسەڵاتـی ڕەگـەزپـەرسـتـانـە، خـۆ بـەشایستـە دەزانـن، سەرکەوتووخوازان، ئەمانەیش جێی سەرنجی فەزڵی خواوەندن... فەزڵی خـواوەنـدیش بـۆ هـەمـووانـە و ڕەحـمـەتیشی بـەرینـە، ئـەگـەر هـەندێ کـەس نیعمەتی خوایان بۆ خۆ قۆرغ کردووە، خەڵکی دیش مەحروم دەکەن... مونعیمی حەقیقی (خوا) باکی بەمە نییە، بەڵکو جەهالەت و نەزانی، تەرکی حقوق و قـەبوڵکردنی زیللـەت مـایـەی حیرمـانـە، یـا ئـەو کـەرەستانەی کە سروشت بۆ پلەکانی بەختەوەری و بۆ وەدەستهێنانی شەرەف و حەسانەوە ئیزافـەی کردووە، بـەکـاریـان نـەهـێنـاوە... مـافـی ئینسان بـەیـەك ئـەندازەی دیـاریکراو ئـازادییـە، بـەبـێ حوریـەتی زاتـی ئـینسان، ئـینسان نـییە، بەڵام لـەهـەمـان کـاتیشدا، دەبـێ حـوریـەت پـابـەندی کـۆمـەڵ بێت، هـەرگیز نـابێت دووربـێ لـە بـەرژەوەنـدیـیـەکـانـی هـاوڕەگـەزی خـۆی و دەسەوسان بـێ... درەخـتـێ لـە بـیـابـانـدا بـەتـەنـهـا ڕوابـێ، ئـەو هـێزەی نـییـە، ڕەگ و ڕیشەی بگەیەنێتە ئاو، بایی پێویستیش لە (هەوا)[٢٤] خۆراك وەرناگرێ، هەرچەندە بەهێزبێت، لەبەر ڕەشەبا خۆی ناگرێت، ئەویش لەبەر نەبوونی پەناگایێك کە خۆی بداتە پەنـای، لقەکانی دەشکێن، ئەڵبەتە ڕەگ و ڕیشەیشی نـامێنـێ، بەپێچەوانەی ئەو درەختە چکۆلانەی کە لە جەنگەڵەکاندا ڕواون و بەکۆمەڵ دەژێن، نە زریان کاریان تێ دەکات و وشکی هەوا زیانیان پێ دەگەیێنێ، بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە، زۆری ژمارەی درەختەکان بەشێك لە شێ بۆ خوار دەکێشن و سەرئەنجامیش بەر دەگرن...

ئینسان لەبەر عیجزو ناتوانی، ئەڵبەتە زیاتر لە هەموو مەخلوقاتێ پێویستییان بەهاریکاری یەکدی هەیە، بەو شێوەیەی کە درەختی چکۆڵە پاڵی داوەتە درەختی گەورەتر و ناشکێ، درەختی گەورەیش تا ڕادەیێك پـاڵـی داوەتـەوە درەختـی لـەخۆ بـچووکتر ئـەمـەیش هـەر بـۆ خۆپـاراستنـە

---

٢٤- خۆراك لە هەوا وەرناگرێ: مەبەست خۆراك لە تیشکی ڕۆژ وەردەگرێ، هەموو ڕووەکی دوو جۆر خۆراکی هەیە... (النسخ الصاعد) و (النسخ النازل).

خولاسەی قسە، ئینسان دەبێ تا ئەندازەیێکی دیاریکراو ئازاد بێ و خوو و خدەی کۆمەڵیش لە دەست نەدات، تا بتوانن لەگەڵ یەکدیدا ژیان بگوزەرێنن.

تا ئێرە، ڕاپۆرتی تەحقیقی ئەو حەکیمەی هاوڕەگەزی ئێوەیە، ئێستایش با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، برسیەتی زۆری بۆ دەهێنام، جارجارێ ڕوو لەو گوندە بکەم کە لەو دەوروبەرەدا بوو، تا هەندێ خۆراك پەیدا بکەم و سکم پڕکەم، زستانم بەسەختی گوزەراند بەهار هات، بۆ سەیرکردن بۆ هەمان گوند ڕۆیشتم، سروشت لە بەهاردا لە ئەوپەڕی هێزیدایە، گیای جۆراوجۆر لە زەویدا ڕوابوون. لە ڕووی خۆراکەوە بێ غەم بووم، تەنها و تەنها بۆ سەیر و سەفا بەرەو دەوروبەری گوندەکە ڕۆیشتبووم، خەڵکێکی زۆرم لە دەرێی گوندا بینی، نزیکتر بوومەوە، بینیم هەموویان لە حاڵەتی عەیش و خۆشین و پۆشاکی جەژنیان پۆشیوە، سەیرتر لەمە، هەرچی کەری ئەو گوندە هەبوو تێکەڵی خەڵکەکە ببوون، هەندێ لە هاوڕەگەزانی من هەوساریان لە گەردندا بوو، لە ژێر دەسەڵاتی خاوەنەکانیان بوون، خزمەت کرابوون و قەڵەو ببوون، هەندێکیشیان گوڵەکانی جەنگەڵیان بۆ کردبوونە حەلقە بە گەردنیان ئاوێزان بوون، لەنێو ئەوانەدا سەیرێکی خۆمم کرد، پشت و سك و کەفەڵی خۆمم بە زەعیفی هاتە بەرچاو، تیمارنەکراو و پەشمی درشت و زبر لە جەستەم ڕوابوو بەم حاڵی تەمەڵی و پیسییەم کە دەمبینی وەزعی خۆش و بەختەوەری هاوڕەگەزەکانمی گرتووەتەوە، بەڵام ئیمتیازی حوریەتم لە خۆدا دەدی، ئەوان نەیانبوو، هەزار جار لەوان خۆم لەوان بەبەختەوەرتر دەبینی نزیکتر بوومەوە تا چاکتر ئاگام لە ڕووداوەکە بێ، هەندێ خەڵکی دێیەکە منیان بینی، بەمەسخەرەوە هاواریان دەکرد ئەم حیمارە بێعارە کێیە؟

بێ خاوەنە و هەوساری پساندووە وا سەری هێناوەتە نێو سەرانەوە، لەگەڵ کەرەکانی ئێمەدا داوای بەرابەری و یەکسانی دەکات، ئەگەر پیاوە

لـه مـوسابـەقـەی غـاردانـی کـەرانـی ئـەمڕۆی ئێمـەدا بـا خـۆی بنـوێنـێ... تێگەیشتم، لە نێو کۆبوونەوەی ئەمڕۆیاندا موسابەقەی غاردانی کەرانیان هەیە.

لە نێو ئەم بەزم و ڕەزمەدا، پیرەمێردێکی بەسالاچوو، کە مووی برۆکانی شۆڕەوەببوونە سەر ڕوخساری، چلم و تفی تێکەڵ ببوون، جەستەی وەکو کەمان چەمی بووەوە، بەناڵەناڵ پەیدابوو هاتە نێوانەوە، هەوای بۆنخۆشی نـەورۆز سروشتـی پـیرانـی گـەنـج کـردبـووەوە، گـوڕی ژیـانـی بـەخشیبووە مـیزاجـی مـانـدووی ئـەم پـیرە فـەرتـووتـەش. مـەیلـی گـەردش و بینینـی پەیداکردبوو هەرکە خەڵکەکە پیرەمێردەکەیان بینی بەم وشانە پێشوازییان کرد:

– بابە موراد لە کوێ بووی؟ چۆنە وا لە ماڵێ هاتوویتە دەرێ؟

– خۆشی هەواکە منی هێناوەتە دەرێ... ئێوە چ دەکەن بەنیازی چین؟

سوبحان قولی کوڕی کوێخا گوتی:

– ئەمڕۆ موسابەقەی غاردانی کەرانە، حەیفێ کە تۆ پیربوویت، هێزی ئەژنۆت لە دەست داوە، دەنا غاریشمان بەتۆ دەدا!

بابا موراد گوتی:

– ئەڵڵا... ئەڵڵا... خوا مەرگم بدات. چاکە زووتر لە نێوان ئێوەی بێ نەوا بڕۆم، ئێوە تازە هاتوونەتە نێو کارەوە، ئیحترامی پیران ناگرن، خوا بمباتەوە، زووتر بڕۆم و لە نێو ئێوەدا نەژیم.

عەبدولسەمەدی ئابیار گوتی:

– بابا موراد، دیسانەوە باس لە سەردەمی دەقیانوس دەکەی، تۆ کە گەنج بوویت وەکو ئێمە قۆز بوویت، حەزت بەکەیفخۆشی دەکرد ئێستایش پیربوویت، لە کار کەوتوویت، کە خۆشحاڵی و تەڕ دەماغی ئێمە دەبینیت، لە دڵەوە دەشڵەژێیت، چونکە هەرکەسێ کارێکی لە دەست نەیێت ئیرەیی

دەباتە بەر ئەو کەسانەی، ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

بابا موراد گوتی:

– بەڵێ برایان ، ڕاست دەکەن، من لە زەمانی دەقیانوسدا لە دایك بووم، ئەوکاتەی من لەگەڵ باپیرانی ئێوەدا ژیانم دەگوزەراند، لەگەڵ ئەواندا هاوتەمەن و هاومەشرەب بووم، وەزعی دنیا بەم شێوەیە نەگۆڕابوو دەوران، دەورانێکی دی بوو، جێی هەموو کەسێ دیاریکراو بوو، گەنجان حورمەتی پیرانیان دەگرت، پیرانیش نەسیحەتی گەنجانیان دەکرد، چاکە و خراپەیان نیشان دەدان، خەڵکان ئەگەر بێگانەش بان هەر ئەوەندە لە گوندێکا ژیابان، خەمخۆری یەکدی بوون، سەرنجی تەمەن دەدرا و دەست پێشخەریش لە گۆڕیدا بوو، گوێگرتن و ئەدەب لە نێوان دەرنەچووبوو، بۆ هەموو شتێ کۆمەکی یەکدیان دەکرد.

سوبحان قولی ڕووی وەرگێڕا و بەهاوڕێکانی خۆی گوت:

– چی بوو وا ئەم پیرەمێردە ئەحمەق و خەڵەفاوەی هێنایە نێوانمانەوە، چ بێ ئەقڵێ بووین ویستمان ڕۆژێ، بەخۆشی بگوزەرێنین، ئێرە مەیدانی موسابەقەی غاردانی کەرانە، نەك مەجلیسی وەعزدادان... وەلیکەن با خەریکی کاری خۆی بێت...

بۆ حاڵی باباموراد گەلێ غەمم خوارد، نە ئەو کەری هەبوو، نە منیش خاوەن... مەیلی ئەوەم پەیدا کرد هاوڕێیەتی بکەم و نەهێڵم لە نێو گەنجاندا شکستخوردە و شەرمەزار بێت، بەخۆمم گوت: ئەگەر لە غارداندا پێش نەکەوم، چ زیانێ ناگاتە کیسەی باباموراد، ئەگەر پێشبکەوم، دوو تمەنێ – مەرجی خاوەن کەرانە – دەبێ بە نسیبی. ئەم پیرەمێردە هەژارە... بەم نیازپاکییەوە چوومە نزیکی پیرەمێردەوە، گەردن و ڕیشیم لێستەوە، ئەوانەی لەوێ بوون دەستیان بە پێکەنین کرد، باباموراد بەم میهرەبانییەی من خۆشنود بوو...

– ئەگەر ئەوە خاوەنی نییە، ئەوا من دەیخەمە ژێر حیمایەی خۆمەوە، ئەو مەبلەغەی کە حەقی موسابەقەی غاردانی کەرانە، ئەوا دەیخەمە کیسەی عومومییەوە.

گەلێ بەزەحمەت دەستماڵەکەی لە گیرفان دەرهێنا، دە دانە پوڵی ڕەش کە لە گۆشەی دەستماڵەکەیدا بوو و چەندین گرێی لێدابوو، دەری هێنا خستییە نێو ئەو کڵاوەی کە بەدەستی سوبحان قولییەوە بوو...

منیش لەبەر وەدیهاتنی مەبەستەکەم، جۆشێکم هاتەوەبەر، کلك و گوێم بۆ لەقاند، سوبحان قولی و خاوەن کەرەکانی دیش ترسیان لێ نیشت دەمژنەوت، دەیانگوت:

– کارێکی چاکمان نەکرد، ئەم کەرە بێ سەروبەر و بێ خاوەنەمان خستە ئەستۆی باباموراد، دەترسین بەم وەزعە مەفلوك و نالەبارە، لە کاتی غاردان پێشی هەموو کەرەکان بکەوێ...

دوژمن بە ناتوان و بێ چارە و حەقیر لە قەڵەم دەدەن...

باباموراد دەستی بە گەردن و گوێیەکانی منا هێنا، هانی غاردانی دەدام ئەو بێ چارەیە، یۆنجە وشکەوەبووە پاشماوەکانی، بەردەمی کەرانی دی کۆدەکردەوە و لە بەردەمی مندا ڕۆیانی دەکرد، ئا لەم کاتەدا کوێخای دێ و (ئاق سەققالان)[٢٥] گەیشتنەجێ، لەسەر تەپۆڵکەیێك کە دەیڕوانییە مەیدانی موسابەقەکە، جێیان بۆ خۆکردەوە، کەرەکانیان بەتەرتیب، لە تەنیشتی یەکدیدا ڕاگرت، من کەوتبوومە دوای هەموویانەوە، هەموو چاوەڕێی فەرمانی کوێخا بوون، لەپڕ کوێخا هاواری کرد:

(– یا ئەڵڵا سورین سوك) خاوەن کەرەکان بەدار بەربوونە کەفەڵی هاوڕەگەزانی بێ چارەم، یەکێ دووسێ داریان بەرکەوت... بابامورادیش بەدارەکەی خۆی لاسایی ئەوانی کردەوە، هەموو بەیەکجار کەوتینە

٢٥– ئاق سەققال: وشەیێکی تورکییە، مانای ڕیش سپییە. سورین سوك: ئەم وشە تورکییە، دەی لێخوڕن.. غارکردن.

غـــاردان لـــه سەرەتـــادا خـــۆم مـــانـــدوو نـــەكـــرد، كـــە سەد هـــەنـــگـــاوێ دووركەوتینەوە، بەئەوپەڕی هێزەوە دوایان كەوتم، گەیشتمە ئەوان، پاش دوو دەقیقە پێشی هەموویان كەوتم، لەپڕ سەیرم كرد كەرێ، كە كەوتبووە دوای منەوە، بە دگان كلكی گرتم، ئەوەندە گوشاری خستە سەر و جویی یەك لە سێ بەشی كلكم لە نێو دەمیا مایەوە...

بەڵێ كاكی ئازیزم، حەسوودی نەك تەنها لە نێو ئەوەی بەشەردا هەیە، ئـێمـەیش لـە عـالـەمـی كـەرایـەتـیـمـاندا، بـۆ وەجـێهـێنـانـی سەرپێچـی وەحشیـیـانـەی خـۆمـان چ لـە ئـێوە كـەمـتـر نین، تـەنـهـا ئـەوە نـەبێ ئێوە بـەكـەمـاڵی زیرەكی، ڕكـەبـەرێ و چـاولێكـەریـتـان لـە بـەینـدایـە... لەمەشدا سوودتـان بـەردەكـەوێ. هـەنـدێ جـار گـەوجـانـی ئـێوە، بـۆ ئـیمـتـیـازێ كـە هـاوڕەگـەزەكـەی هـەیـەتـی سەفـیـهـانـە گـیـانـی ئـازیـزی خـۆیـان دەخـەنـە مەترسییەوە، ڕەنگیشە دە جار لەم ئیمتحانە، جارێك مەبەست نەپێكێ. بـەڵام ئـێمـەی كـەران ڕكـەبـەرایـەتـی دەكـەیـن، زۆرجـاریش سوودی شەخسیمـان دەسناكەوێ بەكورتی، لەبەر ئازاری كلكم، حەوسەڵەم لەبەر بڕابوو، لە ناخەوە هاوڕەگەزەكەی خۆمم بەخاوەن حەق لە قەڵەم دەدا، چونكە نەیدەویست پاشی من كەوێ، بەڵام تەكبیری ئەو كەرە تەكبیرێكی باش نەبوو، چونكە ئازاری كلكم منی زیاتر هێنایە جۆش و خرۆش، لە سۆزی دڵەوە وەك فڕین سەد هەنگاو بە پێشی كەوتم، بێ شەریك و ڕەقیب گـەیشتمـە جـێ (بـەیدەق)[٢٦] دەمبـیـست تـەمـاشـاچـیـیـەكـان ئـافـەرینم لێ دەكەن، خاوەنی ئەو كەرانەی پارەیان خەواندبوو، نەفرەتیان دەكرد و جـنـێویـان دەدا، ئـەڵـبـەتـە دەزانـن جـنـێوی حـەسوودان لـەززەت بـەخشە، بەهەرحاڵ من گرەوەكەم بردەوە و سوودم بە باباموراد گەیاند و ئیفتخار و شەرەفیشم بۆ خۆم زیاد كرد، كە بەفەلاكەت و زەعیفی خۆم، لە چاو هـاوڕەگـەزەكـانمدا، كـە قـەڵـەو و تـەڕ دەمـاغ بـوون، پـێشیـان كـەوتم و بردمیانەوە.

---

٢٦– بەیدەق: بەیرەق.

ئێستاش نۆرەی ئەوەیە وەرن سەیرکەن، خاوەن کەرەکان چ جۆش و خرۆشێکیان لا دروست ببوو، کەسێ نەبوو بڵێ:

– ئەی پیاوانی کەر! ئەوەی پێشکەوت، یا ئەوەی دواکەوت، هونەرمەند بوو، یا بێ هونەر بوو... جانەوەرێك بوو و بەس! ئیدی ئێوە بۆچی بە ڕیشی خۆتانەوەیان دەبەستن، بۆچی ئەم هەموو فەرتەنەیەتان لە چییە؟

گەیشتمە نزیکی تەپۆڵکەکە، کوێخا و ڕیش سپییان لەوێدا دانیشتبوون، خاوەن کەرە دۆڕاوەکان، شەرمەزار بوون، بەکامی دڵ بەتێلا بەربببوونە سەر و ڕووی کەرەکانیان، منیش لەم نیعمەتە بێ نسیب نەبووم، هەندێکم تێلا بەرکەوت، لە ڕقا لەقەبی (کەری کلك بڕاو)یان پێ بەخشیم، هەرچی بوو هەرچیەکیشیان پێ کردم، ئیفتخار و ئیعتباری من زیادی دەکرد... کوێخا پارەکەی دایە باباموراد، ئەم پیرە لێکەوتەیە، لە کەری مفت پارەی مفتتری وەدەست هێنا، وا بوغرا ببوو، شای بە سەپان قبووڵ نەدەکرد، ئەگەرچی بەهۆی بوونی منەوە، مەبلەغێ پارە کەوتە دەستی باباموراد، بەڵام من بۆ خۆم جگە لە بڕینی پارچەیێکی کلکم چی دیم دەسنەکەوت، باباموراد گەڕایەوە بۆ گوند، منیش لە سەحرادا بەتەنها مامەوە.

ئێستایش دەبێ مەسەلەی قەدرزانی و حەقشناسیتان بۆ شی بکەمەوە، تا بزانن نا سوپاس کێیە و حەقناسیش چییە...

خەڵکی عالەم لایان چەسپیوە، کە خەڵکی ناسوپاس و حەق نەناس زۆرن پۆشراویش نییە، موحسنین و چاکەکاران کەم و دانسقەن، لە سەرەتادا بۆ شیکردنەوەی ئەم کارە تووشی ئیشکال دەبین، بەو مانایە ئەگەر پیاوچاکان کەم و دانسقە نەبن، ڕەوشی چاکەکار و ئینسان دۆست بەرقەرار نابێ، قەومێ ئیحسانی نەدیبێ، ناسوپاسی دەکات، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕەنگە دوو تەئویل بگرێتە خۆی:

یەکەمیان: کەسێ چاکەکارە، لە تەواوی تەمەنیا خەریکی خێر و

ئیحسان بووە، خەڵکێکی لە ژمارنەهاتوویش لە نیعمەتی چاکەکاری ئەمیان بەرکەوتووە، بەڵام زۆرجاریش پاداشتیان بەگلەیی و گازاندە و کینە و ئیرەیی داوەتەوە، ئیدی حەقنەشناس ژمارەیان زیاد دەبێ، بێ ئەوەی چاکەکاران پێیان بزانن، ڕووی دووهەمیشی زۆرجار تۆمەتە نەك لە ڕووی واقیع و حەقیقەتەوە بێ، ئەم مەسئەلەیەش کاتێ بەجوانی تەفسیر دەکرێ و ڕوون دەبێتەوە کە پێناسەی چاکەکار و پێ نەزان بەچاکی شی کەیتەوە.

بۆ مانای چاکەکار هیچ ئیشکالێك نییە، تەنها دەبێ بەشەکانی چاکەکاری بزانین، بۆیە دەڵێین، ئیحسان سێ قسمە:

یەکەمیان ئیحسانی حەقیقی، دووهەمیان کەرامەت و عینایەت، قیسمی سێهەمیش، تەقرتەن نەوعێکە لە خزمەت و دەستگیرۆییکردن، ئیحسانی حەقیقی ئەوەیە کەسەکە بەڕەزای دڵ و خواستی خۆی، نەك بەزۆر و نابەدڵی لە کات و جێی خۆیدا چاکە بکات... کەرامەت و عینایەتیش ئیحسانێکە لە گەورەیی و جوامێرییەوەیە بەرانبەر بەکەسانی نا موستەحەق دەکرێ، بۆ نموونە، کەسێ ئەرکی خۆی وەجێ نەهێنابێ (موقەسر بووبێ) ئەوا حەقی تەمێکردن و سزادانی هەیە. بەڵام دەرحەقی عەفوکراو، ئەو موقەسیرە عینایەت و مەرحەمەتی بۆ کراوە...

خزمەت و هاریکاری و دەستگرۆیی ئەو کەسەی کەرەسەی فەراهەم کردووە، تا خەڵکانی دی سوود و مەنفەعەتێ وەرگرن، دەبێت ئەوە بزانین چاکەکار، بەیەکێ لە سێ ئیحسانەوە دێتە گۆڕێ، یا چاکەکاری خۆڕسکە، سەخی و چاوتێرە، بەخۆڕسکی پاکەوە، بێ هیچ هۆیەکی دی، چاکەکانی خۆی دەکات و چاکەکاری ش تێکەڵی خوێنی بووە... یا ئەو چاکەکارە کە سەرچاوەی چاکەکارییەکەی لە خۆپەرستییەوە وەرگرتووە یا نییەتی سوود وەرگرتنی هەیە. بەڵام موحسینی حەقیقی ئەو کەسەیە کە هەمیشە خۆنەویست بووە، چاوتێری و پاکی سروشتی بە خۆڕسکی تێکەڵ

بەڕەفتاری بووە، کەسێ کە چاکەی کرد، هیچ مەبەست و سوود وەرگرتنێ لە پشت ئەم چاکەکارییەی نەبوو، ئەوا ئەو کەسە چاکەکاری حەقیقییە... بەڵام هەر چاکەکارێك بەم جۆرە نەبوو، ئەوا دەچێتە خانەی دەستبڵاوی، ئەمەیان لەگەڵ جوامێری و بەخشەندەییدا، جیاوازی هەیە... جیاوازییەکانیش زۆرن لە نێوان چاکەکاری خۆڕسك و چاکەکاری موزەوەر، ئەڵبەتە بینیوتانە دەستبڵاو چاوچنۆکە...

چاکەکاری موزەوەریش مەغرورە... ئەگەر کەسێ لە ڕووی خۆپەسەندییەوە و بەمەبەستی ناوبانگ پەیداکردن چاکە بکات، وا لە خەڵکی گەیێنێت و ڕەحمی بەبێ نەوایان کردووە، ئەمە جۆرێکە لە بێ سەروبەری، بەم ڕێیە نابەجێیە، لەبەرچاوی خەڵکیدا خۆی بە زل بنوێنێ، بەم ناوبانگە ناحەقیقییە دەسەڵات بەسەر کەسانی هاوسەردەمی خۆی فەرزکات سەرنجدانی حەقیقەت ئەوە نییە، بەزەییت بەکەسانی بەدبەختا بێتەوە، یا دەستی میهرەبانی بەسەر پشتی دڵشکاواندا بێنی، ئەمە بەدەرە لە تەبعی کەریم و هیمەتی بەرز... چاکەکار بەو مەبەستەوە چاکە بکات کە خەڵکی بیبینن بەجوامێری تێ بگەن و باسی چاکەکارییەکانی بکەن... خاوەنی ئەم ڕەوشتە گەلێ کەرە، هاوڕەگەزەکانی خۆی لە پلەنزمەکانی ڕەوشتدا دایدەنێن، چاوپۆشیش لە چاکەکارییەکانی دەکەن.

بەشی سێهەمی چاکەکاران، نە خۆڕسکە و نە لەسەر غروور بنیات نراوە، کەسەکە دەبینێ، فلانەکەس ڕۆژێ موحتاجە و فریای دەکەوێ هەرکە موحتاجی کەسەکە نەما، ڕۆژی دووهەم کەسی موحتاج هەوڵدەدات خزمەتی چاکەکارەکە بکات، بەواتایێکی دی قەرزەکەی دەداتەوە، ئەم جۆرە موعامەلەیە کڕین و فرۆشتنە، نەك ئیحسان و مەکرەمە، لەم جۆرە کەسانە زۆرن.

بەکورتی چاکەکاری حەقیقی دانسقەن و کەمن... ئیحسانی بێ غەرەز و حەقیقی لە بووندا نادیدە و کەمیش ڕوو دەدات... ئێستایش دەبێ لەمەڕ

نمەك حـەرامـان و حـەقنـەنـاسان قسان بكـەیـن... بـۆ ڕوونكردنـەوەی ئـەم كێشەیە، وەك دەڵێن قسە قسان ڕادەكێشێ، ڕەنگە باسكردنی بێ سوود نەبێ، دەڵێن نمەك حەرامان، وەك چاكەكاران سێ جۆرن:

نمەك حەرام ئەو كەسەیە چاكە دەبینێ و فەرامۆشی دەكات، یا هەر ئینكاری دەكات و هیچ بایەخێ بەو نیعمەتە نادات ئەمەیش سەرچاوەی لە سێ شتەوە وەرگرتووە، یا دركی سستە یا مەغروورە، یا هەر بیری لە سوودی تـایـبـەتـی خـۆی دەكـاتـەوە، چـیـنـی یـەكـەمـی نمەك حـەرامـان، كەسانێكی بێ هەستن، كە دەبێ ئەمانە لە خانەی موستەزعەفیندا بن، چونكە ئەمانە لەمەڕ حقوقی ئینسانی بای پێویست زیرەكیان، بۆ هیچ كارێ پێ دانـاگرن و خاوەنی ڕەئی و عەقیدەی پتەو نین، هەركە دووچاری پـێویستـی بـوون تـووشی شڵـەژان و دڵـەڕاوكـێ دەبـن، بـیـر لـە ڕابـردوو و داهـاتوو نـاكـەنـەوە، بێ ئەوەی بێز لە زۆركاری و قێزەوەنی و چەوساندنەوە بكەنەوە، شەرم دایاننـاگرێ، قەبوڵی ئیحسان و مەرحەمەت دەكەن، پاش مـاوەیێكی كەمیش هەمان مەرحەمەت فەرامۆش دەكەن، وا دەكەونە ڕوو خاوەنی ئەوە نیین، بتوانن لۆمەی نەفسی خۆیان بكەن، ئەو چاكەیەی فەرامۆشی دەكەن بەبەدكاری و كاری نابەجێی بزانن... ئەم گرووپەش شایستەی دوژمنكاری نین، بەڵكو شایستەی ئەوەن بەزەییان پیادابێتەوە و ڕەحمیان پێ بكرێ، لە چاكەدا درێغیان بۆ نەكرێ...

نمەك حەرام، لە حەقیقەتدا جێی سەرزەنشت و بەدگۆیین، چونكە ئیحسان و مەرحەمەتەكە دەبینن و هەستیشی پێ دەكەن، كەچی سوورن لەسەر ئەوەی ئینكاری بكەن، لە كاتێكدا بەئەوپەڕی زەلیلییەوە داوای یارمەتییان كردووە، پیاوەتیش ئەوەیان لێ دەخوازێ بۆ شوكركردنی ئەو ئیحسان و مەرحەمەتەی دەرحەقیان كراوە، زمانی چاكە بخەنە گەڕ، كەچی ڕۆژگاری سەختی خۆیـان لـە بیردەبـەنـەوە و شەرم لـە بـەدبـەختییـەكانی ڕابردووی خۆیان ناكەن، بەوەی كە نمەك حەرامییەكەیان مایەی شەرمەزارییە و

غرورەکەشیان زیانبەخشە، دەشێ ئەم جۆرە کەسانە، ڕۆژێ بەختیان یار بێ، لە زیندەگیدا بگەنە دواپلەی خۆشگوزەرانی، لە چاڵی نەگبەتییەوە بگەنە جاهـ و جەلال و چاکەیش لەگەڵ خەڵکیدا بکەن، بەڵام تەواوی چاکەی ئەم کەسانە، لە ڕووی غرورەوەیە، لە مانا حەقیقییەکەی چاکە دوورن، مەبەستیان داگیرکردنی مەقامی چاکەکارانە، پێیان خۆشە بەجوامێر لە قەڵەم بدرێن و باری منەتیش بخەنە سەر ئەستۆی کەسانی دییەوە دەربەستی قەرز و حقوق دانەوە نیین کە لە پێویستییەکانی عەدالەتە، ئەم جۆرە کەسانە لە پۆشاکی ئینسانی (عاری و بەرین)[٢٧] حەق دەخەنە ژێر پێ، کارە پیرۆزەکانی حەقدانەوە، فەرامۆش دەکەن... بەشی سێهەمی نمەك حەرامان، ئەوانەن کە لە حەق نەناسیدا ڕێگەی تاجیرەکان دەگرنەبەر، چاکەیێك دەبینن بەتەرازووی خەیاڵی خۆیان هەڵدەسەنگێنن، بەم پێوەرە حەقی دەدەنەوە، ئەم بەشەیش وەك ئەو مەغرورانەن کە پێشتر باسمان کرد، نابێ بەچاوی دوژمنکارییەوە سەیر بکرێن، بەڵام بەچاوێکی کەمتر لە موستەزعەفین سەرنج بدرێن، ئەمانەش لایان وایە حەق دانەوەی چاکە بەئاست و کێشی چاکەکە بێت، بەڵام چاکەی حەقیقی هەرچییەك بێت، نابێ نرخی دیاریکراوی بۆ دانرێت، مەرجیشە بۆ کەسی چاکەکار ڕێزدار بێ و خەڵکانی دیشی لێ ڕازی بن... تا ئەو حەقەش لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە چاکە دیدەکەش خۆی بەئەستۆ پاك نەزانێ تا چاکەکە هەڵنەوەشێتەوە.

لە جۆرە جیاوازەکانی نمەك حەرامی، دەتوانین بزانین حەقشناسی چییە، ئەم هەستە شەریفە پەیوەندییێکی مەحکەمی بەگەردن بەندی ئادەمییەوە هەیە، خاوەنی ئەم هەستە هەمیشە دەیەوێ لە ڕێی خزمەت و سوپاس گوزاری و منەتباری خۆی بۆ کەسی چاکەکار بخاتە ڕوو، جیاوازی زۆرە لە نێوان حەق گوزارێك کە بەڕاست و دروست سوپاسی

---

٢٧- عاری و بەری: ڕووت و بێ بەرین: بەواتایەکی دی پۆشاکی ئینسانییان لەبەردا نییە، ئینسانییەتیش لەوان بەریئە.

چاکەکار دەکات و هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازێ، حەقگوزاری دیش هەن بەسوپاس و ریاکردنەوە، چاوەڕێی چاکە و مەرحەمەتی تازە دەکەن، من بە کەرایەتی خۆمەوە، ئا لەم کەسە ماستاوچی و دەنیئانە بێز دەکەمەوە، چونکە بەجۆرە موبالەغەکردنێکی بێ شەرمانەوە دێنەگۆڕێ. باسی چاکە و مەرحەمە و ئیحسانی هەندێ لە پیاوە گەورەکان دەکەن، ترش و خوێ وەردەدەنە کارەکانیان، بەم کارەیان داوی تەماحی دی دەتەنن، بەناوی پێزانین و سوپاس گوزاری و شوکرەوە خۆ دەخەنە ڕوو، دیاریشە ئەم تایفە دوور نییە، زەبوونی سوپاس و حەقگوزار نین... هیچ کاتێ پیاوێکی دەوڵەمەندم نەبینیوە کە دەیان کەسی موزەوەر و موتەمەلیق دەوروبەریان نەگرتبێ زەوق و خەیاڵیان ماندوو نەکردبێ، بەباوەڕی کەرانەی من، بەنی ئادەم دەبێ ئیحسان و مروەتی خۆی پەنهان کات، کارە چاك و خێرەکانی پاش ئەوەی وەئەنجامیان دەگەیێنێ، بیانخاتە تاقی فەرامۆشی و بیرچوونەوە، چاکەی هەرکەسێ لە پاشملەدا باس کات نەك بەبێ ئەندازەیی و فەوقەلعادەیی، چونکە ئەحمەق ئەم کارانە دەکات بۆ ئەوەی تەزویری شتەکان بکات، مەگەر هەستەکانی سەرکات شکور و مەرحەمەتی کەسی چاکەکار بڵاوکاتەوە و موبالەغەیشی تیا بکات، لەم حاڵەتەدا هیچ ئیعترازێك نییە...

گومان لەوەدا نییە سوپاس گوزاری بۆ ئینسان بارێکی گرانە و ئاسان نییە، بەڵام ئەرکی ئینسانیەتە بەسنگ فراوانییەوە ئەم بارە لە ئەستۆ گرێ، ئەو کەسانەی کە لە کاتی بەخشش و مەرحەمەتدا بەئاسانی ئەو ئینعامانە وەرناگرن و پڕکێشی ناکەن، ئەو کەسانە وریان و دەزانن چوونە ژێر باری ئەو جۆرە کارانە تا چ ڕادەیەك ئەزیەتی کۆڵیان دەدات، ئەوانەی کە بەناچاری قەرز دەکەن لە خاوەن قەرز زیاتر پەلەیانە قەرزەکە بدەنەوە، جیاوازن لەگەڵ ئەوکەسانەی بەئاسانی قەرز وەردەگرن و بەبێ زەروورەتیش قەرز دەکەن و خەمی دانەوەیان نییە، قەرزدانەوەش

زبر دەستی و هونەرمەندی دەویٚ، نەك بەمەیل و ڕەغبەتی قەرزارەکە بێت، دەبیٚ ئەوەش بزانریٚ حەقشناسی بەئەوپەڕی پلەی حەساسەوە بەستراوە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی حەساسدا قورسە.

هەندیٚ پێیان وایە کارکردن کافی نییە، دەبیٚ نییەت پاکی و هەستی دەروونیش تێکەڵ بەکارەکە بێت... بەڵام باوەڕی وایە کە کاری چاك لە گۆڕێدا بوو، نییەتی چاکیش بەزوویی تێکەڵی ئەو کارە چاکە دەبیٚ و یەك دەگرنەوە، چونکە بۆ خەڵکان ئاسانترە، خەیاڵیان لەگەڵ کارەکانیان یەك بگرێتەوە. ئەوکاتە غیرەت و هەستی شەریف دەبێتە سەرچاوەی کاری چاك و سیفاتی پەسەند، ئەمەیش یەکەم بناغەی پەیوەندییە لەگەڵ یەکدی...

تێبینییەکی دیش لە کارەکەدایە، ئەویش ئەوەیە، چۆن ڕێی و شوێن و پایەی ئیحسان یەك جۆر نییە، حەقدانەوەی چاکەیش جیاوازە و یەك جۆر نییە، ناشبیٚ یەك حاڵەت بگرنە خۆیان، بۆ نموونە کەسێکی سەرسەری لە زیادەی نیعمەتەکانی خۆی دەستگرۆیی کەسێکی موحتاج دەکات، ئایە ئەمە لە ڕووی بیٚ موبالاتی و خۆ دەرخستنەوە نییە؟ بەوردی سەرنجی ئەوە نەدراوە کە موحتاجەکە شایستەیە یا نا؟ ئەمە دەسبڵاوی و ئیسرافە، کەسان هەن بەفرۆفێڵ دەسەڵات و سامانی خۆیان دەخەنە ڕوو، هەموو ڕۆژێکیش خەڵکی ساغ و سەلیم لەبەر دیوەخانەکەیدا کۆ دەکاتەوە، هەرکە بیەویٚ بۆ شوێنیٚ بچیٚ و حەرەکەت بکات، مشتیٚ پارە و پوولیان بۆ هەڵدەدات، کەسەکانیش دەچنە گژی یەکدی، بەتواناکان، بیٚ هێزەکان دەخەنە ژێر دەست و پێوە، کەسانێکی کەمیان بەهەندیٚ لەو پارە و پوولە شاد دەبن... یا گروپیٚ لە قەلەندەرانی پەشمینەپۆش دەروێشی دەنوێنن، لە دەوریا کۆدەبنەوە، بەهەریەکەیان شتیٚ دەبەخشیٚ، بۆ ئەوەی ئەو هەژارانە توانای وەدەستهێنانی ڕزقی خۆیان هەبیٚ و بەردەوامی بەژیانیان بدەن، ئەم دەروێشە خەرقە پۆشانەش بتوانن هاریکاری هاوڕەگەزەکانی خۆیان بکەن.

# فەسڵی نۆیەم

وەکو پێشتر گوتم، تەنها لەم چەمەنزارەدا دەژیام، تەنهایی لەم حاڵەتەدا بۆ من سەخت و دژوار بوو، گەلێ غەمبار بووم، بەتایبەتی برینەکەی کلکم گەلێ ئەزیەتی دەدام، بەخۆمم گوت: کام تایفەیە وا لە ئادەمی بێ مافترە؟ بەهەرلایەکدا بچن و سەرنجی هەر شتێ بدەن، جگە لە بینینی سوودی خۆیان چاویان بۆ هیچی دی هەڵنایێت، ئەو سوودانەی کە لە ڕێی خزمەتکار و زەحمەتکێشانەوە بەدەستیان هێناوە، هیچ ئاوڕێکیان لێ نادەنەوە، ئەم بەدکارییە زیاتر نیگەرانی کردبووم، جنێوم بەوەفاداری و حەقناسی ڕەگەزی ئێوە دەدا.

لەپڕ دەستێکی چکۆڵە لە پشتەوە گەیشتە گەردنم، ئاوازێکی شیرین وەك ئەوەی لە شمشاڵەوە بێتەدەر دەیگوت:

– کەری بەستەزمانی بێ چارە! خەڵکی بەدکارییان دەرحەقت کردووە، بێ سەرپەرشتیان هێشتیەوە، تیماری برینەکانی کلکتیان نەکرد کە بۆ ئادەمی بەختت کردبوو، ئێستایش با بڕۆین بۆ لای نەنکم، دڵنیام لە خاوەنەکانی پێشووت چاکتر ئاگادارت دەبێ، ئاڵفت دەداتێ و تیمارت دەکات، کەری بێ چارە چەنێ لاواز بوویت و چەنێکیش مەزڵوومی.

لامکردە لاوە، مناڵێکی هەشت نۆ ساڵە دەستی خوشکە چوارساڵەکەی گرتبوو، پیرەمێردێکیشیان لەگەڵدا بوو، ئەمانەم لە تەنیشتی خۆمەوە بینی، من بۆ ئەم میهرەبانییە گەلێ مەمنوون بووم...

کاکی ئازیز! زۆربەی هاوڕەگەزانی ئێوە، پێیان وایە، کاتی نواندن و دەرخستنی ئیحسان و چاکەکاری بەدەگمەن دەست دەکەوێ، هەرکەسێ ئەم باوەڕەی هەبێ، پەیی بەحەقیقەتی چاکە و ئیحسانی کامیل کەمتر پەیدا بێ، ئەوە هەر ڕۆژ و هەر سەعاتێ، جۆرە جیاوازەکانی وردە چاکە بۆ هاوڕەگەزەکانی خۆتان دەستەبەر بکەن. دەتوانن دەسگیرۆیی کەسانی شایستە بکەن، بۆ نموونە، ئەدەب نواندن بۆ کەسان جۆرێکە لە ئیحسان، زمان شیرینی و سۆز نواندن بۆ کەسان و نزیکان ئەمەشیان جۆرێکی ترە لە ئیحسان، بەنەرمی ڕەفتارکردن لەگەڵ کەسانی لە خۆ چکۆڵەتر و ئەوەیان لە دڵ دەرکەن کە لە پلەوپایەی ئێوەدا نین، وا بەناچاری خزمەتی ئێوە دەکەن، تێیانگەیێنن لە ڕەگەز و ئینسانیەتدا، یەکسانن، ئەمە ئیحسانێکی گەورەیە، هەروەها نەسیحەتکردن، دڵدانەوەی کەسانی پەرێشان، دڵنەوایی کەسانی غەمباریش ئیحسانە، لەبەرئەوەی ئەم کارانە زەحمەت نین و زیان نابەخشن، هەموو کەسێ دەتوانێ زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ ئەم کارە خێرە سەرف کات... بەباوەڕی کەرانەی من، هەرکەسی لە هاوڕەگەزەکانی ئێوە پەیڕەوی ئەم نەسیحەتەی من بکات ئەوا هەمیشە لە خۆشی و بەختەوەریدا دەبێت. نێوانی چاکە و خراپە تەڵەمویەکە، ئەگەر باباموراد توانای ئەوەی نەبوو من بەخێو بکات، مومکین بوو بەلای کەمەوە، دەستێ بەگەردن و گوێیەکانما بێنێ و مەمنونی خۆی نواندبا، ئەوجا گەڕابایەتەوە بۆ گوند.

بەکورتی کچۆڵەکە لە براکەی خۆی پرسی:

– کاکە چ لەم کەرە بکەین؟

براکە، ناوی حەیدەرعەلی بوو گوتی:

– لەبەرئەوەی دڵم بەتەنهایی بێ چارەیی دەسووتێ دەیبەمەوە بۆ ماڵێ.

خوشکەکە گوتی:

– وا بێ من سوارکە.

کچۆڵەیان سواری من کرد، لەبەرئەوەی هەوسارم نەبوو تا بەرەو ماڵ

ڕامکێشن، حەیدەرعەلی دەسماڵەکەی خۆی دەرهێنا بەستیەگەردنی منەوە پیرەمێردەکە هەڵچوو و هاواری کرد:

– دەستماڵی گیرفان بۆ کەر بەستنەوە نییە، بۆ پاککردنەوەی دەست و ڕوخسارە...

بۆ ئەم تێهەڵقورتانەی پیرەمێردەکە لە ناخەوە ئازارم چەشت، بەخۆم گوت:

– بۆ گەردن و ڕوخساری من پاکتر نییە لە سەرو ڕوخساری ئەم منداڵە...

بەڵام میهرەبانییەکەی حەیدەرعەلی، ئەوەندە زۆر بوو، تەقسیری پیرەمێردەکە ببەخشێ، دەستی مناڵەکەم لێستەوە، بێ ئەوەی پێویست بەهەوسار بکات، لە دوای ئەوەوە ڕێم گرتەبەر.

حەیدەرعەلی بەپیرەمێردەکەی گوت:

– هیچ کەرێکت بەم ملکەچییەوە بینیوە؟

پیرەمێردەکە گوتی:

– هەچ کەرێکم بینیوە سەرکێش بوون، لە هێمنی ئەم کەرە سەرم سووڕماوە...

من بەچاوێك کە پڕبوو لە میهر و خۆشەویستی سەیری حەیدەرعەلیم دەکرد، بەچاوەکەی دی، بەئەوپەڕی هەیبەت و توندییەوە سەیری پیرەمێردەکەم دەکرد.

پیرەمێردەکە، ڕوخسارێکی بەد و ناشیرینی هەبوو.

حەیدەرعەلی گوتی:

– من لە سەرنجەکانیا جگە لە سۆز و میهر چیدی نابینم.

هەردوو لەسەر حەق بوون، لەبەرئەوەی ئەم دووەم بەیەك چاو نەدەبینی... پاش چارەگە فەرسەخێ ڕۆیشتن، گەیشتینە گوند منیان لە

ڕاڕەوەکە ڕاگرت و چوونە ماڵەوە، منیش بەسەبکی کەرانی موئەدەب بێ جوولـە وەستـام، لـە جێی خۆم حـەرەکـەتم نـەکرد، بـێ ئـیجـازە نـەچوومـە ژووری، دوو دەقیقەی نەبرد، حەیدەرعەلی و دایکی، لە دەرگاوە هـاتنە دەرێ، دەمژنەوت حەیدەرعەلی بەدایکی دەوت:

– خری دارم هیچ وزیر ندارد، حماری کە نظیر ندارد[٢٨]

دایکی وەڵامی دایەوە

– دەبێ ببینرێ، ئەوجا ستایش کرێ!

کوڕ و دایك نزیکی من بوونەوە، چەند هـەنگاوێ بۆ پێشوازییان چووم، سەرم خستە سەرشانی دایکی حەیدەرعەلی وەکو ئەوەی گەردنی خۆم بخورێنم، گەردنم بەشانی دایکی حەیدەرعەلی دەساوی... ئەو زەعیفەیە لە میهرەبانی من گەلێ کەیفخۆش بوو، بەکوڕەکەی گوت:

– ئایە مومکینە ئەم کەرە بێ خاوەن بێت؟

حەیدەرعەلی بەدایکی گوت:

– ئەگەر خاوەنی هەبا ئاوها بێ سەروبەر نەدەبوو.

ئەسلان...ی مەیتەریان بانگ کرد و منیان سپاردە ئەو، ئەسلان بۆ تەویلەی بردم، حەیدەرعەلی و خوشکەکەی بەڕێیان خستم ئاخوڕێکی پڕ لە وێنجەی وشکیان بۆ ئامادە کردم، ئەسلان پاش ئەوەی کارەکەی خۆی وەئەنجام دا، چووە دەرێ. حەیدەرعەلی لە ئاخوڕی دوو ئەسپ و کەرێکی دی، کە هاوتەویلەی من بوون، هەندێ ئاڵفی دیی دەرهێنا خستیە نێو ئاخوڕەکەی منەوە، کاتێ ئەسلان گەڕایەوە، ئاخوڕەکەی منی بینی، کە زیاد لە پێویست ئاڵفی تیایە، بەحەیدەرعەلی گوت:

– دەبێ بایی ئەندازە و پێویست ئاڵف بەم کەرە بدرێ تا ئەم بێ چارەیە نەخۆش نەکەوێ.

---

٢٨– خری دارم هیچ وزیر ندارد، حماری کە نظیر ندارد: کەرێکم هەیە هیچ وەزیرێك نییەتی، کەرێکە بێ هاوتایە.

ڕاستیش وایە، دەبێ ئەم حاڵە لەبەر چاو گیرێ، هیچ لەگەنێ تەحەمولی شتێ لە قەبارەی خۆی زیاتر بێ ناکات، هەر حەیوانێ لە ئەندازەی خۆی زیاتر خۆراك بخوات نەخۆش دەکەوێ، هەر ئینسانێکیش لە وزەی خۆی زیاتر هێز سەرف کات دەردەدار دەبێ.

پاش ئەوەی کە زیاد لە ئیشتیهای خۆم ئاڵفم خوارد، بۆ حەق نەناسی باباموراد، ئاهێکم هەڵکێشا، وەك میرێکی گەورە کە پاڵ بداتەوە سەر نوێنەکەی خۆی، منیش ئەوها لێ خەوتم، سبەینێ زوو حەیدەرعەلی منی لە تەویلە هێنایە دەرێ و منالانی سواری من کرد، لەو دەوروبەرە دەستمان بەگەردش کرد، لە گەڕانەوەدا دیسان حەیدەرعەلی سێ بەرابەر ئاڵفی خستە نێو ئاخوڕەکەم، سێ ڕۆژی نەبرد لەبەر زیادە خۆری نەخۆش کەوتم، بۆ بەیانی ڕۆژی سێهەم نەمتوانی لە جێیەکەی خۆم هەڵسم، هێز لە ئەژنۆمدا نەمابوو، سەرم بە سەختی ژانی دەکرد، تایێکی قورسم لێ هاتبوو ئەسلانی مەیتەر نزیکی من بۆوەوە، دوو سێ جار گوێیەکانی ڕاکێشام لە جێیەکەی خۆم نەبزوام، کلکی بەرز کردمەوە، دیسان حەرەکەتم نەکرد، لەم کاتەدا حەیدەرعەلی گەیشتە لام، کە منی بینی نەخۆشم و لە پێ کەوتووم، دەستی بەگریان کرد... بارامی باوکی حەیدەرعەلی لە گریە و نالەی منالەکەی سەری سووڕمابوو، بەپەلە هاتە نێو تەویلە لە سۆنگەی گریانەکەی پرسی... حەیدەرعەلی بەگریانەوە منی نیشان دا، بارام لە سۆرانی چریك بوو، چەند جارێ بەمەئموریەت سەفەری کردبوو، بەیتاڵی دەزانی، نزیکی من بووەوە، دوو سێ پێلەقەی پیاکێشام نەمتوانی لە جێیەکەی خۆم ببزوێم، لە ئەسلانی پرسی:

– پێ دەچێ ئەم حەیوانە جۆی زۆر خواردبێ.

گوتی:

– من نەمداوەتێ، کوڕەکەتان لەبەر موحیبەتی خۆی زۆری دەرخوارد داوە.

بارام گوتی:

– حاڵی ئەم حەیوانە گەلێ بەدە، برۆ ناڵبەندی دێیەکە بانگ کە بایتاڵیش دەزانێ.

من بەم تایە زۆرەیشەوە پێکەنینم بەم عیلاجە هات، دەردی من لە کوێ و ناڵبەند لە کوێ...

دوور لە گیانی ئێوە، ناڵبەندەکە داوای تاوەی کرد، نەمزانی ئەمەی بۆ ویست، بێ ئەدەبی نەبێ لە ڕووتان، هەرچی پیسی هەیە کە لە ماوەی پەرێشانی و بێ خۆراکیدا کە بەزەحمەت پەیدام دەکرد و دەمخوارد لە ڕیخۆڵەکانمەوە هاتنە دەرێ... هەندێ ئاسوودەیم بۆ گەڕایەوە عەسریش ناڵبەندەکە هاتە دیدارم، بەو چەقۆیەی کە لە کەمەریدا بوو گەردەنی خوێناوی کردم، بەجۆرێ ئاسوودە بووم، شەو بەئیستراحەت خەوتم بەیانیش دەمتوانی بەپێوە بووەستم، دەرکەوت ناڵبەندەکە لە عیلمی بەیتاڵیش شارەزایە، بەڕەوشی ئەهلی مەملەکەت فێری ئەم عیلمە بووە، بۆ چارەسەری بیماریش شت تێکەڵ و پێکەڵ ناکات بەپێچەوانەی بەیتاڵەکانی دی کە بەڕەوشی بیانییەکان تیمار دەکەن، ئەوانەی کە نەفێری عیلمی ئەسڵی خۆیان بوون نە عیلمی بیانییەکان، لەلای بەیتاڵەکانی شەرقی هەندێ ئیستلاحی بیانی بەکاردەهێنن لەلای بیانییەکانیشدا خۆیان بەشاگرد دەزانن، بەم جۆرە عیلمەکەی خۆیان پەنهان دەکەن، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی هاوڕەگەزانی ئێمە لەوەتەی ئەم بەیتاڵە سیفەت نەعامانە پەیدابوون، لە مەملەکەتی ئێمەدا (کەرمەرگی) زیاد بووە، بەکورتی هەشت ڕۆژ نەخۆشییەکەم درێژەی کێشا، حەیدەرعەلی ڕۆژێ دە جار دەهاتە لام، گەڵای کاهوو و کەلەرمی دەرخوارد دەدام، تەنانەت لێفەی خوشکەکەی بەدزی دایك و باوکییەوە دەهێنا و دادەپۆشیم، بەیانی ڕۆژی هەشتەم نەخۆشییەکەم نەما و بەتەواوی چاك بوومەوە بەنازەوە لە تەویلە هاتمە دەرێ، خاوەنە چکۆڵەکەمم سواری خۆم کرد، بۆ گەردشم برد.

# فەسڵی دەیەم

ڕۆژێکی دیش دیسانەوە موسابەقەی ڕاکردنی کەرانیان ساز کرد، ئەمەیان بۆ گرەو نەبوو، هەر تەنها لەبەر حەز و هەوەس بوو، کەرێکی زۆریان لەو دەوروبەرەوە هێنابووە نێو مەیدانی گوندەکە، زۆربەی کەرەکان هەمان ئەو کەرانە بوون کە جاری پێشتر من لەگەڵیاندا موسابەقەم کردبوو بەتایبەتی ئەو کەرە دڕندە و نالەبارە کە بەدگان کلکی جاویبووم، هەرکە ئەمبینی بە سووکایەتییەوە، هەروەك ئەوەی سەیری سەگ بکەم ئاوها سەرنجم دا...

هێشتا ڕۆژ سەعاتێ زیاتری تێپەڕاندبوو، خەڵکی گوند بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە، هاتبوونە نێو مەیدانەکەوە، سیانزەی نەورۆز بوو، هەوا گەلێ خۆش بوو و سازگار بوو، ژن و پیاو، کوڕان و کچان، پۆشاکی جەژنیان پۆشیبوو، مەیدانەکە لەبەر ڕەنگی جۆراوجۆری تۆخ – گوندنشینان– حەزیان لێیەتی، مەیدانەکە وەك گوڵزارێکی لێ هاتبوو، هەموو دەیانگوت:

بابچین بۆ قەلای (گبری) هەندێ ژن و منداڵیان سواری کەرەکان کرد، پیاوەکان بەپیادە کەوتنە ڕێ، حەیدەرعەلی و خوشکەکەیشی هەردوو سواری پشتی من بوون، نزیکی قەلای (گبری) بووینەوە، ئەلحەق شوێنێکی دڵگیر و با سەفا بوو، جەنگەڵێك لە نزیك ئەم چەمەن و تەپۆڵکەیەدا هەبوو، لە نێوانی تەپۆڵکە و جەنگەڵەکەدا مێرگوزارێك و قەلایێکی نیمچە وێران بەرچاو دەکەوت... فێنکی بەهار و مەوسمی نەورۆز، درەختە سەوزەکانی گەشاندبووەوە، زەویش وەك فەرشێکی ڕەنگینی لێ هاتبوو، منالان لە سواری دابەزین و بەپیادە ڕۆیشتن، پێویستییەکانی خواردن و

خواردنەوەیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو، بردیانە ژێر سێبەری پیرە چنارێك، هەوساری ئێمەیان بەردا، ئێمەیش بەئازادییەوە دەلەوەڕاین.

مـن زیـاتـر حـەزم لـە قسانـی ئـیـنسان دەکـرد، لـەو کـۆمـەڵـە لادێیـە دوورنەکەوتمەوە گوێم بۆ هەڵخست... دەیانگوت:

– ئەم قەڵای (گبری)یە شوێنێکی ترسناکە، بەئیستلاح زەویەکەی قورسە، شەوان هەر کەسێ بێرەدا تێپەڕێ دەنگی سەیر و عەجیب دەبیستێ، یا جێی حەوانەوەی جنۆکانە، یا ڕوحی ئەو کەسانەیە کە پاش سەرکەوتنی ئیسلام کوژراون، شەوان لە گۆڕەکانی خۆیانەوە دێنە دەر و ڕوو لەم قەڵایە دەکەن دەگرییێن... بەهەر جۆرێ بێ چارەی ئەم مەسئەلەیە، گەر هاوڕەگەزانی ئێوە پەیتان پێ نەبردبێ، ئەوا من بڕیارم داوە بەپێی توانا هەوڵ دەدەم ئەم ڕازە ئاشکراکەم.

هـەوسارەکـەیـان لـە گـەردنم، پێچابوو، بۆ سەیر و تـەمـاشا چوومـە نێو کـەلاوەکـە، بـەرێککـەوت بـەرەو بـورجـێ ڕۆیشتم کـە کـەوتبووە گۆشـەیـێکـی قەڵاکەوە، ماوەیەێك لە سێبەری دیوارێکدا وەستام، بیرم لەو وەرچەرخانەی دنیا دەکردەوە، لەوە ڕامام کە ئێرە بەر لە ئێستا شوێنێکی ئاوەدان بووە، خەڵکەکەی لە خۆشی و بەختەوەریدا دەژیان ئەمڕۆیش جگە لە درێغ و ئەفسوس بۆ شوێنەوارە گوم و نادیارەکانی هیچی دی تیا نەماوەتەوە... لە گێژاوی ئەم خەیاڵاتانەدا بووم لە ژێر پێی خۆمەوە دەنگی ترسناکم ژنەوت، سەرم بەرەوخوار شۆڕکردەوە، گوێم هەڵخست، هەستم کرد دەنگەکە لە ژێر زەمینێکی ژێر بورجەکەیەوە، نەم دەزانی ڕێی ژێرزەمینەکە لە کوێوەیە، لەپڕ سەرم لە نێوان خشتە شکاوەکانەوە بردە ئەودیو، سەیری دەوروبەرم کرد، دەمژنەوت یەکێ بەئاسپایی دەیگوت:

– چ کەسێ دیار نییە وەرنە دەرێ، با ئەم کەرەی هاتووەتە نێو ئەم کـەلاوەیـە بـدزیـن پـاشانـیش خـاوەن کـەرەکـانـی دیش ڕووت کـەیـنـەوە و کەرەکانیشیان دەدزین.

دوانزە کەس لەو کونە هاتنە دەرێ. لە پێشدا منیان گرت پاشان لە قەڵاکە

چوونە دەرێ. ئەو کەرانەی لە دامێنی قەڵاکە دەلەوەڕین ئەوانیشیان بە (ئاڵجە)[٢٩] برد دەمبینی هاوڕێکانم بەتێڵا و بەزەحمەت دەبردە نێو چاڵەکەوە، زانیم ئەو قسانەی لەم قەڵایەوە گەیشتووەتە گوێی خەڵکی نە دەنگی جنۆکەیە و نە پەرییە و نە ڕوحی کەسانی ترە، بەڵکو دەنگی ئەم دزە ڕێگرانەیە، من لەبەرئەوەی نەرمیم نواندبوو، کاتێ کە دەستگیریان کردم، ئەزیەتی زۆرم بینی، چونکە لەڕ و ناشیرین بووم نەخۆشی ئەو چەند ڕۆژەی پێشوویش لەڕتری کردبووم، سەرەتا ئەو کەسەی منی دەستگیر کرد، پێشتر لە منی چاکتری دەسکەوتبوو، تەنها زنجیری هەوسارەکەمی لە زەویدا داکوتی، خۆی چووە ژێرزەمینەکە... منیش بەئاسپایی مێخی هەوسارەکەم هەڵکەند، لە قەڵا وێرانەکە چوومە دەرێ بینیم منداڵان بەگەمەکردنەوە بەرەو قەڵاکە دێن، بەرەو ڕوویان چووم ڕێم لێ گرتن نەمهێشت بچنە ئەو شوێنە خەتەرناکە، ئەوان هەرچەندە داکۆکییان لەوە دەکرد بچنە نێو قەڵاکەوە، من ڕێم لێگرتن و نەمدەهێشت بڕۆن. تووڕەبوون و چەند بەردێکیان تێ گرتم، من لەبەر موحیبەتی هاوڕەگەزانی ئێوە، تەحەمولی ئەو بەردانەشم کرد، بەهیچ جۆرێك نەمهێشت منداڵان بچنە ژووری حەیدەرعەلی بەوانی گوت:

– کەرەکەی من دانایە، تا خەتەرێکی نەدیبێ، ئاوها ڕێمان لێ ناگرێ چاکتر وایە بگەڕێینەوە، ئاگاداری کەسانی خۆمان بکەین.

ئەوان لە پێشەوە، منیش دوایان کەوتبووم، گەیشتینە ژێر پیرە چنارەکە منداڵان ڕووداوەکەیان گێڕایەوە، وەك پێشتر باس کرا بارام کەسێکی دنیادیدە بوو گوتی:

– لەم کەلاوەیەدا کارێکی فەقولعادە وجودی هەیە چاکتر وایە بەزوویی بگەڕێینەوە، ئەویش نزیك بووەتەوە، زۆرجار بینیومانە حەیوانات زووتر لە ئینسان درك بەخەتەر دەکات، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ گوند... ئەرێ کەرەکان دیارنین، لە کوێدان؟

٢٩–ئاڵجە: ئەو ماڵ و کەرەسانەی پاش هێرش بە ئەسیری دەیگرن: ئەنفال، دەسکەوتی شەڕ.

هـەركـەسەو لـە جـێی خـۆیـەوە هـەڵسا، بـەدووی کـەرەکـەیدا دەگـەڕا... کەرەکانیان نەدۆزییەوە... یەکەم شتێ کە هاتە خەیاڵیان، هەموویانیش هەمان ڕایان هەبوو، کە باوکی حەیدەرعەلی دەریبڕی.

– هێشتا درەنگ نییە... ڕەنگە کەرەکان بەلەوەڕ ڕووەو تەویلەکانیان ڕۆیشتبن... لە گوندەکەوە زۆر دوورنین، مناڵە چکۆڵەکان سواری ئەم کەرە دەکەین، خۆشمان بەپیادە دەگەڕێینەوە.

چوار مناڵە چکۆڵەکانیان سواری پشتی من کرد، هەرچواریان بەقەدەر یەك پیاو قورس بوون.

باوکی حەیدەرعەلی سەرەتا هەستی بەوە کردبوو، دزان کەرەکانیان دزیوە لەبەرئەوەی ژنان و منالان هەراسان نەبن، بێ دەنگ بوو، هیچی نەدەگوت تا گەیشتەوە ماڵێ لەوێدا سواری ئەسپەکەی بوو، بەرەو قەسەبچەکە کەوتە ڕێ تا ئاگاداری (قەرە سوران)[٣٠] بکات، تا بێن شوێنی دزەکان دەستنیشان بکەن، ئەگەر ئەوانیان دەستنەکەوت، کەرەکان پەیداکەن و بیانگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان... هێشتا دوو سەعاتی شەو تێنەپەڕی بوو، بارام لەگەڵ دە قەرەسوران گەیشت نەوە ماڵێ، شیویان خوارد و شەویان بەسەربرد، نیازیان وابوو بەر لە خۆرهەلاتن بگەنە جەنگەڵەکە بەڵکو کاریکی سوود بەخش ئەنجام بدەن، پاش شیو خواردن ئەنجوومەنی شورایان دامەزراند، بیریان لە گەمارۆدانی قەلاکە و هێرش دەکرد. بڕیاریشیان دا منیش بکەنە هاوڕێ و ڕانمای خۆیان، چونکە کیاسەت و[٣١] شعوری من موکەڕەڕ بەتەجرەبە سەلماندبووی لەو دەڤەرەدا بەخاوەن فیراسەت ناسراو بووم هەر لەبەر ئەمانە بڕیاریان دا ببمە پێش قەرەوڵیان.

بەرەبەیان دەستیان بەحەرەکەت کرد. دەرگای تەویلەیان کردەوە، منیان لە خەوی شیرین خەبەر کردەوە، ئەسلان–ی مەیتەر قەمەیێکی لە کەمەر

---

٣٠– قەرەسوران: پاسەوانی ڕێگا و کاروان.

٣١– کیاسەت: زیرەکی، بیرتیژی، زووحاڵی.

بەستبوو، لەگەڵ دەمانچەیێك و كوتەكێكی ئەستووری پێ بوو، كڵاوێكی لەسەر بوو، سواری پشتی من بوو لە پێشی هەموویانەوە، كەوتینە حەرەكەت، من لە مەبەستەكە گەیشتم كە هەندێ ئینسان لەم مەوقیعەدا پێویستییان بەرانمایی كەرێكە... بۆ جارێكی دی و بۆ سەلماندنی هەستەكانیان بڕیارم دا شەرافەتی ڕەگەزی خۆم لە ئاستی چینەكانی دیی مەخلوقاتدا ئەمجارەش ئاشكراكەم، بۆیە بەكەماڵی وریایی و ئیحتیاتەوە بەڕێدا دەڕۆیشتم، بە ئینسافیشەوە دەڵێم قەرەسورەكان و باوكی حەیدەرعەلی، هەنگاوی ئەسپەكانیان بوونە هاوهەنگاوی من و بەهەمان وریایی و ئارامییەوە وەك سەردارێك لە پێشی سوپایەكەوە بڕوات و ئەوانی دیش دووی كەون ئەوها دەڕۆیشتن، لەبەر دەرگای قەڵاكەدا وەستاین، ئەوانی دیش وەستان، تەكانێكم دایە بەرخۆم ئەسڵان تێگەیشت دەبێ دابەزێ، قەرەسورەكانیش هەموو دابەزین و پیادە بوون، هەوسارەكەمیان پێچایە گەردنمەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە حەرەكەتدا ئازاد بم و سەرپشك بم من لە دەرگای قەڵاكەوە، كە دەبێ قەرەسورەكانیش بكێشنە دواوە و لە هەمان شوێندا بوەستن، ئەوجا بەتەنها گەڕامەوە لە دەرگای قەڵاكەوە چوومە ژوورێ، دەستم بەزەڕین كرد... هەركە دەنگم بەرزبووەوە، ڕەفیقەكانی من كە لە ژێرزەمینەكەدا حەپس بوون، ئەوانیش بەیەك دەنگ ئاوازی خۆیان بەرزكردەوە، یەكێ لە دزەكان بەهەمان وریایی ڕۆژی پێشتر لە كونەكە هاتە دەرێ و منی بینی و هاواری كرد: ئەمە هەمان كەرە مەفلوكە بەد خووەكەی دوێنێیە، دەبێ ئەمڕۆ بیگرم و بەرەو ژێرزەمینەكەی ببەم، لە كونەكە هاتە دەرێ، نزیكی من بووەوە، منیش بەرەو پاش دەكشامەوە تا ئەو شوێنەی قەرەسورەكانی لێ بوو– كە لە پشتی درەختەكانەوە خۆیان شاردبووەوە هەركە وەستام، دزەكە دەستی بۆ هەوسارەكەم برد، لە چوارلاوە قەرەسورەكان هێرشیان كردە سەری و گرتیان و دەستیان لە پشتەوە بەست... جارێكی دیش بەرەو قەڵا كەلاوەكە چوومەوە، سەرلەنوێ دەستم بەزەڕین كردەوە... ئەمجارەیان دەنگی

ڕەفیقەکانم بەرز نەبووەوە، زانیم دزەکان فێڵێکیان بەکارهێناوە، ئەویش بەکلکی هەریەك لە ڕەفیقەکانم بەردێکیان بەستووەتەوە.

ئێمەی کەران کاتێ کە بزەڕین، ناچارین کلك بەرزکەینەوە، ئەگەر شتێکی قورس بەکلکمانەوە ببەستن، ئیدی ناتوانین کلك بەرزکەینەوە و ناشتوانین بزەڕین، بەکورتی لە ڕەفیقەکانی خۆمەوە هیچ وەڵامێکم نەبیست، بەڵام دزێکی دی بەهەمان وریایی و ئیحتیاتەوە، لە کونەکەوە سەری دەرهێنا، بۆ ئەوەی بمکاتە نێچیری خۆی، هەڵساو بەرەو ڕووم هات بەهەمان تەگبیری پێشوو سپاردمە دەستی قەرەسورەکان.

لە زمانی ڕەئیسی سوارەکانەوە دەمژنەوت کە:

– ئەم کەرە گەلێ شایستەیە دەبێ مەدالیای ئیمتیازی بدرێتێ، لە زومرەی ڕەئیسی پۆلیسدا جێی شایستەی هەبێ.

باوکی حەیدەرعەلی گوتی:

– بەیەقینەوە دەڵێم ئەم کەرە لە نەوەی کەرەکەی حەزرەتی عیسایە.

ڕەئیسی قەرەسورەکان وەڵامی دایەوە.

– مەشاعیری ئەم کەرە– کە لە سەردەمی شارستانیەت و مەدەنیەتدا دەژێ– ئەڵبەتە لە مەشاعیری ئەژدادی کیرامی پێشکەوتووترە...

جارێکی دیش بۆ کەلاوەی قەڵاکە چووم، دەستم بەزەڕین کرد کەسێ نەهاتە دەرێ، مەعلوم بوو دزەکان بەدگومان بوون و خەریکی تەگبیری کاری خۆیان بوون، بەپەلە گەڕامەوە بەئیشارەتی تایبەتی هانی قەرەسورەکانم دا هێرش بەرن.

شەش دز بەدەمانچە و تفەنگەوە هاتنە دەرێ و ڕووە و دەرگای قەڵاکە ڕایانکرد، هەرکە چاویان بەقەرەسورەکان کەوت تفەنگ و دەمانچەکانیان خاڵی کرد، یەك قەرەسور کوژرا دوانی دیش بریندار بوون، حەوت کەسی دی لەگەڵ بارام و ئەسڵانی مەیتەردا بوون تفەنگ و دەمانچەیان پێ بوو، تەقەیان لە دزەکان کرد، سیانیان کوژران و دووانیان بریندار بوون،

برینەکانیان سەخت بوو، هی ئەوە نەبوون بتوانن ڕاکەن.

پاش ئەم سەرکەوتنە، بەڕانمایی من ڕووەو ژێرزەمینەکە چووین سێ بەشی ئەم قەڵایە ژێرزەمین بوو درابوونە دەم یەکەوە، لە یەکەم ژێرزەمیندا ڕەفیقە بێ زمانەکانمی تێدابوو، بەردیان بەکلکەوە بەستبوون، گوێیان شۆڕببووەوە، من پێشکەوتم بە سەرو لمۆز کلکی ڕەفیقەکانم نیشان دان، هاوەڵان زانییان کە دەبێ یەکەم شت کلکی زمان بەستەکان بکرێنەوە، لە ئیشارەتەکەی من حاڵی بوون، ئەم میهرەبانییەیان بەرانبەر بە هاوڕەگەزەکانی من نواند، هەرکە کلکیان لەو تەڵانە ڕزگاربوو ئیستراحەتیان کرد، هەموو بەیەك دەنگ دەستیان بەزەڕین کرد، بەجۆرێ دەزەڕین خەریك بوو گوێی بیسەران کەڕ بێ، لەم ئاوازە کەریھە قەرەسورەکان پەست بوون، دەستیان بەبەدگۆیی کرد، منیش بزەم دەهاتێ و دەمگوت: هیچ مۆسیقایەك لە زەڕینی کەران موناسیبتر نییە، ئەمانە چ پیاوگەلێکی ئەحمەقن کە خۆش و ناخۆش لە یەك جیاناکەنەوە.

گەیشتینە ژێرزەمینی دووەم، خەڵکانێکمان بینی دوو دوو بەزنجیر بەسترابوونەوە، ئەمانە ئەو بازرگانانە بوون کە لە دەوروبەری قەڵاکەدا تێپەڕیبوون، ڕێگرە بێ دینەکان گرتبوویانن، ئەمانە بەم حاڵەتەوە خزمەتی دزەکانیان دەکرد.

ژێرزەمینی سێهەم جێی تایبەتی دزەکان بوو، پێستیان ڕاخستبوو، کەرەسەی جەنگیشیان بەدیوارەکانەوە هەڵواسیبوو. قەرەسورەکان بەندەکانیان ئازاد کرد، کەرەکانیشیان لە ژێرزەمینەوە هێنایە دەرێ، بەهەمان ئەو زنجیرانەی بەندەکانیان بەستبووەوە خودی دزەکانیان بەستەوە، کوژراوەکانیان لە هەمان شوێندا جێ هێشت، بۆ قەسەبچەکە گەڕانەوە تا ڕووداوەکە بۆ حاکمی قەسەبچەکە باس کەن، داوای هەندێ خەڵکیشیان کرد هاریکارییان بکەن بۆ لە گۆڕنانی کوژراوەکان و هەڵگرتنی ئەو کەلوپەلە دزراوانە...

# فەسڵی یازدەم

حەیدەرعەلی ئامۆزاییێکی هەبوو ناوی سەفدەرعەلی بوو بەتەمەن و خوورەوشتیش لە یەکدی دەچوون، بۆ گەردشی دەوروبەر جارجارێ سەفدەر سوارم دەبوو، حورمەتی زۆری لێ دەگرتم نەقیزەو داری نەدەگرتە دەست قایلیش نەدەبوو، هیچ کەسێ تەعەدام لێ بکات.

ڕۆژێ هەدوو کوڕە مام بۆ گەردش هەندێ لە گوند دوورکەتینەوە لە ڕێدا منالێکی ڕووتیان بینی، لەبەر برسییەتی گەلێ بێ حاڵ بوو، نزیکی بوونەوە و پرسییان:

– کوڕی کێیت؟ لێرەدا چ دەکەیت؟

منالەکە بەگریانەوە وەڵامی دایەوە:

– بێ کەسم، ڕوخسارم گەواهی حالمە.

حەیدەرعەلی پرسی:

دایکت و باوکت نییە؟

منالەکە وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر دایك و باوکم هەبا، لێرەدا چیم دەکرد؟

سەفدەرعەلی پرسی:

– ئەی چۆن ڕۆژگاری ڕەشت بەسەردەبەی؟ گوتی:

– ئیبنی سەبیلم و بێ کەفیلم(٣٢)

٣٢– ابن السبيل وبلا كفيل: ابن السبيل، ڕێبوار، ئەو ڕێبوارەی کە لە ڕێدا ماوەتەوە، موسافیری بێ نەوا...

بلا كفيل: ئەو کەسەیە کە چ کەسێکی نییە بەخێوی بکات.

حەیدەرعەلی لە تەمەنی پرسی، گوتی:

– نازانم، بەڵام ساڵی پار کە دایکم مرد، بەهاوسێکانی گوت:

– ئەم منداڵە شەش ساڵانە، ئاگاتان لێ بێ و بەبێ کەس نەمێنێتەوە.

سەفدەرعەلی پرسی:

ماڵت لە کوێیە؟

منداڵەکە وتی:

– شەوان لە تەویلەدا ڕۆژدەکەمەوە، بەیانیانیش لە سەرەڕێیەکان دادەنیشم، لە ڕێی سەدەقەی خەڵکییەوە پاروە نان پەیدا دەکەم، ئەگەر وەك دوێنێ شەو و ئەمڕۆ، خۆراکم دەسنەکەوێ حاڵم وای لێ دێ کە ئێستا دەمبینن.

حەیدەر لە ناوی پرسی، گوتی:

– قەنبەر

حەیدەرعەلی دڵی بەبێ کەسییەکەی منداڵەکە سووتا، بەگریانەوە ڕووی لە سەفدەرعەلی کرد، بۆ ئەم بێ چارەیە چ تەکبیرێ بکەین... هەردوو ڕێککەوتن کە قەنبەر سواری من بکەن، خۆیان بەپیادە بەرەو ماڵی حەیدەر بڕۆن کە بەتواناتر بوون لە ماڵی سەفدەرعەلی... قەنبەریان خستە سەر پشتی منەوە، گەڕاینەوە، هەرکە گەیشتین پارووێك نان و هەندێ پەنیریان دایە قەنبەر، ئەم منداڵە لەبەر برسییەتی بەچاو و دەم ماشتییەوە، من ترسی ئەوەم هەبوو پاروو لە قورگی گیر بێت، کە تێر بوو، هەندێ ئاوی خواردەوە، هەناسەیێکی هەڵکێشا، دوعای خێری بۆ ئەم دوو کوڕە مامە کرد.

حەیدەرعەلی بەڕاکردن بۆ ماڵەوە چوو، دایکی بانگ کرد و پێی گوت:

– دایە گیان دیاریمان هێناوە، ئەگەر زیانی دنیایی تیابێ، بەڵام

سوودی بۆ ئەو دونیا گەلێ گەورەترە، منداڵێکی بێ چارەی برسی لە سەرەڕێدا کەوتبوو من و کوڕی مامەکەم هێنامانەوە بۆ ماڵێ... خۆزیا لەسەر ئەم کارە خێرەمان سەرزەنشتت نەدەکردین.

دایکی حەیدەرعەلی، ژنێکی چاکەکار بوو منداڵەکەی خۆی ماچ کرد و نەوازشی سەفدەرعەلیشی کرد، هاتە باغەکەی دەرێ، قەنبەر لەوێ بوو بەزەیی پیاهاتەوە بەمیهرەبانییەوە بردییە ماڵەکەی... ئێوارە بارام هاتەوە بۆ ماڵێ، لە ڕووداوەکە ئاگادار بوو، ئافەرینی لە کوڕ و برازاکەی خۆی کرد، پاش ئەمیش، ئەو شەوە هەرچی بەنسیب بوو، بەشی منداڵەکەیان دا، سپاردیانە دەستی ئەسڵان-ی مەیتەر، لە هەیوانی نزیکی تەویلەکەدا جێیان بۆ ڕاخست و خەوت، سبەینێ ناردیانە حەمام. لەبەرئەوەی پۆشاکەکانی حەیدەرعەلی و سەفدەرعەلی گەورە بوون، بۆ بەری منداڵەکە نەدەبوون... بارام چەند قرانێکی دایە دەستی کوڕەکەی و قەنبەری بردە قەسەبچەکە، لەوێدا لای بەزازێ بەپێی ئەندام و باڵای قەنبەر پۆشاکی بۆ کڕی، قەنبەر-یان سواری من کرد، ئامۆزاکان پێشی من کەوتن بەرەو قەسەبچەکە ڕۆیشتن، لەوێدا چینی بازرگانان، ئەگەر برای جوولەکەکان نەبن، ئەڵبەتە کورە مامیانن حاجی ڕەمەزانی بەزاز تا تاقەتی تیا بوو، پۆشاکەکانی بە گران فرۆشت، ئەوەی نەقد بوو وەری گرت، لەبەرئەوەی باوکی حەیدەرعەلی دەناسی باقییەکەی بەقەرز قبووڵ کرد، تا ئێوارێ بێتە ماڵێ و داوای قەرزەکەی بکات، ئێمە بەتەواوی خۆشحاڵییەوە گەڕاینەوە، حەیدەرعەلی بەدرێژی باسەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە، بەڵام بەوردی نرخی پۆشاکەکانی نەدەزانی، ئێوارە حاجی ڕەمەزانی بەزاز هات، داوای باقییەکەی دەکرد، بارامیش یەکەیەکە نرخی بۆ پۆشاکەکانی کۆکردەوە، بۆی دەرکەوت حاجی ڕەمەزان نەزانیی منداڵەکانی بەفرسەت زانیوە و باری کردوون، حاجی ڕەنگی تێکچوو بەفەزیحەتەوە لە ماڵەوە دەریانکردە دەرێ، حاجی ڕەمەزان لە کۆڵاندا هاواری دەکرد و کەوتە

بەدگۆیی گوتن، هەندێ خەڵکی بێ کار و بێعار لە دەوریدا کۆبوونەوە، بارام بێ ئەوەی توندییەك بنوێنێ لەبەر چاوی کوێخای دێدا، بۆ ئەوەی کێشەکە پەرە نەسێنێ پۆشاکەکانی قەنبەری دووبارە قیمەتەکانی کۆکردەوە، دەرکەوت حاجی ڕەمەزان فێڵی کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو دووسێ قرانەی داوای دەکرد وەری گرت:

کاکی ئازیزی من!

هەندێ لە حەکیمەکان بڕوایان وایە مەدەنیەت و خواستەکانی شارنشینان وای لێ کردوون تووشی نەوعێ لە موحتاجی بن، ئەمیش ناچاری کردوون ڕاستەڕێ بەردەن، خەمی تەدارەکی پێویستییە قەڵبەکانیان بن، ئەمەیش ئسوڵی تەمەدون نییە، بادیەنشینەکان کە ڕەوشت و ئادابی وەحشییانەیان هەیە بەخشڵ و ئارایشتی مەدەنیەت خۆیان ناڕازێننەوە، ئەگەر بەچاکی سەرنجی بدەین خاوەن بەزەیی و میهرەبانن بەرانبەر یەکدی و کەم ئازارترن... لە هونەری زوڵم و جەفا و فرتوفێڵ زۆر ئاگادار نین لە سادەیی خۆیاندا سادە و بێ وەین...

لە ئیمکاندایە، پاراستنی ڕەگەز و کەسانی هاوڕەگەز بۆ بەنی ئادەم کە زەعیفترین و عاجزترین مەوجوداتە تا لەو دنیایەدا داوای سەوابی بۆ بکەیت، ئەمیش شتێ نییە منەت بەسەر خوا و پێغەمبەردا بکەیت... نیگاهداری هاوڕەگەزەکانی خۆتان کە یەك بەیەکیان، هەریەکە لە جێی خۆیدا کەرەسە و سۆنگەی خزمەت، خزمەتکردنی ئەوان، خزمەتکردنی خودی خۆیە...

سەرچاوەی سەخاوەت و مروەت سەرمایەی ئادەمی و جوانمەردی و بەزەییە بەهاوڕەگەزەکانی خۆ بەتایبەتی، بەتوانا و بەهێز خزمەتی زوڵم لێکراو و لاوازان بکەن، هەندێ لە حەکیمان سەرچاوەی عیشقیان لەمەوە زانیوە، هەر بەم مانایە ئەگەر عیشق سیفەتی بەزەیی نەگرێتە خۆی ناگاتە ئەنجام عاشق نیسبەت بەمەعشوقی خۆی، هیچ جۆرە مەکروهێك پەسەند

ناکات، با بەواتایێکی دی، توانای بینین، یا ژنەوتنی ئازاری مەعشوقی نییە، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە بەهرەکانی بەزەیی، ئەگەرچی بینیومانە کەسانێك بەسەرهاتی خەم ئامێز یا بینینی ڕووداوی جەرگبڕ، ئەوەندە کاری لێ کردوون، تا ڕادەیێك ئیرادەیان لە دەست داوە، بەگەرمی دەستیان بەگریان کردووە... لە شوێنێکی دیشدا تیغی بێ ڕەحمیان هەڵکێشاوە، بەئەوپەڕی بێ بەزەییەوە کۆمەڵێ لە هاوڕەگەزانی خۆییان دەکوژن... دەڵێم دڵنەرمی و خەمخواری لەو کاتەدا سیفەتی بەزەیی دەگرێتە خۆی...

جەماعەتێ لە فەیلەسوفەکان ڕێگەیێکی دییان گرتووەتە بەر، خۆیان بەنەوعی مومتاز لە قەڵەم دەدەن، هەرکەسێ ببینن تووشی بەڵا و میحنەتێ بووە خۆیانی لێ نەبین دەکەن، چ ڕەنج و ئازارێ، ناچێژن بۆ بەڵاکانی هاوڕەگەزی خۆیان، دەڵێن بۆ ئێمە ئازار بچێژین، دەڵێن:

(مەرگی ئازیزت لە بیر بەرەوە... یا... سەدمەیێك بەر تۆ کەوتووە بەر ئێمە نەکەوتووە، ئەو بەڵایەی تۆ دیوتە، ئێمە نەمانبینیوە، ببە بەفەیلەسوف... فەیلەسوفەکان ئیستراحەتی خۆیانیان لە هەموو شتێ پێ باشترە).

ئا لێرەدا مەعلوم دەبێ، ئەم تایفەیە لە وەحشییە خوێنخۆرەکان نەگریسترن، لە سیفەتە ئینسانییەکان داشۆراون، بەم پێوەرە بێ غیرەتی و بێ عاری و بێ بەزەییان دەکەوێتە ڕوو، ئەم فەیلەسوفانە کە خەمی هاوڕەگەزەکانی خۆیان نییە، لە مانای ڕەوشت و نەنگی نازانن، لە پاینترین و پیسترین چینەکانن، چونکە پیاوی وەحشی چاو و گوێی خۆی ناگرێ، تا لە بینین و ژنەوتنی بەڵای هاوڕەگەزانی خۆی، خۆی غافڵ ناکات. بەڵام ئەم جۆرە فەیلەسوفانە کە گوایە موتە دینن، خۆیان لە باڵاترین پایەی زانستیدا دەبینن، دەزانن و بەمەبەستەوە پێشنیازی غافڵ بوون دەکەن، چاو و گوێیان دەگرن ئەم فەیلەسوفانە، لە ڕەوشتی ڕەسەن و فیترەتی ئەزەلی خۆیان کە مروەت و ڕەحم، خواوەند تێکەڵی کردوون، خۆیان بەئەنقەست

دەسبەرداری بوون. خووخدەیێکی نوێیان کە لە سروشتی لابەلاوە وەدەست هێناوە و پەیڕەوی دەکەن... ئەگەر لە ڕێدا لە نێوان ڕەشە خەڵکەکەدا کێشەیێك ڕوویدات، ئەمانە خۆیان بەحەکیم دەزانن، بەپەلە تێدەپەڕن، بەڵام خەڵکی تر کە ئەم کێشەیە ببینن، بازووی هیمەتی لێ هەڵدەماڵن، بۆ نەهێشتنی کێشەکە بەجورئەتەوە دێنە مەیدان، تا ئاگری جەنگ بکوژێننەوە و خوێنی خەڵکێکی زۆریش بپارێزن... ئەو فەیلەسوف و عاقڵانەی کە کەنارگیری ڕێی عافیەت هەڵدەبژێرن، ئیستراحەتی خۆیان لە ڕەنجی خەڵك پێ پێشترە، دەفعی فەساد لە نێوان عیباد بەپێچەوانەی ڕەوشتی خۆیانە، دەزانن لە سیفەتی ڕەحم تەنانەت هەموو مەزایای ئینسانی ڕووت و بەرین، ئەسیری خۆپەرستی و جەستە پەروەرین، نەگریسترن لە زومرەی عەوام، بەهاوڕێی بەهائم و ئەنعام (٣٣) دەژمێردرێن.

ڕەحم کردن لە سیفاتی ئیلاهییە، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لەگەڵ قوڕی ئینسانیەت و خەڵقی بەشەری شێلدراوە، هەرکەسێ لەم سیفەتە ئیلاهییەی کەم بێ، بەهەمان ئەندازە لە خوداوەندەوە دوورە، لە ڕەحمەتی خوداوەندیش بێ بەشە، ناوەڕۆکی هەموو کتێبەکانی یاسا و شەریعەت هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا باسی عەدلە... عەدل لە نێوان خەڵقەندەکانی خوا، سەرئەنجامی عەدلیش ڕەحم و مروەتە...

دز لە هەر یاسا و شەریعەتێکدا، دەبێ عقاب و نکال(٣٤) بکرێ. دز مەغرووری توانای خۆیەتی، یا لە تەڕدەستی و حیلەبازییەکەی خۆی دڵنیایە، ڕەحم و مروەت دەخاتە لایەکەوە، لاڕێ دەگرێ، ماڵان دەدزێ، کە خەڵکان بەتەمەنی ڕەنج و عارەقی نێوچەوان پەیدایان کردووە. دز هاوڕەگەزی خۆی دووچاری هەژاری و ئیفلاسی دەکات لە هەموو

---

٣٣- بهائم وانعام: وڵاخ، چوارپێیان.

٣٤- عقاب: سزا.

نکال: ئازار و ئەشکەنجە، بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەتی خەڵکانی دی.

حاڵەتێکدا دزی بێ مروەت دەبێ سزا بدرێ (ئەوەی بۆ خۆتی پەسند دەکەی بەخەڵکی دیش بەڕەوای بزانە).

ئینسان ئەگەر پەروەردە نەکرێ، دەبێتە وەحشی، بەڵام لە تەبعیا شەریر نییە، وەحشییەت عادەتێکی ترە، شەڕیش حاڵەتێکی تر... لە نێو تایفەکانی وەحشی و بەدەوی هەندێ جەماعەتی مەدەنی کینە لە دڵ نین و مەیلی تۆڵەسەندنەوەیان نییە، گەر کەسێ زەرەریان پێ بگەیەنێ و وەکو سەگیان لێ دێ... گەر کەسێ بەرد بۆ سەگێ تێگرێ، بەمە ئیکتفا دەکات. ئەوانیش هەمان حاڵی سەگەکەیان هەیە. زەرەر و زیانێك لە هاوڕەگەزی خۆیانەوە پێیان بگات تا بتوانن خۆیانی لێ لا دەدەن، کینە هەڵناگرن و بۆ چارەسەریش بیر لە تۆڵەسەندنەوە ناکەنەوە.

یەکێ برسییە و ئێمە تێرین، یەکێ نەخۆشە و ئێمە ساغ و سەلیمین، یەکێ هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین، خەڵکانێ ئەنواعی سەختی و باڵا و ناهەمواری ڕووی تێ کردوون، قەومێ بەختەوەر و خۆشبەخت و کامەرانە نە دەوڵەمەند بۆ دەستکورتی هەژاران موتەئەسیرە، نە کەسی ساغ و سەلامەتیش غەمی نەخۆشەکانی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك هەن بەڕەحمن بەرانبەر خەڵکانی مسکین و نەخۆش... کە دەبینێ خۆی ساغە بەبێ سۆنگەیێکی مادی پەرستاری کەسی ناساغ دەکات، دەوڵەمەندەکەیش بەبێ هیچ مەبەستێ ماڵ و دارایی خۆی بۆ مسکین و دەروێشان خەرج دەکات، ڕەحم و مروەت سەبەبێکی مەعنەوییە و کارێکی ڕوحانییە، سەرچاوەی سیفاتی ڕوحانی لە ئاسمانە، هەرکەسێ ڕوحیانەتی زیاتر بێ لە عالەمی سوفلییەوە بۆ عالەمی علوی(٣٥) نزیکتر دەبێتەوە و ڕەحمی زیاتر دەبێ، هەر کەسێکیش لەم مەقامە موقەدەسەوە دوورکەوێتەوە، زوڵم و زۆر و دڵڕەقیی زیاتر دەبێ. ڕەحم لە زمانی هەرکەسێکدا بێ، ئەوا چێژی شیرینترە، چونکە کەسی خاوەن بەزەیی پێی وادەبێ لە جێی ئەو کەسە نییە کە شایستەی ڕەحم

---

٣٥- عالمی سفلی: دنیای ژێرین... دنیای پائین.
عالمی علوی: دنیای ئاسمانی... دنیای مەلەکوتی.

پێکردن بێت، بەڵام کە هاریکاری و ئیحسان دەرحەقی بێ نەوایان دەکات، خۆش وەقت و شیرین گوزەر دەبێ.

حەسوودی تاڵە، چونکە هەرکاتێ حەسوود بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مەحسوود بێنێتە بەرچاو، ئەوا تاڵی ڕوو لە هزر و ژیانی دەکات...

هەر لەمەڕ حەسوودیەوە ئەمەتان دەخەمەوە بیر...

(لە زەمانی دەسەڵاتی لوی پانزەهەم)[36] دۆك دیبوربون، سەرەك وەزیران بوو، کەسێك لێی پرسی:

– بۆچی کەسانی لێهاتوو و بەتوانا بۆ کاروباری دەوڵەت دانامەزرێنی، هەر تەنها خەڵکی بێ سەروبەرو نەناسراو و بێ نمود دەکەیتە بەڕێوەبەری ئیداراتی دەوڵەت؟

دۆك دیبوربون هەناسەیێکی هەڵکێشاو گوتی:

– من تۆم بەپیاوێکی عاقڵ دەزانی، بۆ مەشاعیری تۆ حوسنی زەنم هەبوو، ئێستا حاڵی بووم، من لەمەڕ تۆدا بەهەڵە تێگەیشتبووم پیاوی ئازیز، من سەرەك وەزیری بۆ شەخسی خۆم دەکەم، نەك بۆ دەوڵەت، خۆپەرستم نەك دەوڵەت خواز، چونکە ئەو لێهاتوویی و شارەزایی و لیاقەتە لە خۆمدا بەدی ناکەم کە لە ڕووی ئیستحقاقەوە بگەمە مەقامی بەرزی سەرەك وەزیران، بۆیە مەقامی سەرۆکایەتی دادەگرمە خوارێ، لەگەڵ وەزعی نزم و بێ نمودی مندا بەرابەریان دەکەم... گەر کەسانی گەورە و عاقڵ بکەمە شەریکی خۆم، لێگەڕێم لە ئیدارەدا عەقڵیان بخەنەکار، ئەوسا بێ عەقڵی و نەزانی من ئاشکرا دەبێ... بۆیە خەڵکانی بێ نمود و هیچ و پووچ و ناشایستە لەسەر کارەکان دادەمەزرێنم، تا بەئاسانی دەسەڵاتم بەسەریاندا بشکێ و سەرکەومە سەریان.

---

٣٦– لویسی پازدەهەم: لوی ڕاستە، عەرەب کردوویەتی بە لویس، لوی بۆ پیاوە. لویس بۆ ژنە. م.

کاکی ئازیزی من!

ئەم نەسیحەتە لە منەوە بژنەوە:

منالانی خۆت بەشێوەیێك پەروەردە بکە، لە گەنجیدا تۆوی ئیرەیی و غروور و خۆپەسەندی لە میشکدا نەڕوێت. مەبەستم ئەوەیە بەختەوەری ڕووکەشی خەڵکی لەلایدا بەرجەستە مەکە، زەڕو زیو و ئارایشی دەرباری پادشاهی، فەرشە خوسرەوی گرانبەهاکان و جۆرەها ژیان و خواستەکانی نەفسی بۆ مەخەرە ڕوو، مەیبە بۆ مەجالیسی ئەرباب و عیزەت و دەوڵەت، ئەم شتە ڕووکەشانە، فریودەرن، زەخرەفەی پرشنگدارن، مەهێڵە ئەم شتانە لە ناخیا ڕەگ داکوتێ.

سەرەتا ئینسان و ئەهلی کەمالی بەتۆپزی پێ بناسێنە، نەك ماڵ و دینار، چونکە لە سەرەتای وجودی هەر ئینسانێك کە هاتووتە نێو ژیانەوە، نە پاشا بووە و نە وەزیر و نە ئەمیر و نە موشیر[٣٧]، بەڵکو هەموو بێ توانا و بەڕووتییەوە هاتوونەتە نێو ئەم عالەمەوە.

هەروەها بەهەمان ناتوانی و ناچاریش ئەم جیهانە جێ دێڵین، دەبێ یەکەم ئینسان بەمناڵەکەت بناسێنی، پاشان دنیا، یەکەمیان ئەسڵە و دووهەمیان مێمڵ و سەربارە.

هەندێ لە سوڵتانەکان، بەزۆری بەرانبەر ڕەعیەتەکانیان بێ ڕەحمن کەمتر لە نێوانیاندا خەڵکی بەڕەحم پەیدا دەبێ، چونکە خۆیان لە ڕەگەزی ڕەعیەتەکانی خۆیان نازانن، مەگەر لە منالیدا بەدەستی باوکەوە ئازاریان چەشتبێ، لە ڕێی پەروەردەوە لە هەموو ئاسوودەییێك مەحرووم بووبن. بەلام هەر لە منالییەوە بەشازادەیی و نیعمەتەوە پەروەردە کرابێ، لە گەورەییشدا کە دەسەلات دەگرێتە دەست نە ڕەحم لە دڵیدا هەیە، نە سەرنجی حاڵی مەزڵومیش دەدات، بەڵکو خۆی لە گەورەیی و سەڵتەنەتدا بەهاولفی مەخلوقی تر نازانێ.

---

٣٧- موشیر: مشیر، ڕاوێژکار.

منالّی خۆت لە غروور دوورخەوە، تێیگەیێنە، مومکینە ڕۆژێ دووچاری بەدبەختی بێت، نێوانی بەدبەختی و بەختەوەری هەنگاوێکە، فێری کە، بەباوباپیر و سەلامەتی و دەستڕۆیی مەغروور نەبیت، ئاگاداری هەوراز و نشێوەکانی ڕۆژگاری بکە... چیرۆکی ئەو کەسانەی بۆ باس کە کە لە ترۆپکی بەختەوەرییەوە، داکەوتنە نێو چالّی نەگبەتی... کەسێکی ساغ و سەلیم بە چ دەزانێ سەعاتێکی دی، نەخۆشییێك دنیای لەبەر چاودا تاریك ناکات...

وەزع و حالّی هەندێ کەس لە هێستری بارکێش دەچێ، شەو لە تەویلەی گەرمدا ئالّفی باشی خواردووە، بەلاّم هەرکە ڕۆژ بووەوە باری قورسی لێ دەنێن و گالیسکەی سەنگینی پێ ڕادەکێشن. خاوەنەکەیشی نەقیزەی دەدات، ڕۆژی دووهەمیش دەبێ هەر چاوەڕێی هەمان ڕەنج و ئازار بێت...

یا حالّی هەندێ کەس لەو مەڕە دەچێت کە لە دەوروبەری قەسابخانەدا دەلەوەڕێ، پاش ماوەیێکی کەم چەقۆی قەساب خوێنی بەخاك تێکەڵ دەکات.

# فەسڵی دوازدەم

ئازیزی من!

پاش بەهار بووە هاوین، پاش هاوینیش بووە پاییز، بووە وەرزی شکار، بارام و خەلیل بەگی برای و هاوسێکەیان کە ناوی (اقاداداش)[٣٨] بوو بڕیاریان دا ڕۆژی جومعە بچنە کێوێکی ئەو نزیکانە و دەست بە شکار بکەن...

سەفدەر عەلی و حەیدەرعەلی و مەمش کە کوڕی ئاقاداداش بوو لە باوکانی خۆیان پاڕانەوە، بەشداری شکار بکەن و لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن، یەکەم تەماشای جۆری ڕاوەکە دەکەن. دووهەمیش خۆیان بەشداری تیا دەکەن...

بەیانی زوو هەرسێ ڕاوچی لەگەڵ کوڕەکانی خۆیاندا هەریەکە تاپڕێك لە شان و فیشەکدان لە کەمەر، لە ماڵی بارامدا ئامادەبوون حەیدەرعەلی بەئامۆزاکەی خۆی گوت:

ئەمڕۆ ڕۆژی یەکەمی شکاری ئێمەیە، ئەڵبەتە ئەوەندە نێچیر شکار دەکەین، لە توانامان‌دا نەبێ هەڵیانگرین، چاکتر وایە کەرەکەی خۆمان ببەین و نێچیرەکانی لێ بارکەین.

لە نزیکەوە گفتوگۆی مناڵەکانم دەژنەوت، لە ناخدا گەلێ تێکچووم، چۆن تفەنگ دەدرێتە دەستی ئەم مناڵانەوە، کە نازانن چۆن خاڵیی بکەن

٣٨- ئاقاقاداداش: ناوێکی ئازەرییە. بەکوردی هەمان ناوی (کاکەبرا)یە.

و ئاگایشیان لە دەوروبەری خۆیان نابێ، دەشێ نیشانەی لە کەوێك بگرن، لە جێی کەوەکە من بپێکن.

حەیدەرعەلی لەوانی دی بەتەمەنتر بوو، لەلای باوکی جەسوور بوو بەبارامی گوت:

– باوکە... واچاکە کەرەکەیش لەگەڵ خۆماندا ببەین.

بارام بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە.

– بۆچی؟ بۆ خەیاڵی ئەوەت هەیە، ئەم کەرە بێ چارەیە ڕاوکەیت؟ یا دەتەوێ بەسواری کەرەوە بەغاردانی چوار ناڵە کەو بپێکیت؟

حەیدەرعەلی گوتی:

– نەء... باوکە... کەرەکەمان بۆ ئەوەیە نێچیری شکارەکانمانی لێ بارکەین!

بارام گوتی:

بۆ پێتوایە ئەمڕۆ چەنێ نێچیر شکار دەکەیت کە پێویستی بەکەر هەبێت؟

حەیدەرعەلی گوتی:

– باوکە... بیست فیشەکی تاپڕمان پێیە، ئەڵبەتە لە بیست فیشەك پانزەیان نیشان دەپێکێ.

بارام گوتی:

– با گرەو بێ. بۆ ئێوەی سێ کەس کەوێك ئاسانە بەڵام مشکێکیش شکار ناکەن.

حەیدەرعەلی گوتی:

– گەر وابێ ئیدی بۆ بێین بۆ شکار و ئەم تفەنگە قورسانەش هەڵگرین؟ ئەگەر ئێمەتان پێ ئەو کەسانە نییە شایستەی شکارکردن بین، لەگەڵ خۆتاندا مەمانبەن.

بارام گوتی:

– کوڕەکەم... هیچ ڕاوچییەك لە یەکەم جاردا و لە سەرەتای تیر ئەندازەیا، نێچیری نەپێکاوە... دەبێ بچیتە ڕاو، چەند جارێ تفەنگ

بهاوی. چاو و دەستت ڕادێن... پاشان دەتوانی شکار بکەیت.

مەمش بەئاسپایی دامەنی سەفدەرعەلی[٣٩] ڕاکێشا، گوێم لێ بوو کە دەیگوت:

– باوکت تێ ناگات! دەبینێ ئێمە سێ نەفەر بەقەد ئەوان ڕاوە کەو بکەین.

حەیدەرعەلی گوتی:

– چۆن؟ زیاتر...

مەمش گوتی:

– لەبەرئەوەی ئێمە گەنج و چوست و چالاکین، باوکانی ئێمە پیر و لێکەوتەن...

بەکورتی، سەفدەرعەلی بەئاسپایی لە پشتی درەختەکانەوە هاتە لای من هەوسارەکەی منی گرت و ڕایکێشامە لای هاوڕێکانی، سەبەتێ کە پێشتر ترێی تیانابوو لە قەسەبچەکە فرۆشتبووی، خستیە سەر پشتی منەوە... بۆ مەغروورری ئەم منالانە پێکەنینم دەهات دڵنیابووم چۆن بە سەبەتەی بەتاڵەوە لە ماڵێوە دەردەچین و دەکەوینە ڕێ بەدەستی خاڵیشەوە دەگەڕێنەوە... باوکی منالەکان هەندێ لە پێشەوە دەڕۆیشتن، وەستان تا گەنجەکانیش پێیان بگەن، کاتێ کە منالانیان بە من و سەبەتەکەوە بینی، تەعەجوبیان کرد.. ئەگەرچی حەیدەرعەلی بەپێچەوانەی بڕیاری باوکی لەخۆڕا ئەزیەتی منی دابوو، ئەم کارەی بە خەتایەکی گەورە نەژمارد، بۆ تەمێکردنی منالەکان، تەنها بەپێکەنینێکی تەوس ئامێز ئیکتفای کرد...

---

٣٩– لێرەدا بەهەڵە ناوی سەفدەرعەلی دەهێنێ... دەبێ بڵێ حەیدەرعەلی چونکە حەیدەرعەلی کوڕی بارامەو سەفدەرعەلی برازایەتی... نەمویست ئەم هەڵەیە ڕاست بکەمەوە، بەچاکم زانی وەك خۆی بەهەمان هەڵە بینووسمەوە ئەم ژێر نووسەشی بۆ بنووسم. (م)

ماوەیێك بەكێوەكەدا سەركەوتین، كەوەكان لە ڕاست و چەپەوە هەڵدەفڕین، من بۆ ئیحتیات وەرگرتن خۆم بەرەوپاش دەكشان و خۆم دوادەخست، بارام بەمناڵەكانی گوت:

– بەمەسافە حەرەكەت بكەن هەركە نێچیرەكانتان بەرانبەر بەخۆتان بینی سیرەی لێ گرن و ئەوجا تەقە بكەن.

توولە سەگەكان پێشی بارام و هاوڕێكانی كەوتبوون، هەركە كەوێ بەرز دەبووەوە بفڕێ، دەسبەجێ تەقەیان لێ دەكرد و دەیان پێكاو دەكەوتنە خوارێ...

مناڵەكان لە پشتەوە دەهاتن، چاكترین هونەریشیان ئەوە بوو بەفیشەك كەسیان بریندار نەكرد... مناڵان نزیكەی دوو سەعات لە باوكیان دواكەوتبوون، باوكان وەستان، تا مناڵەكان پێیان بگەن، لەو ماوەیەدا ئیستراحەتیان كرد، پاشان خەریكی شكار بوون، ئێمە نزیك بووینەوە...

بارام پرسی:

– ها... چیتان شكاركرد؟

هەرسێ مناڵەكە لە شەرمەزارییا سەریان داخست، مەمش– كە مناڵێكی بێ حەیاو ڕوودار بوو گوتی:

– ئێوە، كەرەسەی شكارتان لەگەڵ خۆتانا بردووە، ئێمە بێ توولە سەگ ماوینەتەوە... تا بەم شێوەیە خەجاڵەتبارمان كەن.

بارام گوتی:

– بۆ توولەكان ڕاو دەكەن؟

مەمش گوتی:

– دڵنیاین بە بۆن كەوەكان دەدۆزنەوە و هەڵیان دەفڕێنن، ئێوەش ئامادەن و تەقە لە كەوە هەڵفڕیوەكان دەكەن، پاش ئەوەی كە پێكاتان، لە نێو دەوەن و بنچك، یا لە ژێر بەردەكاندا گەر خۆیان بشارنەوە، توولەكان

بـۆتـانـی دەدۆزنـەوە و دەیـهێـنـن... چـۆن ئێمـە ئـەم هـەمـوو فیشەکـانـەمـان تەقاندووە لە ئێوە زیاتر کەومان نەپێکابێ لەبەرئەوەی توولەمان نەبوو، نەمانتوانی نێچیرەکانی خۆمان پەیدا کەین...

بارام و هاورێکانی، لە قسەکانی مەمش و جەختکردنەوەی قسەکانی دوو منداڵەکەی دی پێدەکەنین.

نزیکی نیوەڕۆ بوو، سێبەری دارێکی گەورە لەو نزیکانە ڕاوچییان بانگهێشت دەکرد، تا لەوێدا فراڤین[٤٠] بخۆن و پاشان دەست بە شکار بکەنەوە. سفرەیێك بە کوڵی یەکێك لە لادێیەکانەوە بوو، دایکی حەیدەرعەلی ئەمڕۆ بۆ ڕاوچییانی ئامادە کردبوو، ڕایانخست مژولی فراڤین خواردن بوون، منیش لەو نزیکانەدا دەلەوەڕیم... دیسانەوە باسی توولە هاتە نێو قسەکانیانەوە، بارام بە مەمشی گوت:

– ئەگەر ئێمە توولەکانی خۆمان بدەین بە ئێوە، خۆمان بێ توولە بکەوینە ڕێ، ئیدی ئێوە هیچ بیانوویێکتان دەمێنێ؟

مەمش گوتی:

– نەء... بەڵام ئەو سەگانە خوویان بەئێوەوە گرتووە لەگەڵ ئێمەدا نایێن...

ئاقاداداش گوتی:

ئێوە پێشکەون و ئێمە لە پاش ئێوەوە دێین... سەگەکانیش لەگەڵ خۆتانا ببەن. ئەم لادێیەی کە سفرەی خواردنەکەی لە کوڵە، با لەگەڵ ئێوەدا بێ، سەگەکان بەبۆنی خواردنەکەوە دواتان دەکەون.

---

٤٠– فراڤین: خواردنی نیوەڕۆ...

تیشت: خواردنی بەیانی.

سشیڤ: خواردنی ئێوارە.

(ئەم سێ وشەیە بادینین، لە سۆرانیدا دەگوترێ نانی بەیانی، نانی نیوەڕۆ، نانی ئێوارە).

پاش فراڤین خواردن، منالەکان کەوتنە ڕێ، سەگەکان پێشیان کەوتبوون، من بۆ ئیحتیات وەرگرتن، پێش نەدەکەوتم، کەوەکان هەڵدەفڕین و منالەکان تفەنگیان تێدەگرتن... بە ئینسافەوە قسان دەکەم توولەکان هیچ قسوورێکیان نەنواند، ئەگەر لە ژێر بەرد و بنجەکەکاندا کەوی بریندار‌یان نەهێنابووە دەرێ. لەبەرئەوە بوو هیچ کەوێك بریندار نەکرابوو تا خۆی پەنهان کردبێ... مەمش پێشی هاوڕێکانی کەوتبوو، لە بری ئەوەی تفەنگەکەی بۆ هەوا بتەقێنێ، دەستی لەرزی، بەرەو زەمین نیشانەی گرت، نالەی سەگێ بەرزبووەوە لادێیەکە ڕایکرد و هاواری کرد کە باشترین توولەت کوشتووە، دەست و پێی سەگەکەی گرت و لە زەوی بەرزی کردەوە، بە مەمشی گوت:

– ئافەرین بۆ تۆ میرشکار، لە بری ئەوەی کەو بپێکی لە سەگت داوە...

حەیدەرعەلی و سەفدەرعەلی دەیانزانی بارام چەنێ (لیان-ی)- ناوی توولە سەگەکە بوو- خۆشدەوێ، گەلێ ترسان، ئەڵبەتە پاش ئەم کارە کوتەکی چاك دەخۆن.

من لە پشتەوە سەیری وەزعەکەم دەکرد، ستایشی عەقڵ و دووربینی خۆمم دەکرد و ئافەرینم بەخۆم دەگوت... نزیك بوومەوە، بینیم لیان-ی بێ چارەی دۆستی ئازیزی چەندین ساڵەم بووەتە نیشانەی تفەنگی مەمشی هەرزە و کورتبین، لەمانەش بەدتر، ئەم دۆستە ئازیزەی چەند ساڵەم، خرایە نێو ئەو سەبەتەیەی کە لەسەر پشتی مندا بوو، بەرەو باوکانیان گەڕاینەوە. بارام لە دوورەوە ئێمەی بینی و گوتی:

– باش بوو زوو هاتنەوە... بزانم چیتان پێیە، دڵنیام لە بری کەو مەڕێکتان پێکاوە، یا لە بری کەروێشکێ بەرخێکتان شکار کردووە...

لادێیەکە گوتی:

– منالانی ئێوە، هی ئەوە نین شکاری مەڕ و بەرخ بکەن... سەگیان پێکاوە، لیان-ی بێ چارەیان کوشتووە.

بارام لە واقیعدا، عاشقی ئەم سەگە بوو، لیان سەگێکی بەسیفەت و

شایستەی ئەو موحیبەتە بوو، نزیکی سەبەتەکە بووەوە، بەوپەڕی پەرۆشییەوە سەگەکەی لە نێو سەبەتەکەوە هێنایە دەرێ، چەند شەپازللەیێکی لە کوڕەکەی خۆی دا...

ئاقاداداش (سەنبە)ی[٤١] تفەنگەکەی خۆی دەرهێنا، تا تاقەتی تیا بوو لە مەمشی دەدا، خۆشبەختانە هیچ کەس شەفاعەتی بۆ نەدەکرد... تەمێ کردنی مەمش، نەدەبووە مایەی زیندووبوونەوەی لیان-ی بێ چارە، هەر لەوێدا لیان-ی فڕێ دا و بەرەو گوند گەڕانەوە...

کاکی ئازیزی من!

ئەو چالاکییانەی بۆ پیاو پێویستە، بەبڕوای من، شایستەترین بینین و ژیان گوزەراندن شکارە... بەو مەرجەی لە ڕووی تەربیەت و بناغەی دروستەوە بێ، هەر تەنها بەهەوەس و کات بەسەربردن نەبێ...

شکار دوو نەوعە، یەکێکیان بەپێی ڕەوشتی باوباپیران قۆرغ نەکراوە و شکارگای سنووردارشی نییە... پیاو بەپیاوانە، تیر و کەوان یا تفەنگ هەڵدەگرێ لەگەڵ سەگی تایبەت، پەروەردەکاری شکار بەیانی لە ماڵێ دێتە دەر، لە کێو و پێدەشت بە پیادە، یا بەسواری یەك دوو نێچیر شکار دەکات، بەرەو ماڵەکەی دەگەڕێتەوە...

ئەم نەوعە ڕاوە، شکارێکی سروشتی و ئازادە بۆ هەموو کەسێ موناسیبە... ڕاوچی دەکاتە کەسی خاوەن تەجرەبە ئامادە دەبێ بۆ جەنگ و جەدەل، جۆرێکیشە لە وەرزش... هەربۆیە سوڵتانە کۆنەکان لە کاتی ئاشتی و ئیستراحەتدا، کردبوویانە عادەت هەر ساڵە و یەك دوو جار سوپاکانیان بۆ شکار دەبرد...

بەڵام نەوعی دووهەمی شکاری ئاسایی ئەم سەردەمە شکاری بیانییەکانە، باغچەیێك، یا نیمچە جەنگەڵێ قۆرغ دەکەن، لەم ڕووەوە

٤١- سەنبە: نیزەی تفەنگ: ئەو شیشە باریکەیە، ساچمەزەنی پێ پڕ دەکرێ، بارووتەکەی دەکوتێتەوە... تفەنگی پێ پاك دەکرێتەوە.

ڕاوچی هیچ هونەر و ئازایەتییێك ناخاتە ڕوو، چونکە بۆ دۆزینەوەی نێچیر، هیچ ئەزیەتێ نابینێ، نێچیرش لە شوێنە قۆرغکراوەکەدا گەلێ زۆرن، ئەگەر ڕاوچییەکەیش چەند تیر و فیشەکیشی بە خەسار دا و نیشانی نەپێکا، بەڵام هەر دەبێتە خاوەن نێچیر، ئەم جۆرە ڕاوچییانە، هەمان حاڵەتی ئەو کەسانەیان هەیە کە شکاری حەرام دەکەن، یەکێ لە گەورە پیاوە بیانییەکان ئیعتراف بەم حاڵەتە دەکات کاتێ بە منی گوت[٤٢]:

– وەزعی شکاری ئێمە پیاوانە نییە، بەڵکو ژنانەیە... بەهێزترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەم ئەوەیە ژنە موحتەرەمەکان لەم جۆرە شکارانەدا ئامادە دەبن، تفەنگیش دەهاون ڕاویش دەکەن.

ئەم نەوعە شکارە، گەلێ سووك و قێزەوەنە، نە بە هونەری پیاوانە دەژمێردرێت نە دەبێتە مایەی شانازی، نە ڕەفتار و ڕەوشت و مروەتی شکارچییانی ڕاستەقینەیان هەیە و نە ویژدان... نێچیر گەلێکیان لە باغێکدا گەمارۆ داوە، ڕێی فیرارکردنیان لێ گیراوە، بەفیشەکیش دەیانکوژن... ئەمەیان بە راوی پیاوی مەردانە ناژمێردرێت...

---

٤٢– لێرەدا ئامادەکەر و وەرگێڕی فارسی، تووشی هەڵەیێکی هونەری بووە، دیقەتی ئەوەی نەداوە، ئەم کەرە بەستەزمانە، هەر لە ئێراندا بووە و فەرەنگستانی نەبینیوە، تا گەورە پیاوێکی فەرەنگی قسەی لەگەڵدا بکات و ئیعترافی بۆ بکات، مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە ئەم کتێبەیان بەجوانی (نەیانفارساندووە) (م).

# فەسڵی سێزدەم

وەك لە فەسڵی پێشوودا، وەعدم دابوو سەرگوزشتە و ژیان ئەحواڵی (لیان)و چۆنیەتی ئاشنایەتیم لەگەڵیا باس کەم...

زۆر لەمێژ بوو (لیان-م) دەناسی، لە ماڵی ئاسنگەرێ لە قەسەبچەیێکدا دەژیا، ئا لەوێدا لە دایك بووە، وەك خۆی بۆی گێڕابوومەوە، شەش مانگ بەسەر تەمەنیا تێنەپەڕیبوو، پشیلەیێك لە ماڵی ئاسنگەرەکە و لە مەتبەخدا پارچە گۆشتێ دەفڕێنێ و دەچیتە دەرێ و لیان-یش دوای دەکەوێ، پشیلە دزەکە لە ترسی گیانی خۆی ڕادەکاتە سەر دارێ، وەك ڕکەبەرایەتیکردنی -لیان- لەسەر چڵە بەرزەکانی درەختەکەدا دەست بە خواردنی گۆشتەکە دەکات، (لیان) نەیدەتوانی هەڵگژێتە سەر درەختەکە، وەك حەسودانی هەرزە بەتووڕەییەوە دەوەڕی و بەدەوری درەختەکەدا دەسووڕایەوە، هەندێ منال لە مەکتەبەوە دەهاتنە دەرێ و بۆ ماڵ دەچوون (لیان)یان لە پایینی درەختەکەدا بینی، پشیلەکەشیان لەسەر درەختەکەدا بەرچاو کەوت... گەلێ بەردیان لە ژێر درەختەکەدا کۆکردەوە، تەرزەی بەلایان دابارانده سەر پشیلەکە، لە بەرزی درەختەکەوە بۆ نشێوی میحنەت ختسیانە خوارێ، هێشتا بلاچەی ئاگری شەڕخوازی منالان دانەمرکابووەوە، ژیانی پشیلە بەسەرچوو، سەری ببووە جێی پێ لەقەی لەسەریەکی منالان...

(لیان) گوتی: من بەبێ مەبەست بوومە هۆی کوشتنی پشیلەکە، گەلێ

پەشیمانی ئەم کردارە بووم، ئیدی ئەفسوس و پەشیمانی تێمەوە ئالاَن، ئاسمانیش نەیویست جەزای من تەنها پەشیمانی و ئەفسوس بێت بۆ ئەم گوناهەم... ڕۆژگار هەموو ڕەفتارێ لە زاکیرەی خۆیدا تۆمار دەکات، نزیك و دوور، هەمان ڕۆڵ بەشێوەییێکی دی، کە هاوسەنگی ئەو کردەوەیە بێت، دەهێنێتە بەرچاوی خاوەن ئەو کردەوەیە، پاداشتی ئەحمەق و نەزانیش لە ڕۆژگار داوادەکرێ... ڕۆژگار بەوە ناوەستێ کە ببێتە شاهێدێك و بەس. جەزا و پاداشتی خۆی دەخاتە مستی خەڵکانەوە، بەکورتی کوشتنی پشیلەکە نەبووە مایەی ئەوەی ئاگری غەزەبی مناڵانی دڵڕەق بکوژێنێتەوە، دەوروبەری (لیان) دەگرن و ئەسیری دەکەن هەریەکە و بەجۆرێ لێی دەدات، دەست و پێ و کلکی دەبەستن، یەکێکیش گوێیەکانی توند دەگرێ، یەکێکی دیش پشتوێنەکەی دەکاتەوە، ملی ئەم حەیوانەی پێ دەبەستێ، بەرەو ڕووبارەکە (سەگکێشی) دەکەن تا لەوێدا بیخنکێنن... بەڕێککەوت هەندێ جووتیار کە بەشێکی ڕووبارەکەیان جیاکردبووەوە بۆ ئەوەی ئاوی کێڵگەکانی خۆیانی پێ بدەن، ئاگریی تووڕەیی ئەم مناڵانە دەبینن – لیان–ی بێ چارە ڕزگار دەکەن، بەنیوە گیان (لیان) دەبەنەوە بۆ ماڵەکەی... یەك دوو مانگێ لە زادگاکەی خۆیدا مایەوە، ژنە ئاسنگەرەکە بەمێردەکەی گوت: ئەوەندە خۆراکمان نییە بەجارێ دوو سەگ ڕاگرین... دایکی لیان بۆ پاسی ماڵەکە سەرو زیادە...

لیان گوتی:

– منیان لە پشتی دەرگاکە جێ هێشت، دەرگایان لە ڕوومدا داخست...

لە ڕووی وەفاوە، کە لکاوە بە سروشتی ئێمەوە، چەند ڕۆژێ لە دەوروبەری ماڵەکە دوورنەکەوتمەوە، ئاسنگەرەکە لە ڕووی ڕوودارییەکەی مندا، جوامێرییێکی نەنواند، لەسەر خواست و مەیلی ژنەکەی گوریسێکی لە گەردەنم بەست، منی بۆ گوندی (موسائاباد) برد و بەرەڵلای کردم...

ژنە قەحپە، خاوەنە پێشووەکەم، کە لە فەسڵی یەکەمدا باسم کردبوو، ئەم سەگە بەبێ خاوەن دەبینێ، بۆ ئەوەی پاسی ماڵەکەی بۆ بکات، دەیباتە لای خۆی، هاوزەمانیش منی کڕیبوو، من ئەوەندە پیر نەبووم بەڵام (لیان) لە من گەنجتر بوو بەهەمان جۆر، خاوەنە قەحپەکەی من کە ئازاری دەدام ئاوهاش ئازاری ئەو حەیوانە بێ چارەیەی دەدا، بەشێ لەو ئازاردانەی من ئەوەبوو ئالفی کەم دەدامێ، تەنها قووتی لایەمووتی پێ دەدام.

(لیان) لەگەڵ مندا خۆشییەویستی پەیدا کردبوو، هەرکاتێ پاروەوە نانێکی دەرفاند، دەیهێنا بۆ من و تکای لێ دەکردم لەجیاتی ئالف و جۆ هەندێ برسییەتیمی پێ کەم کەمەوە، بە(لیان)م دەگوت:

– هاوڕێی ئازیزی من، ئەوەی وەدەستت هێناوە، خۆتی لێ بێ بەش مەکە، لێ گەڕێ با من بەم برسیەتی و بێ چارەییەوە بمێنمەوە...

وەڵامی دەدامەوە دەیگوت:

– من لە ڕێی دییەوە دەتوانم خۆراك وەدەست بێنم، تۆ کە دڕك دەخۆی و بار دەبەی، بەسەد دەردیسەری و فەلاکەتەوە بە کا وشك قەناعەت دەکەی، بەڵام ئەم پاروەوە نانە بۆ جەستەی ناتوانت، هێزێکی دەداتێ، نابێ دەسبەرداری ئەمە بیت، دەبێ لەگەڵ دۆستی هاوڕێی خۆت–کە شاهیدی ئەم بەدبەختییەی تۆیە– دڵسۆزتر بیت، من وەکو تۆ باڵا و جەفا و ماندوویەتیم لەسەر نییە، من بەدەست و پێ هەوڵ دەدەم سکی خۆم پڕکەم، ئەمە چکۆڵەترین خزمەتێکە، بێ عزوورهێنانەوە لێمی قبووڵ بکە... بەئەوپەڕی سوپاس گوزارییەوە، هەر ڕۆژە و پاروەوە نانێکم لێ وەردەگرت، شەوانیش لە تەویلەدا گوێمان بۆ قسانی یەکدی هەڵدەخست و خۆشگوزەران بووین، جوانترین لەززەتمان ئەوە بوو، مەجلیسمان ئەغیاری تیا نەبوو، خەڵوەتیشمان بێ مودعی بوو...

دڵنیایی ئێوە گەل کە خواست و دیدتان، تەنها و تەنها بەدەنگ

گوزارشتی لێ دەکرێ، باوەڕ ناکەن، ئێمەی حەیوانی بێ زمان، چۆن لە خواستەکانی یەکدی حاڵی دەبین و درکیان پێ دەکەین... حەقتانە ئەگەر تەعجوب بکەن! چونکە ئێوە پلە و ڕادەی هۆش و درکتان بالآتر نییە لە سنووری لەفز و وشە، ئێمە بەڕادەیێك لە ئیشارات و حەرەکاتی چاو و گوێ و کلك و سەر، مانا وردەکانی یەکدی تێ دەگەین، هەرگیز عەقڵی ئێوە بەمە نەگەیشتووە...

شەوێك لیان-م بینی گەلێ غەمبار بوو، پرسیم و گوتی:

- دووری لە ئێوە، گەلێ بێزارم دەکات... چونکە ئەمڕۆ خاوەنە قەحپەکەمان دەیگوت (دەبێ تەواوی ڕۆژ سەگەکە لە تاریکیدا ببەسترێتەوە، شەوانیش بەربدرێ تا پاسیماڵەکە بکات).

ئیدی بەڕۆژ دەمبەستنەوە و شەوانیش ئازادم دەکەن. کاتێکیش ئازاد دەبم ئەو کاتانەیە کە هەموو دەرگاکان داخراون، ناتوانم هەندێ نانت بۆ وەدەست بێنم...

بە(لیان)م گوت:

- پێم وایە، بەندکردنی تۆ، دژواترە لەوەی کە برسی بم، لە مەیش بەولاوە دوێنێ نیمچە کونێکم دۆزیوەتەوە، دەڕوانێتە سەر عەنباری یۆنجە... ئەمڕۆیش بایی پێویست یۆنجەم هێناوەتە دەر و خواردوومە... پاش ئەمەیش، خۆ هەموو ڕێیەکان نەگیراون.

لیان، کە ئەم مژدەیەی بیست شادمان بوو و گوتی:

- پاش فراقم لە تۆ، چی بکەم؟

گوتم:

- دیسانەوە، بەشەو و ڕۆژ لە یەکدی بێ خەبەر نابین...

سبەینێ، وەك لیان باسی کردبوو زەعیفە قەحپەکە (لیان)ی بەستەوە،

من بەتەنها مامەوە، کاتی ئێوارە لیان ڕێسمانەکەی خۆی جوی و ئازاد بوو، لە زیندانەکەی هاتە دەرێ... زەعیفە قەحپەکە ئاگای لەمە بوو، کوڕەکەی خۆی بانگ کرد، بەهەردووکیانەوە لیان–یان گرت بەهەمان گوریس کە پارچەیێکی بەگەردەنەوە مابوو لێیان دەدا، ئەو بێ چارەیە، فریادی دەگەیشتە ئاسمان، بە سەرسوڕمانەوە لە تەویلەکەوە هاتمە دەرێ. بە هانای دەنگی هاوڕێکەمەوە چووم، هەرکە حاڵەتەکەم بینی، بەدگان بازووی کوڕەکەم گرت، چەند لووشکەیێکیشم بۆ لای دایکی نارد، لیان نەجاتی بوو، بەرەو گۆشەیێك ڕۆیشت، گاز و لووشکەی منیش جێی خۆیان کردبووەوە، کوڕە بەلایەکدا کەوت و دایکەش بەلایێکی دیدا، خەڵکی نێو ماڵ وەئاگاهاتن، ئەم دوو شەڕەنگێزەیان بردە ژوورێ منیش فرسەتم وەدەست هێنا، لەگەڵ (لیان)دا کەوتمە قسان، وەعدم دا حەقی ئەو لێدانەی کە بەری کەوتووە بۆ بکەمەوە... ئەمە بوو، هەر ڕۆژە و بەجۆرێکی جیاواز زیانم بەخاوەنە قەحپەکەی خۆم دەگەیاند، بۆ نموونە:

ڕۆژێ دوو منالی سواری من ببوون، منیش بەمەبەستەوە بەتەنیشتی ڕووبارەکەدا ڕۆیشتم، هەردوو منالەکەم هەڵدایە نێو ئاوەکە... ئەگەر هەندێ جلشۆر لەوێ نەبان ئەوا هەردووکیان دەخنکان...

ڕۆژێکی تر لە نێو باغچەی ماڵەکەدا، کەوتمە دووی کچە سێ ساڵەکەی، لە پشتی منەوە ڕایکرد و هاواری دەکرد، ئەم لاوازییەم بینی گەشامەوە،

ڕۆژێکی دی دوو سەبەتە هیلکەیان لێ بارکردبووم بۆ بازاڕیان دەبرد، لە ناوەندی ڕێدا وەك ئەوەی هەموو ئازای لەشم کۆڵنجی کردبێ، خۆم دایە سەر زەوی، دوو سێ گەوزانەوەی کەرانەی چاکم دا، هەموو هێلکەکان شکانە سەریەك...

ڕۆژێکی تر، هەموو پۆشاکەکانی ئەو ماڵەیان شۆردبوو، بەسەر تەنافدا هەڵیان واسیبوو، یەکە یەکە بەدگان هەموویانم هێنایە خوارێ، خستمنە

سەر ئـەو زبـڵـدانـەی کـە بـۆ پـەیینـی زراعـەتـەکـەیـان ئـامـادەیـان کردبوو، بەدەست و پێ پۆشاکەکانم تێکەڵی ئەو زبڵە کرد، چ کەسێکیشم لێوە دیار نـەبـوو، گـومـانـیشیـان لـە مـن نـەدەکـرد... ئـاگـام لـێ بـوو عـەسر خـاوەنـە قەحپەکەم گلەیی و سەرزەنشتی خزمەتکارەکەی دەکرد، ئەم گوناهەی خستە ئەستۆی، کارەکەرەکەیش لەبەر دڵتەنگی خۆی منداڵەکانی خاوەنە قەحپەکەمی ئازار دەدان، منداڵانیش لە مریشك و ئەو مەڕانەیان دەدا کە لە ماڵەکەدا بوون... ئەم بگرەوبەردەیە و جنێو بەیەکدی گوتنە، ئاگری دڵی منی دادەمرکاندەوە بەئاسپایش زەردەخەنەم دەهاتێ... تا ئەو کاتەی کە ئێوە خۆتان دەیزانن و لاتان مەعلومە کە لە جومعە بازاڕەکەدا، چۆن خاوەنە قەحپەکەم لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و بە چ جۆرێکیش فیرارم کرد... ئەم کینەیەی من بۆ ئەو زەعیفەیە زیاتر لەبەرئەوە بوو، ئازاری دۆستی ئازیزم (لیان)ی دەدا...

ڕۆژێ کەسێکی ڕاوچی بە(موسائاباد)دا تێپەدەپەڕی، لیان دەناسێ کە سەگێکی ڕەسەنە و زوو فێری تەعلیم دەبێ، دوو سەد قران دەداتە مێردی زەعیفەکە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات، دوایی چۆن گەیشتووەتە دەستی بارام، ئەمەیان نازانم... من کە هاتمە ماڵەکەی بارام هاوڕێییەکەی خۆمم بینی و نـاسیـمـەوە، زۆربـەی کـاتـەکـان بـەیـەکـەوە بـووین، گـەلـێ لـەززەتمـان لـە قسانی یەکدی وەردەگرت...

پاش کوژرانی لیان ئەوەندە غەمبار بووم، ئەوەندە مەلوول و دڵگران بووم. چەند جارێ ئارەزووی مەرگی خۆمم دەخواست.

# فەسڵی چواردەم

بەرەبەیانێکی بەهار، کە هەواکەی شێدار بوو، بای شەماڵ بۆنێکی خۆشی لەگەڵ خۆیدا بڵاودەکردەوە، تامی ژیانی پێ دەبەخشین، زەوی وەکو سفرەیێکی سەوز، ڕەنگدانەوەی ئاسمانی گرتبووە خۆی، شەونمەکان وەك مرواری وابوون، ڕێڕەوەکەم بە گوڵ و یاسەمین ڕازابووەوە، جێیەکەی منیش بە سوسەن و سونبل ئارایشت کرابوون... بە لەخۆباییبوونی تاوس و جورئەتی کەڵەشێر دەستم بەئاوازچڕاندن کرد، لەگەڵ زەمزەمەی دڵگیری بولبولان هاوئاواز بووم...

حەیدەرعەلی و سەفدەرعەلی دەرکەوتن، کە منیان بینی دڵخۆش بوون سەفدەرعەلی بەئامۆزاکەی گوت:

– هەندێ لە قەرەجەکان– کە بەجوانییان خەڵکیان سەراسیمە کردووە– لەم دەوروبەرەدا هەواریان هەڵداوە، خەریکی فێڵبازی و سیحر و نمایشی سەیرن، چ دەبێ بەرەو لای ئەوان بڕۆین.

حەیدەرعەلی ئەم پێشنیازەی پێ چاك بوو، بەڵام مەرجی ئەوەی هەبوو دەبێ ئیجازە وەرگرن، هەردووکیان چوونە لای بارام کە لە کەناری باغەکەدا پیاسەی دەکرد، دەست و دامەنیان ماچ کرد، بەچاپلوسی شیرینەوە ڕوخسەتیان وەرگرت، قەنبەریش هێزی وەبەرهاتبووەوە لەگەڵ ئەم دوو ئامۆزایەدا هاوڕا بوو، بڕیاریان دا بۆ سبەی ڕوو لە هۆبەی قەرەجەکان بکەن... سبەینێ زوو مناڵەکان هاتنە تەویلەوە، ئەسڵان–ی

مەیتەر، تیماری کردم، ژێر کلك و بن باڵی شۆردم، کورتانی لێنام و هاوساری گرتم، بەحەیدەرعەلی سپاردم... ئێمەی چوار نەفەر لە گوند هاتینە دەرێ، قەنبەر سواری من ببوو، هەردوو کوڕەکەی دیش لەلای ڕاست و چەپمەوە حەرەکەتیان دەکرد، بە سەعاتێ گەیشتنە ڕەشماڵەکان ڕێککەوت ئەو ڕۆژە جومعە بوو، زۆربەی خەڵکانی قەسەبچەکە بێکار بوون، بۆ دیدەنی ئەوان هاتبوون، لە نێو ڕەشماڵەکاندا ژن و پیاوێکی زۆر لە دەوری یەکدیدا کۆببوونەوە، ژنان فاڵیان دەگرتەوە، خەریکی بەخت خوێندنەوە بوون، پیاوانیش سەرگەرمی سەیر کردنی ئەو گەمە تایبەتییەی قەرەجەکان بوون، یەکێ لەو گەمانە، ئەمە بوو: کەرێکی ڕاهێنراو هەرشتێك خاوەنەکەی پێی گوتبا، ئیتاعەتی دەکرد، ئێمە کاتێ گەیشتین چاوەڕوانی یارییەکە بوون، لە چەقی بازنەیەکدا قەرەجێك لەگەڵ کەرێکی ڕاهێنراو وەستابوون، هێشتا دەستیان بە نمایشەکە نەکردبوو، ئێمەیش لە گۆشەیێکدا جێمان بۆ خۆ کردەوە...

ئەو قەرەجەی ناوی کورد ئۆغلو بوو دەستی بە قسان کرد و گوتی:

– یا ایها الناس! کەرەکەی من کەر نییە، جەوهەری عەقڵ و هۆشە، بەرجەستەترین سولالەی زەوق و زانستە، ئەگەر باوەڕناکەن فەرموو سەیری سەلیقەی کەن بەچاوی خۆتان ببینن...

چەپکە گوڵێکی بەدەستەوە بوو، بە کەرەکەی گوت:

– ئەم چەپکە گوڵە پێشکەش بەجوانترین ژنی نێو ئەم جەماعەتە بکە.

کەرەکە لە نێوان خەڵکەکە دەستی بە سووڕانەوە کرد، چەپکە گوڵەکەیشی بەدەمەوە بوو، دایە ژنی کورد ئۆغلو، پاشان گەڕایەوە بۆ لای خاوەنەکەی خۆی بێ جووڵە وەستا...

کورد ئۆغلو کڵاوێکی لە لباد دروستکراوی هێنا، دایە کەرەکە و پێی گوت:

– ئەم کڵاوە بخەرە سەر ئەحمەقترین کەسی نێو ئەم جەماعەتە.

ڕەگەزی من، یا کەرییەتی ئەو بزواندی، کڵاوەکەی هێنایە لای من و لە بەردەمم و لەسەر زەوییەکەدا دایناـ... خەڵکەکە دەستیان بە پێکەنین کرد، منیش لە ڕادەبەدەر غەمبار بووم... زانیم ئولفەت و میهرەبانی ئەم ژنە، نەفرین و ترسیش لەوانی دی، وای کرد چەپکە گوڵەکە بۆ ژنەکە بەرێ... بەڵام کڵاوەکەی بۆچی بۆ من هێنا و منی لە هەمووان بەئەحمەقتر زانی؟ بۆ ئەوەی ئەم سووکایەتییە لەسەر خۆم لابەم، بەدگان کڵاوەکەم بەرز کردەوە، چوومە نێو ئاپوورەی خەڵکەکەوە وردە وردە بەرەو لای کورد ئۆغلو ڕۆیشتم، هەردوو دەستم خستە سەر شانەکانی کڵاوەکەم بەجۆرێ لەسەر سەری چەسپاند، تا لووتی لە ژێر کڵاوەکەدا پەنهان بوو... کابرای قەرەج لە ترسا بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، منیش هەردوو پێم لە زەمین گیر کرد، ڕاستەوڕاست وەستام، ئامادەبووان بەجۆرێ دەستیان بەپێکەنین کرد، زۆربەیان کەوتنە سەر زەوی، من فاتح و سەرکەوتوو، تۆڵەی خۆمم لە کورد ئۆغلو سەندەوە... ئێمە گەڕاینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان، خەڵکەکەیش بەرەو قەسەبچەکە گەڕانەوە. ئەو سووکایەتییەم لەسەر خۆم لابرد و بەهەوای نەفس ئەزیەتی کورد ئۆغلوم دا، خۆمم بەزیرەك لە قەڵەم دەدا، پاشانیش ئازارێکی گەلێ سەختم چەشت...

برا گیان... لەبەرئەوەی باس لە قەرەجەکان کرا،ئەگەرچی بەدەر لە مەبەستی من دەمەوێ لەمەڕ ئەم تایفەیەوە قسان بکەم و بەئێوەیان بناسێنم، چونکە بەشێکی کەمی ئێوە نەبێ، ئەسڵ و نەسەبی ئەم تایفەیە نازانن، ئێمەین لەمەڕ سولالە و نەژادی بەنی بەشەر فەیلەسوفانە، تەحقیقاتمان هەیە... بزانە، تایفەی قەرەجەکان لە هەر مەملەکەتە و ناوێکی تایبەتییان هەیە، بەبڕوای هەندێ لە قەبیلەکانی تاتار، لە دوو سێ دەورەی جیاوازدا لە دەوروبەری دیواری چینەوە هیجرەتیان کردووە و گەیشتوونەتە ڕۆخەکانی ڕووباری جەیحون، لەوێدا پەرت بوون بۆ ئێران و هیند و دەشتی قەبجاق[٤٣] لە دەشتی قەبجاقەوە بۆ ڕووسیا

٤٣- دەشتی قەبجاق: سەرزەمینی نێوان (چین) و (ماوراء النهر)ە.

لەوێشەوە بۆ ئەوروپا پەراگەندە بوون، ئەمە رەئیێکی سەخیفە، تەنها دەلیلێکیش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمانە لە تایفەی تاتارن ئەوەیە کە لە هەندێ شوێنی ئێراندا، هەندێ ناویان بەسەرا سەپاندوون وەك سوزمانی (مان) لە زمانی کۆنی هیاطلە[٤٤] و صقالبە[٤٥] بەمانای پیاو دێت، وەکو تورکمان و گرمان و نزدمان[٤٦] و مانەندی ئەمانەیش جگە لە مەیش هیچ دەلیلێکی دیش بەدەستەوە نییە، ئەم پێوەرەش لە ئەوپەڕی لاوازیدایە...

بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە، ئەم تایفەیە – خلقتا وخلقا – وەك خوڵق و ڕەوشت و خوو و خدە لە نەژادی ئارییەکانن، کە بەشێکی ئەم گروپە، بەر لە حەوت هەزار ساڵ لە ڕۆخەکانی ڕووباری سەیحونەوە بۆ ئێران و هیند هیجرەتیان کردووە. لێکچوونی خووخدەی ئەمانە بە هیند و سند و بلوج و خەڵکی خوزستان و هەندێ تەوائیفی عەرەب، لێك نزیکن و هەستیان پێ دەکرێ...

ئەگەر تەواوی تایفەکانی جەزیرەی عەرەب، ئەسڵەن سەر بەم تایەفەیە نەبن، ئەوا بێ شەباهەت نین لەگەڵ ئەمانەدا... ئەم تایفەیە لە هیجرەتی یەکەمیانەوە لە ئەفغانستانەوە چوون بۆ بنجاب لە ڕۆخەکانی گنگدا وەستان، لەم ڕێیە دوورودرێژەدا هەندێکیان نیشتەجێ بوون، هەندێکی دیشیان ڕێی دییان گرتەبەر، لەو دەوروبەرەدا پەراگەندە بوون،

---

٤٤– هیاطلە: جەمعی هیتال–ە میللەتێکی زەرد پێستن و بیابان گەڕن لە سەدەی دووەمی میلادییەوە، لە ڕووسیا نیشتەجێ بوون، دەستەیەکیان بەسەرۆکایەتی ئایتلا هێرشیان کردە سەر ئەوروپا و ڕۆم، بەشێکی دیی ئەم میللەتە لە توران نیشتەجێ بوون بەناوی هەیاتیلەوە ناسراون، هەروەها لەگەڵ ساسانییەکانیش جەنگیان کردووە.

٤٥– صقابلە: جەمعی صقلابی: یوگسلافییەکان.

٤٦– گرمەن: ژەرمەن، میللەتانی شیمالی ئەوروپا، ئەڵمان. نردمان: نیشتەجێیەکانی شیمالی ئەوروپا... نەرمەن.

بەتێپەڕینی ڕۆژگار و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ تایفەکانی دیدا بەتایبەت لەگەڵ قەبیلە موهاجیرەکاندا، شێوەی تایبەتی خۆیانیان لە دەست دا، بەتایبەت دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا برسییەتیێکی گەورە لە ڕۆخەکانی گینگدا ڕووی دا، بەشێکی زۆری ئەم تایفەیە کۆچیان کرد بەرەو ڕۆخەکانی کەنداوی فارس تا کەنارەکانی فورات ڕۆیشتن، لەوێدا نیشتەجێ بوون هەندێکیشیان لە جەزیرەی عەرەب و شامەوە، بەرەو میسر ڕۆیشتن...

هیجرەتی سێهەمیان لە زەمانی ئەمیر تەیموورردا بوو، پاش ئەوەی ئەمیر تەیموور سەرکەوتە سەر (یولدرم بایەزید) سوڵتانی عوسمانی زۆربەی ئەم تایفەیەی لە هیندەوە گەڕانەوە بۆ ئێران، لە ڕێی ئێرانیشییەوە بەرەو ئەرمەنستان، پاشان بۆ ئاسیای بچووك کۆچیان کرد، لە بواری (گالی پولی)یەوە بەرەو ئیستامبوڵ، لەوێشەوە بۆ ڕۆم، تا لە تەواوی ئەورووپادا پەڕاگەندە بوون، جگە لەوانەی کە لە (جبل الطارق)ەوە چوونە ئیسپانیا و پورتوگال، لە میسریشەوە بەرەو تەرابلوس و تونس و جەزائیر و مەراکش ڕۆیشتن...

ئەوەی کە لێکۆڵەرەوەکان دەستنیشانیان کردووە، ئەم تایفەیە لە سەرلەبەری زەمیندا هەن و لە هەر مەملەکەتێکیش ناوێکیان هەیە بۆ نموونە:

فەرەنسییەکان پێیان دەڵێن (بوهیمن) ئینگلیزەکان بە (ژبسی) ناویان دەبەن کە گوایە لە میسرەوە هاتوون، هۆڵەندییەکان پێیان دەڵێن (کیرد) ڕەنگە ڕاستکراوی کورد بن، خەڵکی ئیستامبوڵ بە (حەبەبانوس) ناویان دەبەن، یانی شەیتان، لە هیند پێیان دەگوترێ مانوشی و کالووسند، لە نێوانی خۆیاندا لە یەکدی دەپرسن: خەڵکی کوێیت؟ دەڵێن (سند) یانی سندی.،. سویدیەکان بە (فنت) ناویان دەبەن یانی گەدا، سواڵکەر بوهتانیەکان بە (زیگت) ناویان دەبەن، مەجەرییەکان بە (فاراهینك) یانی

تایفەی فرعەونی، ناویان دەبەن، ئەعرابیش بە (حەرامی) ناویان دەبەن...

یۆنانییەکانیش بە (لاری) ناویان دەبەن... زۆربەی ئەوروپییەکان بە (زنگاری) ناویان دەبەن، ڕەنگە مەبەستیان ئەوە بێ کە ئەمانە لە تایفەی (زنج) زنجین... عوسمانییەکان بە (چنگانە) ناویان دەبەن... ئێرانییەکان بە سوزمانی، قەرەج بێژنگ ساز، کولی (کاوەلی) ناویان دەبەن، خەڵکی ئەفغانستان (لولی)یان پێ دەڵێن، ئەرمەنییەکان بە (پوشەر) ناویان دەبەن لەبەرئەوەی ئەم تایفەیە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەن، بەزمانی ئەهلی ئەو مەملەکەتانە قسە دەکەن کە تیایدا دەژین، بەڵام لە زمانی خۆیاندا وشەی سانسکریتی بەکاردەهێنن، لە نێوان خۆیاندا زمانی تایبەتیشیان هەیە... ئەگەر (کولی)یەك لە هیندەوە بچێت بۆ وڵاتی ئینگلیز، ئەوا قەرەجەکانی ئینگلیز لە زمانەکەی تێ دەگەن... ئەگەرچی هەر تایفەیێکی ئەوان لە هەر مەملەکەتێکا بێ، بەڕووکەش تابعی دین و ئایینی ئەو مەملەکەتەن بەڵام لە باتیندا شێوازی تایبەتی ئایینی خۆیان هەیە، ئەویش جۆرێکی لە بتپەرستی، ئەڵبەتە پەیڕەویشی دەکەن. لە هەر شوێنێکی زەویدا بن، خەریکی گەوادی، بێ غیرەتی، دزی و قەوێدەیی و ساختە و فرتوفێڵن، هەرگیز عادەتی ئەسڵی خۆیان تەرك ناکەن... زۆربەیان بەژن بڵندن، موویان ڕەش و مەیلەو لوولە، گۆناو پێستیان گەنم ڕەنگە، دگانەکانیان سپین بەتایبەتی ژنانیان لە ئەوپەڕی جوانیدان، خەریکی ڕەمل گرتنەوە و سیحر و مەسخەرەبازی و حەیوان بازین، کە پیشەی سەرەکی ئەمانەن تا ئێستا نەبینراوە کەسێکی ئەم گروپە دەستیان بەعلومی بەرز و سەنعەتی نایاب گەیشتبێ، یەکەمجار کە چوونە خاکی فەرەنگ لە ساڵی هەزار و چوارسەد و حەڤدەی زایینی بوو، کە لە خاکی عوسمانییەوە چوونە (مولداڤی) لە هەزار و چوارسەد و بیست و حەوت چوونە فەرەنسا، لە سەرەتای چوونیاندا زاناکانی مەزهەبی، دەرکردنی ئەوانیان لە (فرانسوای یەکەم پادشای فەرەنسا داواکرد)...

چەندین جار لە وڵاتی فەرەنگەوە ڕاونران، پاشانیش هەر گەڕاونەتەوە، ئێستا لە تەواوی ئەوروپادا پەراگەندەن ئێستایش لە ئێراندان... نیشتەجێ نابن، مەیلی کشتوکاڵ و شوانکارەییان نییە... تەنها ئەوەندە هەیە لە وڵاتانی فەرەنگدا لەجیاتی ڕەشماڵ، لە نێو گالیسکەی گەورەدا دەژین، لە ناو ئەواندا ژیان دەگوزەرێنن، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی هیجرەت دەکەن.

# فەسڵی پازدەم

مـەمشی لـەخـۆبـایـی کـە لـیـان-ی هـاوڕێی ئـازیـزی مـنـی کـوشـتـبـوو، بەڕووداری و گەوجییەوە. پاکانەی بۆ خۆی دەهێنایەوە، پاش ماوەیەك لـەگـەڵ بـاوکـیـا، هـاتـنـە مـاڵـی حـەیـدەرعـەلـی، هـەرکـاتـێ کـە ئـەوم دەبـیـنـی ئـەوەنـدە هـەڵـدەچـووم، نـەفـرەتم لـە زار دەهـاتـە دەر، لـەرزم لـێ دەنـیشت هەمیشە دەمویست فرسەتێ وەدەست بێنم، کارەکەی بێ ئارەق ڕشتن بۆ جێ نەهێڵم، چونکە هێشتا سیفەتی بەخشین و چاوپۆشی - کە ئێستا هەمە - ئەودەمە نەمبوو... ئەم منالّە شەڕەنگێزە لاف و گەزافی بۆ ڕەشیدی خۆی لێ دەدا وەك عادەتی هەموو لەخۆبایییێك کەسی بەهیچ نەدەزانی، چەنێ خۆپەسەند بوو لە ناخیشدا دوو ئەوەندە ترسنۆك و جەبان بوو.

ئـەو ڕۆژەی کـە هـاتمە مـاڵـێ، لـەگـەڵ حـەیـدەر و سەفـدەر و قـەنـبـەر لـە باغچەکەدا یارییان دەکرد، منیش لە گۆشەیێکدا خەریکی لەوەڕ بووم، گوێم لە فریادی قەنبەر عەلی بوو کە دەیگوت:

- ئـەی هـاوار فـریـام کـەون، دەربـازم کـەن، لـە چـنـگـی ئـەم جـانـەوەرە نەجاتم دەن.

حەیدەرعەلی پرسی:

- چ حەیوانێکە؟ ئەم قیژە و هاوارەت لە چییە و لە چی دەترسیت؟

قەنبەر دەگریا، بەپەنجە بۆقێکی نیشان دان.

منداڵەکان بەپێکەنین دڵنەوایی قەنبەریان دەدایەوە... مەمش نزیکی بووەوە و گوێچکەی گرت و گوتی:

– منداڵی ئەحمەق... لە بۆقێك دەترسی، کە ئازاری بۆ کەس نییە... لە کاتێکدا من لە شێر و پڵنگ ناترسم، لە ڕوویاندا بێ باکم...

سەفدەر گوتی:

– ئەی ئەو ڕۆژە جاڵجاڵۆکەیێك بەقەد پۆشاکەکەتەوە بوو نیشانم دای، بۆ ترسایت، لە جێیەکەی خۆتەوە بەرزبوویتەوە...

مەمش گوتی:

– من بەجوانی قسەکانم تۆم نەژنەوت... واتزانی لە ترسان ڕاپەڕیم، کە چاکەتەکم داکەند لە ترسانا نەبوو، بەڵکو تا ئەوکاتە جاڵجاڵۆکەکەم نەبینیبوو، ویستم بیبینم و بزانم دایکم بۆ هەند لەم جانەوەرە دەترسی و منیش بزانم ئەم جانەوەرە چییە؟

سەفدەر گوتی:

– درۆ دەکەی! ئەی بۆچی گریایت؟

مەمش گوتی:

– گریانەکەی من بۆ لاوازی و بێ چارەیی دایکم بوو، کە چۆن دەبێ ئینسان بەم هەموو توانایەی خۆیەوە، لە حەیوانێکی بێ توانا بترسێ...

بەکورتی، پاش سەعاتێ ئەم چوار منداڵە لە ژێر سێبەری درەختی ئەمرودی[٤٧] دانیشتبوون، لە هەموو باسێك دەدوان، من لە باغەکەدا بۆقێکی چکۆڵەم بەرچاو کەوت و بەدگان گرتم و بەئاسپایی نزیکی منداڵان بوومەوە، گیرفانی چاکەتەکەی مەمش کرابووەوە گەلێ بەئاسپایی و لەسەرەخۆ، بێچووە بۆقەکەم خستە گیرفانییەوە و کشامەوە و چوومە کەنارێ، چاوەڕێی سەرئەنجامی ئەم کارە بووم... مەمش دەستی بۆ

٤٧– ئەمرود: جۆرێکە لە هەرمێ.

گـیـرفـانـی بـرد، نـۆك و كشمـیش دەربـێنـێ، جـانـەوەرێكـی تـەڕ و لـینـج بەردەستی كەوت، لە جێیەكەی خۆیەوە بەرزبووەوە و هاواری كرد:

– بۆ خاتری خوا فریام كەون... حەیدەرعەلی توگیانی باوكت تومەرگی (اقاباجیت)[٤٨] فریام كەوە ڕزگارم كە.

حەیدەرعەلی پرسی:

– چی بووە؟

گوتی:

– نازانم، حەیوانێ لە گیرفانەكەمدا دەجوولێتەوە... زووكە لە گیرفانم دەری بێنە... ئای مردم فریام كەوە...

سەفدەر گوتی:

– تۆ نەبووی ئێستا بە شان و باڵای خۆتا هەڵتدەدا، گوایە لە شێر و پڵنگ ناترسی... چی بووە، چییە وا لە جانەوەرێك كە لە گیرفانتدایە، هەند دەترسی و هەراسانت لەبەر هەڵگیراوە؟

هـەرچـۆنـێك بـێت چـاكـەتـەكـەی لـەبـەر خـۆی داكـەند و دوور هـەڵـی دا، حەیدەرعەلی، گیرفانی چاكەتەكەی ئەمدیو ئەودیو كرد، بۆقەكە ڕایكرد، نۆك و كشمیش كەوتنە سەر زەوی...

گوتیان:

– ئـاسوودە بـە دوژمـن فـیـراری كـرد، چـاكـەتـەكـەت لـەبـەركـەوە هـەند مەكرووزێوە... مەمش بەجۆرێ ترسابوو، سەراپای لەشی دەلەرزی، نەی دەتوانی چاكەتەكەی لەبەر بكاتەوە تا حەیدەرعەلی یارمەتی دا، ئەوجا چاكەتەكەی لەبەركردەوە.

قەنبەر بەپێكەنینەوە گوتی:

---

٤٨– اقاباچی: پور.

– ئـاگـاداربـە، مـێش و مـەگـەز نـەچووبێتـە ئـاستـەڕێ چـاکـەتـەکـەتـەوە. جـارێکی دیش بترسی و زەحمەتیش بخەیتەوە سەر ئێمە!

مەمش لە سەرزەنشتی ئەم منالّە تێکچوو، لەبەر کەمدڵی و ترسنۆکی خـۆیشی هــەڵـچـوو، بـەنـاچـاری لـە دەرگـای بـاغـچـەکـەوە چـووە دەرێ، منـالّانیش بەچەپڵە و هۆیهاوە کەوتنە دووی، منیش لە دووی منالّەکانەوە بەزەڕینەوە دەڕۆیشتم، جارجار دەوەستام، جووتـەیێکم بەرەو ئەو دەنـارد، زیـاتـر دەتـرسا، دەنـگـی گـریـە و نـاڵـیـنـی بـەرەو ئـاسمـان دەچـوو، بـەم شکۆمـەندییـەوە بـەکـۆلّانـەکـانـی گـونـددا دەمـانسووڕاندەوە، ببـووە مـایەی پێکەنین و مەسخەرەی خەڵکی تا لە مەیدانێکەوە کە خەڵکێکی زۆری لێ وەستابوو تێمان دەپەڕاند بۆ مەیدانێکی تر، پێکەنینی خەڵکەکە زیادی دەکرد، منیش بەدگان جلەکانیم وا گرتبوو و ڕامدەتەکاند، هەر ئەوە بوو ڕوحی دەرنەدەچوو، دگانەکانم هەند تیژ بوون، چاکەت و کراسەکەی تا دۆخینەکەیم دڕاند، کە دۆخینەکەی پسا، پێش و پاشی دەرکەوت، بەنالّە و گریانەوە لە گوندەوە بەرەو سەحرا کەوتە ڕێ... منالّەکان گەڕانەوە بۆ مالّێ. منیش بەتەواوی خۆشحالّییەوە بەرەو تەویلەکەم چووم...

چـەنـد ڕۆژێکـی پـێ نـەچـوو، مـەمشی گـەوج، جـارێکـی دی بـۆ مـالّـی خاوەنەکەی من هات، ئەو ڕەفتارەی لەگەڵیا نواندبووم کەم بوو هەرکاتێ مـەرگـی (لـیـان–م) وەبـیـر دەهـاتـەوە، دەسەلّاتم بـەسـەر ئـیرادەی خـۆمدا نەدەما. ئەو تەمێکردنەییم بەکافی نەدەزانی، دیسانەوە بیرم لە ئازاردانی و تۆڵەسەندنەوە دەکردەوە...

فـرسەتـێکـم وەدەست هـێـنـا، ئـەم جـارەیـان لـە بـری خـوێـنـی هـاوڕێ ئازیزەکەم تەسکینی دڵم بێتەوە...

ئەو ڕۆژە جومعە بوو، عەسری ئەو ڕۆژە حەیدەرعەلی لە باوکی ئیجازەی خواست لەگەڵ مەمش و ئامۆزاکەی و قەنبەر بەسواری بچنە دەرێی دێ و

هەندێ بگەڕێن، ئەسلانی مەیتەر ئەسپەکەی بارام-ی بۆ حەیدەرعەلی زین کرد، کورتانیشی خستە سەر پشتی هێستری باربەرو هێنایە دەرێ، سەفدەرعەلی و قەنبەر، بەجووتە سواری بوون، مەمش منی بۆ سواربوونی خۆی هەڵبژارد، من لە سەرەتادا بەئارامی و لەسەرەخۆ کەوتمە ڕێ، ئەوی لەبەرئەوەی، نەبادا لێم بڕەوێتەوە، تا لە گوند دوورکەوتمەوە مەسافەیێك ڕێگامان بڕی. حەیدەرعەلی ئەسپەکەی خۆی تاودا، سەفدەرعەلی و قەنبەریش بەهەمان شێوە دووی کەوتن، منیش بەمەبەستەوە لەسەرەخۆ دەڕۆیشتم، مەمش یەك دووجار حەچەی لێ کردم، پاشان بەسەختی هەردوو پاژنەی کێشایە پەراسووەکانمەوە، هێشتا هەر لەسەرەخۆ دەڕۆیشتم، مەمش هەڵچوو، بەو دارەی کە بەدەستییەوە بوو چەند جارێ کێشایە سەر و کەللەم، منیش چاوەڕێی ئەم جۆرە کارە بووم، دەسبەجێ دەستم بەغاردان کرد، بەچەند هەنگاوێ پێشی ئەسپەکەی حەیدەر و هێسترەکەی سەفدەر و قەنبەر کەوتم، مەمش کە تیژڕەوییەکەمی بینی گەلێ ترسا، بەهەردوو دەست خۆی بەگەردنی منەوە چەسپاند، دەستی بەگریە و زاری کرد، داوای کۆمەکی لە هاوڕێکانی دەکرد، ناڵە و گریەکەی هاندەرم بوون زیاتر تاوی خۆم بدەم و چاکتر غارکەم، بەمەبەستەوە بەژێر ئەو درەختانەدا دەڕۆیشتم کە لق و پۆپیان نزیکی زەوی ببوونەوە دەست و گەردن و پۆشاکی مەمش دڕان و بریندار بوون، کە ئەو ناپاکەم بریندار کرد وەستام، هاوڕێکانی گەیشتن کە ئەویان لەم حاڵەتە بەدەدا بینی، ئیدی گەڕانەوەکەمان درێژەی نەکێشا، ویستیان بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە... لە گەڕانەوەدا لەسەرەخۆ دەڕۆیشتین، من سەیرم کرد هێشتا ئاگری دڵم دانەمرکاوەتەوە، تۆڵەی (لیان)م ڕەنگە بە جوانی وەرنەگرتبێتەوە، لە نزیکی گوندەکەدا گۆلاوێکی پیس هەبوو، زێرابی ئاوی حەمامی دەهاتەسەر، لادێیەکان زبڵەکانی خۆیانیان لەوێدا ڕۆدەکرد، لە کاتی زراعەتدا وشکیان دەکردەوە وەك پەین بۆ بێستانەکانیان بەکاریان

دەهێنا... نزیکی ئەو گولاوە بوومەوە، هەندێ بۆ پێش و هەندێ بۆ پاش حەرەکەتم کرد، مەمشم بەسەرەوخواری هەڵدایە نێو گۆلاوەکە، تا بیناقاقای نوقمی ئەو پیساییە بوو، ئەو بەدبەختە دڵنیابوو کە ئەمجارەیان کۆتایی پێ هاتووە دەربازبوونی مەحاڵە، لەبەر ترس و شڵەژان دەست و پێی دەبزواند، منالان بۆ ڕزگارکردنی مەمش بێ توانایی خۆیان دەربڕی، بەپەلە چوون کەسانی خۆیانیان ئاگادار کردەوە.

ئەسلان–ی مەیتەر بەگوریسێکی درێژەوە، لەگەڵ بارام و براکەی و باوکی مەمش نزیکی گۆلاوەکە بوونەوە، بەزەحمەت هێنایانە دەرێ، باوکی مەمش لەبەر عەسەبیەت و تووڕەبوون، ڕەنگی بواردبوو، بەو دارەی دەستی، کە بۆ تەمێکردنی مەمش هەڵی گرتبوو، مەمشی دایە پێش خۆی منیش دوای ئەوان کەوتم، تا سەرئەنجامی کار هەڵسەنگێنم، ڕووبارێکی چکۆڵە لە نێوان گوندی ئێمە و گوندی باوکی مەمشدا ئاوێکی بەخوڕی تیژڕەوو ساردی هەبوو، باوکی مەمش حوکمی کرد، مەمش جلەکانی داکەنێ و بیشوات، پاشانیش خۆیشی بشوات، سەعاتێ زیاتر مەمش بەڕووتی لە نێو ئەو ئاوە ساردەدا بوو، پاش شۆردنی پۆشاکەکانی و جەستەی خۆیشی گەڕانەوە بۆ ماڵەکەیان، منیش بەئەوپەڕی خۆشی و شادییەوە ڕووم لە تەویلەکەم کرد...

سبەینێ بیستم بارام بەئەسلانی مەیتەری دەگوت: ئەم کەرە گەلێ سەرکێش و هەرزە بووە، خۆراکی کەم کەوە و بیشیترسێنە... مەمشی بێ چارەی، دوێنی هاویشتووەتە نێو گۆلاوە پیسەکە، باوکە ئەحمەقەکەیشی لە ڕووبارە ساردەکەدا جلەکانی پێ شۆردووە، هەروەها ناچاری کردووە خۆیشی بشوات، سەرمای بووە، تایێکی گەلێ گەرمی لێ نیشتووە، وای لێ هاتووە لە ژیانی بێ ئومێد بن، من ئەمڕۆ چوومە (بەیدکەنە) بۆ سەردانی مەمش، گەلێ بەدحاڵ بوو، باوکی دەیگوت: لە دوێنێوە بەم حاڵەوە کەوتووە، لەبەر ئازاری لەشی هەر دەناڵێنێ... ئەگەر چەمووشی ئەم کەرە نەبا، ئەم منالە ئاوهای بەسەر نەدەهات...

دەسبەجێ بڕیارەکەی بارام جێبەجێ کرا، تا چەند ڕۆژێ خۆراکیان لێ بڕیم، هەموو ڕۆژێ دووجار دارکارییان دەکردم  لەبەر بێ خۆراکی و کوتەك، ڕۆژ بەڕۆژ لاواز دەبووم، ئەگەرچی پاش هەفتەیێك تیمارکردن، مەمش چاکەوە بوو، جارێکی دی گەڕایەوە بۆ ماڵی حەیدەرعەلی، بەڵام ئەو میهر و خۆشەویستییەی منالاّن بۆ منیان دەنواند، نەما، رعایەتەکەی بارام و ئەسلاّنی مەیتەریش لە نێو چوون، هەمیشە دەمبیست کە دەیانگوت:

– ئەم کەرە شەڕەنگێز و چەمووشە، یەك پوولێکی قەڵب ناهێنێ.

کاکی ئازیزی من...

پێویستە بەکورتی خەوشەکانی تۆڵەسەندنەوەتان بۆ بەیان کەم:

لە سەرەتای دروستبوونی دنیا و تا ئێستایش بەڵکو تا نەمانی دنیا و یەوملیەقین[٤٩] لەبەردەم عەقڵی سالم و مەشاعیری کامل تۆڵەسەندنەوە و کینە لە دڵ هەڵگرتن، کارێکی ناشیرین و قەبیحە، ئەو کەسانەی بەدووی تۆڵەسەندنەوەن، عەقڵیان زەعیفە، بەبیانووی پڕوپووچ دۆستی و خۆشەویستی مەحکەم لە نێو دەبەن... کەسانێ کە خاوەنی عەناسری سیستی و ئەربابی ئارائی سەخیفن، زۆرجار تۆڵەسێنن و ڕەغبەتی بەخشینیان لا نییە، چاکترین گەواهیش بۆ ئیسپاتی ئەم مەسئەلەیە ئەوەیە کە (ژنان زەعیفی نەفس و ناقسی عەقڵن)[٥٠] بەرانبەر بەپیاوان... ژنان زیاتر حەز بەکینە و تۆڵەسەندنەوە دەکەن، سووریشن لەسەر تۆڵە...

کام تۆڵەسەندنەوە شەرم ئاوەر نییە؟

چ پاداشێ هەندەی ئەوە بەسۆزە، کە جەزای خراپەکاری بەچاکی و خەتا بە عەتاو گوناهیش بەلێبووردن بێت...

---

٤٩– یوم الیقین: ڕۆژی قیامەت، ڕۆژی حەشر و حیساب.

٥٠– ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە زیاتر لە نێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا کە ئایین ڕۆڵێکی گەورەی تیا دەبینێ، ئەم پڕوپووچییە بلاّودەکەنەوە، دەنا ژن و پیاو لە عەقڵ و فام و هۆش و هەستدا یەکسانن. (م)

هیچ زاڵمیّ نەیتوانیوە ئامێرێکی ئەشکەنجە دروست کات، ئازار بەخشتر بێت لە ڕووشکاندن و پەشیمانی، چونکە بەدکاری و پەشیمانی لە ئاوێنەی ویژداندا چەسپاون، بەردەوام لەگەڵ کەسەکەدا لە حەرەکەیە لە (قیام وقعودیدا)[٥١] هەمیشە لەگەڵیاندان، هیچ کاتێکیش لێی جیانابنەوە (نار الله الموقدة تطلع علی الافئدة)...

کەسانیّ کە بەم ئازارە ڕوحییانەوە دەناڵن دووچاری ئەم زەجرە باتنییە بوون، بەجۆریّ گرفتارن، چاکترین خۆراك و مەشروب لە گەروویاندا تامی زەقومی[٥٢] هەیە، باشترین هەوایش بۆ ئەمانە حەمیم[٥٣] و سەمومە[٥٤]، خەویان ئاڵۆز و موشەوەشە، خەیاڵیان پەرێشانە، هەمیشە لە کارەکانی خۆیان پەشیمانن... بای سەبایان کاری تەوەفانیان بۆ دروست دەکات، جەرەیانی ئەنهار، ئەسەری ئەمواجی بیحاری هەیە، هەرکاتیّ خەتاکانی خۆیان دەکەوێتەوە بیر چاوەڕێی ئینتقامی سەماوین، هەرکاتێکیش چاوپۆشی تەرەفی موقابیل دەبینن، حەز بەمەرگ و لەناوچوون دەکەن...

هەر شەڕەنگێزیّ لە کاتی شەڕخوازی خۆیدا، خۆی بەجەسوورترین هاوڕەگەزی خۆی دەزانیّ، بەڵام پاش وەجێهێنانی شەڕەکەی، لە هەموو کەسیّ جەبانتر دەبیّ، جگە لە پەشیمانییەکەی.

پیاو ئەو کەسەیە، لە دامێنی خزاندا، لە تاوان و تۆڵە خودداری بکات، نەکەوێتە چاڵی پەشیمانی ئەبەدییەوە... چاوپۆشی و بەخشین بکاتە پیشەی خۆی، کاری بەدکارانیش حەواڵەی پەروەردگار بکات.

---

٥١- قیام وقعودیدا: هەڵسان و دانیشتن.

٥٢- زقوم: درەختێکە لە دۆزەخ بەری گەلیّ تاڵە دۆزەخییان لەوبەرە دەخۆن... ناوی گیایێکی سەحراییە... هەر شتیّ تفت و تاڵ و ژەهراوی بێت...

٥٣- حەمیم: ئاوی گەرم.

٥٤- سەموم: ڕەشەبای توند و تیژ.

# فەسڵی شازدەم

لەو ڕۆژەوەی کە مەمشی بەستەزمان تووشی ئەو مامەڵەیەی من بوو، ڕەفتاری هەموویانم لەمەڕ بەندە بەگۆڕاوی و جیاوازی دەبینی... نەك تەنها بارام و کەسانی لە ڕەگەزی ئینسان و هاوجنسی مەمش بوون بەدگۆییەیان درەحەق بە من دەگوت و نەفرەتیان لێ دەکردم، بەڵکو حەیواناتی هاوڕەگەزی خۆیشم بە کەراهەتەوە سەرنجیان دەدام لە کۆمەڵگای ئەواندا دەرکراو، وەك غەریبان لە گۆشەی تەویلەکەدا دەژیام. کە دەیانبینیم پشتیان تێ دەکردم، لە وجودی من بێ دەنگ دەبوون و ئەفەرۆز کرابووم، بەکورتی سۆنگەی ئەم گۆڕانکارییە تێ نەدەگەیشتم، زیاتر لەو ئەفەرۆز کردنە ئازارم دەچەشت...

ڕۆژێ، لە گۆشەیێکی باغەکەدا، لە نێو گژوگیاکاندا خەوتبووم، بینیم سەفدەر و حەیدەرعەلی کە ئاگایان لە من نەبوو، هاتنە نزیکی منەوە، وەخەبەر هاتمەوە، ئەوان دانیشتن لەمەڕ من دەدوان.

سەفدەرعەلی بەئامۆزاکەی گوت:

– بەڕاستی لەوەتی ئەم کەرە ئەو بەدکارییەی بەرانبەر بە مەمش کردووە، هەرچی خۆشەویستی و میهرەبانییێکم بۆی هەبوو، هەر هیچی نەمان...

حەیدەرعەلی گوتی:

– هەروایە... ئەم کەرە لە ڕووکەشدا چاکە، بەڵام وەك زۆربەی خەڵکەکە لە ڕوودا چاکن و لە ناخیشدا شەڕەنگێز... بینیت چ کارێکی بەقەرەقۆزە

قەرەجەکە کرد، بە چ ڕووداری و وەقاحەتێکەوە ئەو بەستەزمانەی فەزح کرد؟ ڕاستە هونەری نواندن و خەڵکی هێنایە پێکەنین، بەڵام بێ ڕەحمی و بێ مروەتی بەرانبەر کرد و ئابڕووی برد.

سەفدەرعەلی گوتی:

– قەرەقۆزەکەی سووک کرد، ئەمە ئاسانە، کەرەکەیشی لە ئیعتبار خست... باوکم دەیگوت: قەرەقۆزی قوڕ بەسەر، پاش ئەو ڕووداوە لە هۆبە[٥٥] چوونە دەرێ ژن و منداڵەکانی سپاردە گەدایی... ئەڵبەتە ئەمە هەموو تەقسیری کەرەکەی ئێمەیە...

حەیدەرعەلی دووی قسەکەی کەوت و گوتی:

– نەخێر، تەفسیلاتی تر هەیە، کەسێ ماوەیێك لەمەوبەر بەم ناوەدا گوزەری کرد، چاوی بەم کەرە کەوت و ناسییەوە، باسی ئەوەی بۆ باوکم کرد کە چۆن لووشکەی لە زەعیفەیەك داوە و چۆن بەسەختی ئەزیەتی داوە...

گفتوگۆی ئامۆزاکان تەواو بوو، هەردوو هەڵسان و ڕۆیشتن، منیش بەئازار و شەرمەزارییەوە لە جێیەکەی خۆمدا مامەوە...

سەرەتا وا بیرم کردەوە، کەرانە ئازاری ئەم دوو منداڵە بدەم، پاش هەندێ تێڕامان و بیرکردنەوە، سەیرم کرد حەق بەوانە، هەرچییەکیان گوت ڕاستیان دەکرد... لەمەڕ تۆڵەسەندنەوە لە سەرەتای تەمەنمەوە تا ئێستا، جگە لە ئازار چەشتن، چیدیم نەبینیوە... خاوەنە قەحپەکەی خۆم کە چەند پەراسوویێکم شکاندبوو، ئەگەر فیرارم نەکردبا بەکوتەك ئەوەندەیان لێ دەدام تا دەمردم. مەمشی بەستەزمان خۆ عەمدەن لیان–ی نەکوشتبوو، ئیدی بۆ؟ بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی لیان ئەم هەموو بەد ڕەفتارییەم دەرحەق مەمش کرد... لەم کارە شەڕەنگێزانەدا چیم وەدەست هێنا، جگە لەوەی کە چ کەسێ مەیلی ئەوەی نییە قسانم لەگەڵدا بکات و ببێتە هاوڕێم (الیوم ندمت وما ینفع الندم)[٥٦] چی بکەم؟

---

٥٥– أوبە: هۆبە: جێی چادرەکانی خێڵ.

٥٦– ئەمرۆ پەشیمانم، بەڵام پەشیمانی چ سوودێکی هەیە.

ئەگەر زمانم هەبا، دەچوومە لای هەموویان عوزرخواهیم دەخواست، داوای پۆزش و بەخشینم دەکرد، سوێندم دەخوارد چیدی شەڕانگێز و بەدرەفتاری نەکەم. چونکە چ چارەیێکم نەبوو، کاری کەرانەم کردبوو، ئاهێکی ساردم هەڵکێشا، بۆ بێ چارەیی خۆم دەستم بەگریان کرد، لە حەقیقەتدا ئەمە یەکەم جارە بەدڵ نادیم و پەشیمان بم... ئەی درێغ! ئەگەر ڕەفتاری کردارم باش با، زوو لە جێی خۆم دەرنەدەپەڕیم، هەندێ حەوسەڵە و ویقارم پەیدا دەکرد، جەلافەت و[٥٧] ستەمم لە خۆم دوور دەگرت، ئەو دەمە چ خۆشبەختێ دەبووم...

لەم خەیاڵانەدا بووم، سروش هۆشیاری بەگوێمدا خوێند (بەری زیان لە هەر کوێیەکەوە بگری، سوودی تیایە... بۆ ڕێی خێریش هەرکاتێ هەنگاوی بۆ هەڵنێی کاتیەتی...).

لە جێ هەستام، بەزمانی بێ زمانی خۆم شوکری فەزڵی خواوەندم کرد. یەکەم هەنگاوێ کە لە ڕێی خێردا هەڵمهێنا ئەوەبوو کە لە تەویلەکە جاشەکەرێ هەبوو، هێشتا هی سواری و بار بارن نەبوو، هەر بۆیە ئەسلانی مەیتەر هەند خەمی ئالف و تیماری نەبوو، منیش هەمیشە بەچاوی سووکەوە سەیرم دەکرد، ئەگەر بەرێککەوت هەوسارەکەی کرابایەتەوە و نزیکی ئاخوڕەکەی من کەوتبا بەگاز و لووشکە دوورم دەخستەوە، بەجۆرێ ترسابوو، حەریمی جەلالەتی منی چاك دەناسی و نزیکم نەدەبووەوە، هەرکاتێ بۆ ئاو خواردنەوە دەڕۆیشتین، ئەم بەستەزمانە ڕێزی دەگرتین و دوای هەموومان دەکەوت، بەم ئەدەب و تەوازوعەوە، بەزەلیلیش دەمبینی ڕۆژێ نەبوو بەهەر بیانوویەکەوە بێ زیان و ئازاری پێ نەگەیێنم بەقانوونی ئێوەی بەنی بەشەر هەر بەهێزێ لە ئاست بێ هێز و بێ توانادا خۆی بەخاوەن حەق دەزانێ، لە دنیای کەرایەتیشدا ئەم ڕەوشتەم ئیقتباس کردبوو...

---

٥٧- جلافت: بێ مێشکی، ئەحمەقی.

ئەو ئێوارەیەی ئەسڵانی مەیتەر ئیمەی بۆ خواردنەوە دەبرد، من لە پێشەوە وەستابووم، بە جاشەکەرەکەم گوت:

– فەرمووو وەرە پێشێ...

ئەو سەری سوورما، دڵنیا بوو سووکایەتی پێ دەکەم یا بۆ گازینی کلکی وا دەمەوێ پێشی بخەم... کە ناحەزییەکەیم بینی پێم گوت:

– برا گیان، ئەگەرچی من لە تۆ بەتەمەنترم، ڕێزگرتن لە تۆ واجیبە، لە ئێستایش بەدواوە ڕعایەتی ئێوە ئەرکی سەرشانمە... تا ئێستا بەپێچەوانەی ڕەوشتی ئینسانی و تەمەدون ڕەفتارم لەگەڵدا کردووی و ئازاری زیادم پێ گەیاندوویت، ئێستایش ئەوەی چوو چووە بۆ چاکردنەوەی ئەم حاڵەتەیش، جگە لە خۆشەویستی و میهرەبانی لە من چیدی نابینی، لە تەقسیراتی ڕابردووم داوای عوزرخواهی دەکەم، بەهیوام لەمە بەدوا جگە لە یەك دۆستی شەفیق و ڕەفیق بەهیچی ترم تێ نەگەی...

وەڵامی دامەوە و گوتی:

– لەم فەرمایشتانەی ئێوە، کە ئەوپەڕی نەرمی پێوە دیارە گەلێ خۆش وەقت و خۆشبەختم، من بەخواشتەرخوازی خۆمەوە، خۆم دەخەمە ژێر حیمایەی ئێوە...

ئێمەی دوو کەر مژولی قسان بووین، ئەسپ و هێسترەکەیش سەرنجیان دەداین، سەریان لەم قسانەی ئێمە سووڕدەما، یەك بەوی دیی گوت:

– سەیرکە، ئەم نێرەکەرە، بە چ فرتوفێڵێ دەیەوێ ئەم جاشوولکەیە فریوبدات...

هێسترەکە گوتی:

– چ زیانێکی تێدایە گەر جاشوولکەکە ئاگادارکەینەوە، فریونەخوات...

من بە بیستنی ئەم قسانە گەلێ غەمبار بووم، ئەوشەوە بەئەوپەڕی

بێزارییەوە لەسەر خاکی ڕووتدا خەوتم، بەیانی کە بەئاگا هاتمەوە، بۆ خواردنەوە چووینە دەرێ، من ئیدی بۆ تەویلە نەگەڕامەوە، ڕێی سەحرام گرتەبەر و ڕۆیشتم، چ ئاگایشم لە دەوروبەر و ئەملاو ئەولای خۆم نەبوو، تا لە نزیکی دیوارێك وەستام و سەرنجی پشتەوەم دا، سەیرم کرد لەماڵەکەی بارام و لە گوند گەلێ دوور کەوتوومەتەوە. بەڵام نەمدەزانی لە کوێدام، بەدەوری دیوارەکەدا دەسووڕامەوە، تا دەرگایێك بدۆزمەوە و بچمە ژوورێ... و دەرگام دۆزییەوە، خۆمم لە گۆڕستان و لە مەنزڵی مردوواندا بینی... بینینی قەبرەکان سۆزی غەریبی بزواندم بەخۆمم گوت:

– ئەم مردووانە لە جنسی بەشەردان، بەبڕوای خۆیان لە ئێمە شەریفترن، هەم خۆیان مردوون هەم چوار پێکانیشیان، جگە لە مشتێ ئێسقان چیدییان نەماوەتەوە... ئەم ژیانەش تا سەر نییە، بەپێی ئیمکان نابێ شەڕخوازی بکرێ و شەڕەنگێزی بەر نەفرەتی ئەبەدی کەوێت...

لە نێو ئەم خەیاڵاتانەدا بووم، سەیرم کرد پیاوێك و ژنێك و منداڵێ، هاتنە نێو قەبرسانەکەوە، پیاوەکە بەژنەی گوت:

– ماە بیبی بەستەزمان... لە دوێنێوە چەنێ هەوڵ دەدەین، سووکە ژەمێکی بمرەومەمرەمان دەست نەکەوت بیدەینە ئەم منداڵە بێ نەوایە...

ماە بیبی گوتی:

– خوا کەریمە.

من دەسبەجێ سەرنجم دا، زانیم هەمان قەرەجی قەرەقۆزە و ژنەکەی لەگەڵدایە. ئاهێکم هەڵکێشا و شوکری خوام کرد و گوتم، ئەم چەند کەسە مەزڵوومە لەبەر شەڕئەنگێزی من تووشی ئەم بەدبەختییە بوون، ئەوا منیش تووشیان بووم، ئێستایش کاتی ئەوەیە لەمەڕ تەقسیرەکانی خۆم عوزورخواهی بێنمەوە، ئەوەی گوزەشتووە چاکی کەمەوە... بەئاسپایی نزیکیان بوومەوە، ماە بیبی کە منی بینی گوتی:

– ئـەم کـەرە بـێ خـاوەنـە، لـێرەدا چ دەکـات، خـۆزیـا هـی ئـێمـە دەبوو، دەمانفرۆشت، بە قیمەتەکەی چەند ڕۆژێ زندەگیمان دەگوزەراند.

قەرەجەکە گوتی:

– ئینسانی بێ خاوەن لەم دنیایەدا زۆرن، بەڵام کەرێ بێ خاوەن پەیدا نابێ! ئەڵبەتە ئەم حەیوانە خاوەنێکی هەیە و دێتە سۆراغی و لە چەنگی ئێمە دەری دەکات، ڕەنگیشە بمانباتە بەردەمی حاکمی قەسەبچە و بە دزیش لە قەڵەممان بدات...

ئەوان پاش هەندێ حەسانەوە هەڵسان و ڕێی خۆیان گرتەبەر، منیش لە پاش ئەوانەوە دەڕۆیشتم، پاش مەسافەیێك منیان بینی دوایان کەوتووم، بە سەرسووڕمانەوە سەیریان کردم، پاشان سەری خۆیان شۆڕ کردەوە، نـیـو فـرسەخـێك ڕۆیشتن، مـنـاڵـەکـە لـەبـەر بـرسیـەتـی تـوانـای حـەرەکـەی نەمابوو... لەبەر بێ توانایی لەسەر زەوییەکەدا دانیشت و دەستی بەگریان کرد، من نزیك بوومەوە بەزمان دەست و ڕوخساریم لێستەوە، قەرەجەکە بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

– ئەم کەرە بۆچی دوای ئێمە کەوتووە؟ ڕەنگە خاوەنەکەی خۆی گوم کردبێت، ئێمەی لەجیاتی ئەو وەرگرتبێ، بەهەرحاڵ بوونی بۆ ئێمە غەنیمەتێکە، ئەم مناڵەی سوار دەکەین، بۆ ئەو گوندەی دەبەین کە لێمانەوە دیارە.

کچۆڵەکەیان سواری من کرد، گەیشتمە دەرگای کاروانسەرایێك، ئەم گوندە، لەبەرئەوەی کەوتووەتە سەرە ڕێ، هەموو ماڵەکانی لە کاروانسەرا دەچێ. غەریبان و ڕێبواران بەهەندێ پارە دەیانحەوێننەوە...

قەرەجەکە گوتی:

– حەقدۆست یا عەلی مەدەد!

خاوەنی کاروانسەراکە دەرگاکەی کردەوە و گوتی:

– خوا بتداتێ... ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ... من ئەمڕۆ سەدەقەی ڕۆژانەی خۆمم داوە، نەپارەیێکی زیادم هەیە بیدەمە تۆ، نەپارچە نانێکیش!

بێ ئومێدی قەرەجەکەم بەچاوی خۆم بینی، پێشکەوتم، بەسەر و گەردن کڕنۆشی تایبەتیم بۆ کرد، هەندێ حەرەکاتی خەندە ئاوەریشم کرد، خاوەن کاروانسەراکەم هێنایە پێکەنین، بە قەرەجەکەی گوت:

– کەرەکەت لە تۆ بەشعوورترە... دەبێ ئەمە لە کەرە مەکربازەکان بێت، وای لێ بکە سەما بکات کار و نان و جێت بۆ ساز دەکەم...

قەرەجەکە گوتی:

– موزایەقە نەبێت! شەرتمان ئەوە بێ یەکەم جار خۆراکمان بدەیتێ...

خاوەنی کا وانسەراکە ئێمەی دەعوەت کرد و بە ژنەکەی خۆی گوت:

– نەنە سارە، سێ نان و هەندێ قاورمە بۆ ئەم بێچارانە دابین کە.

هەروەها خزمەتکارەکەیشی بانگ کرد و پێی گوت:

– هەندێ ئاڵف بخەرە پێش ئەم حەیوانەوە...

قەرەجەکە و خانەوادەکەی لە دالانەکەدا مژولی نان خواردن بوون، منیش لە تەویلەکەدا خەریکی ئاڵف خواردن بووم. خاوەنی کاروانسەراکە چووە دەرێ، پاش چەند دەقیقەیێك لەگەڵ چەند لادێییەکدا خۆیان کردە ژوورێ و بەقەرەجەکەیان گوت:

– بسم الله! چیت پێیە بیخە ڕوو!

قەرەجەکە نەیدەزانی من چ کارێکم لە دەست دێ، بەدوودڵی و ڕاڕاییەوە منی لە تەویلەکەوە هێنایەدەر.

یەکەم جار بەدەوری حەوشەکەدا سووڕامەوە، بۆ هەریەك لە ئامادەبووان بەسەر سەلامم بۆ کردن.

قەرەجەکە بە منی گوت:

چاکترین پیاو کێیە؟

من کوێخاکەم هەڵبژارد، کە پیاوێکی پیرەمێردی ڕیش سپی و ئابڕوومەند بوو، نزیکی بوومەوە، بەزمان ڕیش و سمێڵیم لێستەوە، دیسان گەڕامەوە بۆ ناوەڕاستی حەوشەکە، وەستام.

قەرەجەکە دووبارە پێی گوتمەوە:

– مەحبوسترین کەسی نێو ئەم خەڵکە کێیە؟

من سووڕامەوە، خاوەن کاروانسەراکەم هەڵبژارد، گەردەنیم لێستەوە.

قەرەجەکە گوتی:

– هەژارترین کەسانی ئێرە، کام شەخسە، شتێ پەیدا بکە و بیدەرێ.

بەرەو ژوورەکە چووم لە (تاپۆ)دا[٥٨] بەدگان پارچە نانێکم هەڵگرت، دامە قەرەجەکە.

قەرەجەکە گوتی:

– بەڕاستی لە من و ژن و کچەکەم فەقیرتر هەیە؟

لە گۆشەیێکی حەوشەکە گۆزە شکاوێکم بەرچاوکەوت، بەدگان هەڵم گرت، بەدەوری خەڵکەکە دەسووڕامەوە، هەریەکە چەند پارچە دراوێکی ڕەشی تیا دادەنا، خەڵکەکە بەیەکدا هاتن، کوێخایش خواحافیزی لە خاوەن کاروانسەراکە کرد و پێی گوت:

– سبەینێ جومعەیە، ڕۆژی بێکارییە، ئەم قەرەجە و کەرەکەی چاك بحەوێنەوە ئاگات لێیان بێت، پاش نیوەڕۆی سبەینێ لە دەرێی دێدا، کۆ دەبینەوە، سەیری گەمەکانی ئەم کەرە دەکەین.

قەرەجەکە لەگەڵ ژنەکەیدا، پارە ڕەشەکانیان ژمارد، یەك قڕان و حەوت شاهی بوو... شەومان لە کاروانسەراکەدا بەسەربرد، تێشتی بەیانیشمان

---

٥٨– تاپۆ: عەمبارێکە لە گڵ دروست دەکرێ، گەنم و ئارد و دانەوێڵەی تیا دادەنرێ، لە گەرمیان پێی دەگوترێ: کەنو.

بە مفت دەسکەوت، نیوەڕۆ بەرەو شوێنی وەعدەکە ڕۆیشتین، خەڵکێکی زۆری گوندەکانی دەوروبەریش ئاگادار کرابوونەوە، ئەوانیش ئامادە ببوون دیسانەوە بەشێکی دیی گەمەکانم وەجێ هێنا، مەبلەغێکم بۆ قەرەجەکە وەدەست هێنا، دڵنیابووم لەوەی کە تا چەند ڕۆژێکی دیش لە برسا نامرن، درزم بەخەڵکەکە دا، ڕێی سەحرام گرتەبەر سەرم شۆڕ کردبووەوە بەئازار و خەمەوە، هێدی هێدی ڕێی ماڵی بارامم گرتەبەر.

# فەسڵی حەڤدەم

وەك گوتم، لە نێوانی خەڵکەکەوە هاتمە دەرێ، بەرەو ماڵی بارام کەوتمە ڕێ، مەسافەیێك ڕۆیشتم، هەتاو لە خۆرنشینا بوو، شەو داهات منیش ماندوو بووم لە نزیکی ڕێیەکەدا و لە کەناری ڕووبارێکدا خەوتم... تازە جێم لەسەر خاکە نەرمەکەدا گەرم کردبوو، سەیرم کرد دوو کەس لەو دیوی ڕووبارەکەوە گەلێ بەئاسپایی و وریاییيەوە دەڕۆن، یەك بەوی دیی دەگوت:

– بێگلەر... هێشتا تەواو تاریك نەبووە، چاك وایە لە پشتی دیواری ئەو کەلاوەیە خۆمان پەنهان کەین.

بێگلەر وەڵامی دایەوە:

– داش دەلەن... تا تاریك نەبووە دەبێ بگەینە مەقسەد، من چاك ئاگام لە وەزعی ماڵەکە نییە.

داش دەلەن گوتی:

– ئافەرین بۆ تۆ چ دزێکیت، چەنی چەنێکە دزی دەکەیت، هێشتا ماڵی دەوڵەمەندانی ئەم دێهاتانە نازانی.

بێگلەر گوتی:

– چۆن؟ لە دێهاتەکانی تردا دزیم کردووە، ڕێگاو چاڵەکانیش شارەزام، بەڵام بۆ ئەم دێیە و بۆ ماڵی بارام هەرگیز نەچووم، ئێستاش نازانم مەبەست لە ماڵەکەی بارام چییە... میوە بدزین... یا خانووەکەی ببڕین؟

داش دەلەن گوتی:

– ئەگەر مومکین بێت، ئەڵبەتە خۆمان دەکوتینە خانووەکەی و دەیبڕین... ئەگەر مومکین نەبوو هەر بەمیوە دزینەکە ئیکتفا دەکەین.

بێگلەر گوتی:

– ناتوانین لە دەرگاوە بۆ باغەکە بڕۆین، هەر دەبێ بە دیوارەکەدا هەڵگژین... کوا پەیژە؟

داش دەلەن مشتێکی بەسەری خۆیا کێشا و گوتی:

– دزیکردن بە پەیژە... ئەمە قەوانێکی نوێیە!

بێگلەر گوتی:

– ئەگەر بەدیوارەکەدا هەڵگژاین، لەو دیوەوە سەرەوژێر بووینەوە، ئەگەر کەسێ بمانبینێ چ بڵێین؟

داش دەلەن وەڵامی دایەوە:

– من دزی ئەحمەقی وەکو تۆم نەبینیوە... ئەگەر پرسیاریان لێ کردی بڵێ سواڵکەرم و ڕووی ئەوەم نییە لە خەڵکی بپاڕێمەوە... هاتووم بۆ ئەم باغە تا برسیەتیم دامرکێنمەوە...

داش دەلەن گوتی:

– ئەگەر سەگەکانیماڵەکە هێرشیان بۆ هێنای چ دەکەی؟

بێگلەر وەڵامی دایەوە گوتی:

– بەو کێردەی بەقەد کەمەرمەوەیە، سکی سەگەکە هەڵدەدڕم.

داش دەلەن پرسی:

– ئەگەر سەگ نەبوو، ئەو مل ئەستوورە، مەیتەرەکەی بارام بوو چ دەکەی؟

بێگلەر هەندێ بیری کردەوە، ملی خۆی خوراند و گوتی:

– دەزانی کوشتنی ئینسان بەئاسانی کوشتنی سەگ نییە، سەگیش ئەو ئیعتبارەی نییە، بەڵکو زووتریش بەر دەکەوێ... باشترە ئەگەر ئینسان

پەیدابوو فیرار دەکەین... ئەگەر بینیمان ڕێی فیرارمان لێ گیراوە ئەوجا یا دەست دەوەشێنین یا عوزری دەروەزەیی دەهێنینەوە.

بەکورتی هەردوو دز لە پشتی دیواری کەلاوەکەی نزیکمەوە، خۆیان لە مەلاس نا، تا تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ، ئەوجاش بەرەو ماڵەکەی بارام بکەونە ڕێ... من لەو خەیاڵەدا بووم، چ کارێ بکەم، دەست بۆ چ چارەسەرێ ببەم، ئەگەر پێشیان کەوم چ دەکەم؟ بارام و پیاوەکانی ئایە لە ئیشارەتەکانی من هیچ حاڵی دەبن، تا تەکبیرێ بۆ کاری خۆیان بکەن! وام بەباش زانی ئاگاداری دزەکان بم و ببینم و فرسەتێ وەدەست بێنم و خزمەتێ بکەم، جا ئەو خزمەتکردنەم دەست دەکەوێ یا نا؟ نیو سەعات تێپەڕی و دزەکان هەڵسان، منیش گەلێ بەئارامی و بێ دەنگییەوە دوویان کەوتم، گەیشتنە پشتی دیواری باغەکەی بارام، لە شوێنێکدا هەندێ لە دیوارەکە ڕووخا بوو، وەستان...

داش دەلەن بەبێگلەری گوت:

– بۆ وا ماتڵ بوویت... قولاپ هەڵدانی ناوێ، بێ کۆمەکی منیش دەتوانی سەرکەوی، من دوورتر دەوەستم، سەرنجی دەوروبەر دەدەم، ئەگەر توانیت بچیتە نێو ماڵەکەوە دوو فیکە لێدە و منیش دێم، ئەگەر دەرگای ماڵەکە کلیل درابوو و نسیبی ئەمشەومان میوەدزین بوو فیکەیێك لێدە، منیش لە پشتی دیوارەکەوە، ئەو میوەیانەی تۆ دەمدەیتێ لێتی وەردەگرم...

داش دەلەن چەند هەنگاوێ دوور کەوتبووەوە، بێگلەر جێی دەست و پێی خۆی چاك کرد، پێیەکی نایە قەد دیوارەکە، پێیەکەی تری خستە سەرووترەوە، دەستی ڕاستیشی لەسەر دیوارەکە گیرکرد تا خۆی بەرەوژوور هەڵکێشی، منیش بەئاسپایی لە تەنیشتی دیوارەکەوە نزیکی بوومەوە، بە دگان پێی ڕاستیم توند گرت، بەهەموو هێزێکی خۆمەوە بەرەو خوار ڕامکێشایە خوارێ، فرسەتی ئەوەم نەدا دەنگ بەرزکاتەوە، بەدەستەکانی خۆم بەتوندی کێشامە قەد سەر و کەللەیدا، بێ هۆش کەوت، هەندێ

دوورکەوتمەوە، داش دەلەن هەستی کرد دەنگی فیکەی بێگلەر نییە، بەشڵەژانەوە بۆ لای دیوارەکە هات و جورئەتی ئەوەی کرد بچێتە سەرێ... ترسام نەوەك فیرار بکات، دگانەکانم لە یەخەی چاکەتەکەی گیرکرد و کێشامە قەد زەوی، بەلووشکە سەر و کەللەیم شکاند نەشاطی ئەم سەرکەوتنە، بەندەی هێنایە دەنگ لە ناخی دڵەوە فریادم کێشا، سەری خۆمم کێشایە دەرگای ماڵەکە، ئەسڵان بەرەو دەنگەکە هات، دەرگای کردەوە، نەڕاندییە سەرم و گوتی:

– کەری نانەجیب، پاش دوو ڕۆژ فیرارکردن. بەم شەوە هاتووەتەوە چ وەقاحەت و شەتاحییەك[٥٩] دەکات...

دوو سێ مست شاپی پیاکێشام، من هەندم گوێ نەدایێ بەزەڕین و عەربەدەکردن چوومە ژوورێ، نزیکی ژوورەکەی بارام بوومەوە،لە پەنجەرەکەوە سەرم کردە ژوورێ،بێ بڕانەوە لەسەریەك دەستم بەزەڕین کرد.

بارام چاوی بەم شڵەژانەی من کەوت، هەستی بە شتێ کرد، چونکە دەیزانی من کەرێکی بەشعورم، بەکەسانی دەوروبەری خۆی گوت:

– دەبێ شتێکی تازە ڕوویدابێ، دەنا ئەم کەرە لە خۆڕا ئاوها ناشڵەژێ.

دەستی بۆ قەمەکەی برد، براکەیشی تێلایێکی گرتە دەست، حەیدەرعەلیش فانۆسێکی داگیرساند، ئەسلانیش بەتێلایەکەوە ئامادە بوو... من لە پێشەوە ئەم خەڵکەش بەدوای منەوە لە باغەکە چووینە دەرێ... من ڕانماییم دەکرد بۆ ئەو شوێنەی دزەکانی لێ کەوتبوون، هەرکە گەیشتنە ئەوێ، لە مەسەلە گەیشتن، ئەو دووکەسە بریندارە بەسەختی بریندار ببوون و پشتیان دابووە قەد دیواری باغەکەی ماڵی بارام... ئەڵبەتە ئەمەیش دەبووە مایەی تۆمەت، بۆیە دزەکانی هەڵگرت و بردنییە نێو باغەکەوە، خودی بارام سواربوو بەرەو قەسەبچەکە کەوتە ڕێ...

پاش دوو سەعات (نائب الحکومە)[٦٠] و چەند نەفەر لە قەرەسوران

---

٥٩– شطاح: ڕووداری، بێ شەرمی.

٦٠– نائب الحکومە: نوێنەری حکومەت.

هـاتـن، هـەرکـە قـەرەسورانـەکـان چـاویـان بـەداش دەلـەن و بێگلـەر کـەوت ناسییانەوە، سەریان لەوە سوورما چۆن ئەم دوو دزە ناودارە بەم حاڵە برینداریيە گرفتار بوون.

بارام پرسی:

– ئایا ئەمانە دەناسن؟

دەهباشی قەرەسورانەکان گوتی:

– یەك ساڵ دەبێ بەدووی ئەمانەوەین و بەردەستمان نەکەوتوون، لەم ساڵەدا چەند قەتڵێکیان کردووە و چەندین ماڵیشیان بڕیوە، زیاتر لە سەد مانگا و مەڕیشیان بریندار کردووە.

داش دەلەن وردە وردە هاتەوە هۆشی خۆی، تەواو وەئاگا هاتەوە و چاوانی کردەوە و سەیری کرد خەراب تێکەوتووە، ویستی فرتوفێڵ بکات بەمەسئولی قەرەسورانەکانی گوت:

مـن پـیـاوێکـی غـەریـبـم، ئـەمشەو بـێ جـێ و شوێن بـووم، ئـەم کـەسە (ئیشارەتی بۆ بێگلەر کرد) لە ڕێگادا تووشی بووم، منی بۆ ماڵی خۆی دەبرد، کە نزیکی ئەم باغە بووینەوە، نەمانزانی چ ڕووی دا، کەسێ ئێمەی کێشایە سەر زەوی و برینداری کردین، حاڵیشمان ئەمەیە، وا دەیبینن...

بەرپرسی قەرەسورانەکان گوتی:

– من تۆ دەناسم... داش دەلەن–یت، کەسێکی بەناوبانگی، ساڵێ زیاترە لە هۆبەی (شاهسۆنەکانەوە) بەرەو ئەم ناوە هاتوویت، ئەمیشیان بێگلەرە، هاوپیشەی تۆیە، لە تایفەی کورانلو–وە ئەمەیش لە دزە ناودارەکانە.

بێگلەر کە ناوی خۆی بیست، چاوەکانی کردەوە – نائبی حکومەت – هـەردوو دزەی بـەیـەکـەوە بـەسـتـەوە، سواری هـێستـرەکـەی بـارامـی کـردن، بەرەو قەسەبچەکە کەوتنە ڕێ، منیش بەدڵخۆشی و ئارامییەوە خزمەتم بەخاوەنەکانی خۆم کردبوو بەرەو تەویلە کەوتمە ڕێ...

ڕۆژی دوایی بینیم، ڕەفتاری ئەسڵان بەپێچەوانەی ڕەفتاری لەمەوبەری بوو، وەك پێشتر تیماری دەکردم، بەپێی قاعیدە جۆ و ئالفی دەدامێ، هەروەها بارام و منداڵەکانیشی بەهەمان میهر و خۆشەویستی جارانەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردم، بەڵام من هێشتا ڕازی نەبووم چونکە ڕەفتارەکانی پێشووم لەگەڵ مەمشدا مایەی شەرمەزاریم بوو، ماوەیێك تێپەڕی، من لە هەوڵی ئەوەدا بووم فرسەتێ وەدەست بێنم، کارێ بکەم قەرەبووی خراپەکارییەکانم بکات... بە چاکە وەڵامی بدەمەوە، شوکر بۆ خوا بەختم یار بوو ڕۆژگاریش سازگار هاتە پێشی...

ڕۆژێکی جومعە، عادەتەن مەمش دەهاتە ماڵی بارام، منی لە دوورەوە بینی، لە ترسا لەرز دایگرت، حەیدەر و سەفدەر گوتیان:

– بۆچی سوار نەبین و بچینە دەرێ.

مەمش وەڵامی دایەوە:

– نەء وەڵڵا... من لەبەر نەخۆشییەکەم لاواز بووم و توانای سواربوونم نییە...

سەرنجم دا، کە من بوومەتە مایەی ئەم کارە وەحشیانە، هیچم نەگوت، لەبەرئەوەی زمانی گوتنم نەبوو.

منداڵەکان بەیەکەوە گوتیان:

– ئێستا سوارنابین، هەر لە هەمان باغچەدا گەمان دەکەین، چاکترین یاریش چێشت لێنانە، قەنبەر وەجاغی دروست کرد، حەیدەر گۆشتی هێنا، سەفدەر نۆکی پاك کرد، مەمش بەڕاستی تەمەڵ بوو، هیچی لە دەست نەدەهات، تەنها فووکردنی ژێر وەجاغەکەی لە ئەستۆ گرت، دیزییان[٦١] پڕ کرد، کوڕە مامەکان و قەنبەر چوونە ماڵەوە، پێداویستییەکانی دییان ئامادە کرد، مەمش مژولی فووکردن بوو، ئاگری ژێر وەجاغەکەی

٦١– دیزی: کیتەڵە، شێوەی مەنجەڵی هەیە، لە گڵ دروست دەکرێ.

دەگەشانەوە، ئەو سەگەی پاسی دەکردین دێڵ بوو، دوو سەگی گۆڵی کەللەزل هاتنە نێو باغەکە، ڕاستە و ڕاست بەرەو لای مەمش ڕۆیشتن، ئەم منالە جەبانە وەجاغ و مەنجەڵەکەی جێ هێشت، چووە سەر درەختێکی نزیك، سەگەکان کە بینییان مەمش فیراری کرد، دەستیان بەوەڕین کرد، دەوری درەختەکەیان گرت، مەمش هاواری دەکرد، یەکێ لە سەگەکان بازی دا، دامەنی پۆشاکەکەی گرت، خەریك بوو بیکێشێتە سەر زەوی، ڕەنگە برینداریشی کردبا منیش بێ سێ و دوو، بەچاپووکی خۆم گەیاندێ، بەلووشکە بەربوومە گیانی سەگەکان، هێرشم بۆ بردن، سەگەکانم وەدەرنا، لە وەڕینی سەگەکان و هاوارەکەی مەمش، حەیدەرعەلی و سەفدەر هەراسان ببوون... گەیشتنە لای بینییان مەمش دەگرێ و دەلەرزێتەوە، دامەنی پۆشاکەکەی دڕاوە و ڕەنگی پەڕیوە، مەمش ڕەزامەندی خۆی بەرانبەر بەمن دەربڕی، ئەمە تەنها خەمێ بوو لە دڵما مابووەوە... شوکر بۆ خوا ئەم قەرزەیشم دایەوە...

بەکورتی، زەمانی ئاسوودەیی من بوو، لەو ماڵەدا ژیانم بەخۆشی دەگوزەراند، تا ئەو کاتی ئەجەلی بارام هات و ژیانی فانی بەجێ هێشت، کاری ئەو ماڵە لەبەر ناکۆکی و نیفاق، بەرەو خراپی دەچوو، ماڵ و هەرچییەکیان هەبوو فرۆشتیان چوونە شوێنێکی تر، لەو گوندەوە بۆ جێیەکی دی ڕۆیشتن، نەمزانی بۆ کوێ چوون، بەندەیش، داپیرە موحتەرەمەکەی ئێوە کڕیمی... ئێستا ئەوەتا لە خزمەتی ئێوەدا ژیان دەگوزەرێنم، ئەمە تەواوی سەرگوزشت و ژیاننامەی من بوو، گەر بەچاوی ئیعتبارەوە سەرنجی دەیت دەبێتە (تبصرة اولی الابصار)[٦٢] وە هەروەها دەشبێتە سەر مەشقی ڕۆژگار...

---

٦٢- تبصرة: سەرنجدان. اولی الابصار: خاوەن بینایی... خاوەن چاو.

## تێبینی:

ئەمە هەندێ لەو وشانەیە کە لە نێو مەتنەکەدا بەکارهێنراون، بڵاوکردنەوەیان بێ سوود نییە.

١– نصاب: ئەو بەشە ماڵەی لە زەکات دەردەکرێ.

٢– غایت القصوی: دوورترین مەبەست، دوامەبەست.

٣– وادیع: جەمعی وەدیعە: ئەوەی دەسپێردرێ.

٤– اعمار: جەمعی عومرە: تەمەن.

٥– تعب: ماندووبوون.

٦– سیاقەت: ڕەوش، جۆر، شێوە.

٧– طباع: جەمعی طبعە: سروشت، خووخدە.

٨– السنة: جەمعی لسانە: زمان.

٩– مستفید: بەهرەمەند، کەسێ داخوازی سوود بکات.

١٠– بادی: سەرەتا، دەستپێك.

١١– مقامات: جەمعی مەقامە، پلە، کاری چاکە، هونەر نواندن.

١٢– زبر دست: پەنجەی بەهێز، بەتوانا.

١٣– چشینە: ڕەنگی ئەسپ و هێستری سپییە.

١٤– صبی: مناڵی.

١٥– ابوین: دایك و باوك.

١٦– قاطبة: هەموو، بەتەواوی.

١٧– مأکول اللحم: گۆشتی حەڵاڵ.

١٨– دکنك: تێلا.

١٩– ماکیان: مریشك و کەڵەشێر.

٢٠– بقولات: جەمعی بقولە و جەمعی جەمعە بوقلە: دانەوێڵەی مانەندی پاقلە.

٢١– وجهاً من الوجوه: بەهەر شێوەیێك ئیمکان بێت.

٢٢- سمين: قەڵەو.

٢٣- چار دەوال: نەقیزە.

٢٤- مسمار: بزمار.

٢٥- احمال: جەمعی حەملە: بار، بارەكان.

٢٦- مافي البال: ئەوەی لە خەیاڵدایە.

٢٧- زردك: گێزەر.

٢٨- قبیحة: موئەنەسی قەبیح-ە، ناشیرین، مایەی شەرمەزاری.

٢٩- خربندە: ئەوكەسەی كەر بە كرێ دەدات.

٣٠- بالطبیعة: بالطبع: لە ڕووی سروشتەوە.

٣١- طرداً للباب: بۆ جێیەكەی خۆی، ناردنی بۆ جێی پێشووی.

٣٢- فم معدە: كونی سەرەوەی گەدە.

٣٣- مغشیاً: مغشی، لەخۆچوو.

٣٤- بیع وشری: كڕین و فرۆشتن.

٣٥- وتد: سنگ.

٣٦- مغمور: ئەوەی لە ئاودا غەرق بووبێ.

٣٧- مملوك: غولام، كۆیلە.

٣٨- اخضر: سەوز.

٣٩- منعم: دەوڵەمەند.

٤٠- نهیق: زەڕین.

٤١- ما سوی اللە: جگە لە خودا.

٤٢- جبین: تەوێڵ، نێو چەوان.

٤٣- زمرە: گروپ.

٤٤- مرجوح: چاكتر.

٤٥- مفضول: فێركەری فەزل، كاریگەری لە فازل.

٤٦- تلال: جەمعی تەل - گردۆڵكە.

٤٧- وهاد: جەمعی وەهد - زەوی نشێو.

٤٨– مرابض: جەمعی مربضە، ئەو شوێنەی مەڕی تیا دەخەوێ.

٤٩– مآل: سەرئەنجامی کار.

٥٠– قلاب القدر: چارەنووس و قەدەر، ئەوەی گەردوون دەگیرێ.

٥١– حشر: موعاشەرەت، لەگەڵ یەکدی ژیان.

٥٢– خدر: سست.

٥٣– تباین: جیاوازی، جیاوازی لە نێوان دوو شت.

٥٤– مواسات: غەمخواری.

٥٥– اضرار: زیانگەیاندن.

٥٦– مكره: مایەی بێزاندن.

٥٧– فوز: سەرکەوتن.

٥٨– نعما: نیعمەت، چاکە، ئیحسان.

٥٩– هل من مزید: ئایە هیچ زیادەیەکی دی هەیە؟

٦٠– علی الطلیعة: کاتی خۆرهەڵاتن، سپیدە.

٦١– ریاح: جەمعی ریح–ە، با، بایەکان.

٦٢– منتنە: موئەنەسی منتن: گەنیو.

٦٣– عبوس: ڕووگرژ.

٦٤– عنفاً: بەزۆر و بەتۆپزی.

٦٥– تدقیق: وردبینی: دیقەتکردن.

٦٦– صعب الانکشاف: کارێ کە بەئاسانی ئاشکرا نابێ.

٦٧– تبصبص: چاپلوسی – ریا، ماستاو کردن، تەمەلوق.

٦٨– یعفور: بێچووە ئاسك.

٦٩– غانماً: دەسکەوت، وەدەستهێنان.

٧٠– فاضل: پاشماوەی هەر شتێ.

٧١– لیالی: شەوەکان.

٧٢– صباحت: ڕۆشنی ڕوخسار، جوانی.

٧٣– تغیر: تووڕەیی.

٧٤- حسب العادة: بەپێی ڕەسم و عادەت.

٧٥- بێ حمێت: بێ غیرەت.

٧٦- تقصیر: کورتی.

٧٧- شلتاق: تەجاوز، سنوور بەزاندن.

٧٨- مفطور: خۆرسك.

٧٩- سبیل: ڕێ.

٨٠- تعییر: سەرزەنشت.

٨١- استعلام: داوای ئاگاداریکردن.

٨٢- بروت: سمێڵ.

٨٣- متقاطر: دڵۆپ دڵۆپ.

٨٤- متواتر: پەیاپەی: یەك لە دوای یەك.

٨٥- تطاول: زوڵم، دەستدرێژی.

٨٦- مجملی: بەکورتی.

٨٧- تلطف: میهرەبانی.

٨٨- خوارق عادات: بەپێچەوانەی عادەت، لە سەرووی سروشتی.

٨٩- النادر کالمعدوم: ئەوەی دەگمەن بێ وەکو ئەوەیە نەبێ.

٩٠- مقام: جێ، شوێن.

٩١- دار البوار: دۆزەخ.

٩٢- منشأ: ئەو شوێنەی لێی پەیدابووە.

٩٣- مخالف: ناساز، ناسازگار.

٩٤- اضطرار: ناچاری.

٩٥- دولت: سامان، سەرمایە، ماڵ.

٩٦- جحیم: دۆزەخ، جەهەنەم.

٩٧- انتعاش: چوستی، باشبوونی پاش نەخۆشی.

٩٨- فخ: تەڵە، داو.

٩٩- متفق الکلمة: یەك قسە، یەك ڕەئی.

١٠٠- عفونت: گەنیوی.

١٠١- عفن: گەنیو.

١٠٢- كذب: موعەرەبی كەلیمەی كدبا-ی پەهلەوییە، درۆكردن.

١٠٣- فرح: شادی.

١٠٤- تهنیت: پیرۆزبایی كردن.

١٠٥- انبساط: شادی و خۆشی.

١٠٦- اعانت: یارمەتی.

١٠٧- لنديدن: لە تورەیدا لە ژێر لێوەوە قسان بكرێ.

١٠٨- شؤونات: جەمعی شەئنە: كار، كاری گرنگ.

١٠٩- أوانی: جەمعی آنية: ئامان، قاپ و قاچاغ.

١١٠- تجلل: ئەوەی مایەی شكۆمەندییە.

١١١- ثغور: جەمعی ثغر-ە سنوورەكان.

١١٢- علائق: جەمعی علاقەیە، پەیوەندییەكانی و مەجازەن موڵك و ماڵ دێت.

١١٣- رستاق: موعەرەبی ڕۆستا-یە، دێ، گوند.

١١٤- مسكوكات: جەمعی مسكوك-ە، سكە، پارە.

١١٥- صناعی: مەنسوب بەصناعەت، بەرانبەر بەسروشتی.

١١٦- یورت: ڕەشماڵ.

١١٧- حضارت: شارنشینی، شارستانی.

١١٨- جوع: برسیەتی.

١١٩- تحریض: هاندان.

١٢٠-منفعل: هەڵچوو، لێرەدا بەمانای شەرمەزاری دێت.

١٢١- جید: چاك، باش.

١٢٢- معجر: سەرپۆش، سەرپۆشی ژنانە.

١٢٣- یالپۆش: گەردن پۆش-ی ئەسپ، یاڵ.

١٢٤- مأذون: ئەمر وەرگرتوو.

١٢٥- مایری وما لایری: ئەوەی دەبینرێ و ئەوەی نابینرێ.

١٢٦– برايى العين: بەچاو بينراو.

١٢٧– مؤانست: ئينس وەرگرتن، خۆشەويستى، دۆستى.

١٢٨– مرآت: ئاوێنە.

١٢٩– اولو الالباب: خاوەن عەقڵە.

١٣٠–مشتبە: داپۆشراو، گومان لێكراو.

١٣١– سخريە: گاڵتە پێكردن.

١٣٢– جبن: ترس، بيم، باك.

١٣٣– جبان: ترسنۆك.

١٣٤– تيقن: يەقين پەيداكردن، بێ گومان.

١٣٥– قواد: گەواد، دەيوث، شاخدار.

١٣٦–بالصراحە: بەڕاشكاوى.

١٣٧– وداد: خۆشەويستى، موحيبەت.

١٣٨– مزور: مزەوەر: ئەوەى بە ساختە دروست كرابێ.

١٣٩– ملكات: جەمعى ملكە – تايبەتمەندييەكان.

١٤٠– انشاد: خوێندنەوە.

١٤١– چهار موج: گێژداو.

١٤٢– صدق واقع: ئەوەى كە هەيە و حەقيقەتە.

١٤٣– متحلقين: ئەو كەسانەن كە بەدەورى كەسێ بازنەيان گرتووە.

١٤٤– دوار: گێژى، سەرگەردانى.

١٤٥– آسر: باو.

١٤٦– حنيف: پاك ئاين.

١٤٧– الحريق: ئاگر.

١٤٨– اشتداد: شيدەت، سەخت، فشارى توند.

١٤٩– عمارى: هەودەج، كەژاوە.

١٥٠– ربوبيت: سەڵتەنەت، قودرەت و توانايى.

١٥١–ابوت: بەباوك بوون.

١٥٢– فتور: سستی، ساردی، لاوازی.

١٥٣– زخار: گەلێ پڕ، لەبالەب.

١٥٤– حصر: گەمارۆدراو بە: وەقف.

١٥٥– لطايف الحيل: چاكترين فرتوفێڵ.

١٥٦– كتم عدم: جيهانی نەبوون.

١٥٧– واسع: كراوە، بەرين.

١٥٨– حرمان: بێ بەهرەيی، نائومێدی، بێ نسيبی.

١٥٩– مدارج: پلەكان.

١٦٠–عواصف: زريان، ڕەشەبا.

١٦١– تموج: شەپۆڵدان، بەرز و نزم بوونەوەی ئاو.

١٦٢– معمور: پڕ.

١٦٣– هيكل: شەكڵی جەستە.

١٦٤– حيص و بيص: جەنگ، ئاشوب.

١٦٥– نكهت: بۆنی خۆش.

١٦٦– جولْقی: بێ نەوا، قەلەندەر.

١٦٧– تردماغی: شادی.

١٦٨– سبقت: دەستپێشخەری.

١٦٩– اق سقالان: ڕیش سپییان (توركييە).

١٧٠– دفعە واحدە: يەكجار، يەك كەڕەت.

١٧١– صرە: كيسەی زێڕ و زيو.

١٧٢– نقمت: سەرزەنشت، تۆڵەوەرگرتن، كينەگرتن.

١٧٣– طبعاً و طوعاً: بەڕەزامەندی دڵ و خواستی خۆی.

١٧٤– قسراً: بەزۆر.

١٧٥– كرهاً: بەئيكراه. بەنابەدڵی.

١٧٦– سخيت: سەخاوەت، چاوتێری، بەخشندەيی.

١٧٧– مبذرين: ئەوانەی بۆ ناپێويست زياد سەرف دەكەن.

١٧٨– جواد: بەخشندە.

١٧٩– متعمد: كارێ لە ڕووی مەبەستەوە ئەنجام بدرێ.

١٨٠– قلق: ترس و لەرز، ناوەستاو.

١٨١– ذكاء: بیر تیژی، زیرەكی.

١٨٢– نفس لوامە: لۆمەكردنی نەفس كاتێ كە كاری خراپ و گوناه دەكات.

١٨٣– تقریع: سەرزەنشت و بەدگۆیی.

١٨٤– استعانت: داوای یارمەتیكردن.

١٨٥– وبال: نەگبەتی، سەختی.

١٨٦– إتیان: بەنموونە هێنانەوە.

١٨٧– برئ الذمة: ئەوەی كە قەرزەكانی داوەتەوە، ئەستۆ پاكی.

١٨٨– مبرات: جەمعی مبرە: چاكەكاری.

١٨٩– محمد: ستایش، چاك ڕەوشت.

١٩٠– حمق: گەوجی، حەماقەت.

١٩١– استرحام: داوای بەزەییكردن.

١٩٢– سلیم القوی: تەندروست، ساغ و سەلامەت.

١٩٣– رقاب: جەمعی رقبة: غلام، كەنیز، ملەكان، مل.

١٩٤– عنیف: زبركار.

١٩٥– منهج: منهاج، ڕاستە ڕێ ڕۆیشتن، پرۆگرام.

١٩٦– اعتساف: لاڕێ گرتن، لادان لە ڕاستە ڕێ.

١٩٧– گول: نادان، ئەبلە، گەوج.

١٩٨– روات: جەمعی ڕاوی: ئەوانەی دەگێڕنەوە، ڕوایەت دەكەن.

١٩٩– وقایة: پارێزداریكردن.

٢٠٠– خشوع: ملكەچی، خاكی، فەرمان بەجێهینان.

٢٠١– عظمی: بەگەورەگرتن، گرنگی پێدان.

٢٠٢– اسائة: خراپەكاری بەرانبەر بە كەسێ.

٢٠٣– سجیت: ڕەوشت.

٢٠٤- مخالصت: خۆشەویستی بێ غەل و غەش.

٢٠٥- خلجان: نیگەرانی.

٢٠٦- حنجر: گەروو.

٢٠٧- تعرض: سەرپێچی.

٢٠٨- بیطار: پزیشکی ئاژەڵان.

٢٠٩- شرف: نزیك بووەوە لە..

٢١٠- مطلق العنان: سەرەڕۆ، بێ ڕەشمە، ڕەشمەی بۆ شلکراو.

٢١١- مطموس: گوم و نادیار.

٢١٢- الجە: ئەنفال، ئەوەی لە جەنگدا دەستدەکەوێ، وەك ئاژەڵ و ژنان.

٢١٣- اصابت رأی: دروست و ڕاستگوتن.

٢١٤- قراسوران: جەمعی قەرەسورن: ئەو سوارانەی ئاگاداری کاروان دەبن.

٢١٥- کیاست: زیرەکی، بیرتیژی.

٢١٦- هادی الطریق: ڕانما.

٢١٧- کلاغی: دەسەسڕی گەورە و ئەوریشمینە، هەندێ عەشایر دەیبەستنە سەریان.

٢١٨- مشاعر: جەمعی مشعر، شعور، هێزی درککردن.

٢١٩- کرام: جەمعی (کەریم)ە، پیاوانی خوا.

٢٢٠- ابن السبیل: ڕێبوار، ڕێبواری بێ نەوا، ئەوەی لە ڕێدا جێمابێ.

٢٢١- بلا کفیل: بێ سەرپەرشت، بێ کەس.

٢٢٢- لدی الورود: هەرکاتێ هاتە ژوورێ.

٢٢٣- ما حضر: ئەوەی ئامادەیە، خۆراکی سادە.

٢٢٤- صفە: هەیوان، ژوور.

٢٢٥- ابتیاع: کڕین.

٢٢٦- بنی عم: کوڕە مام.

٢٢٧- وضوح: ڕۆشن، ئاشکرا، لێرەدا مەجازەن بە بینین دێت.

٢٢٨- مضلات: جەمعی مضلة، گومڕایی.

٢٢٩- اعوان: جەمعی عون-ە، یاران، هاوەڵان.

٢٣٠– سخا: کەرەم، بەخشش.

٢٣١– مردمی: انسانی.

٢٣٢– فتوت، جوامێری.

٢٣٣– بعبارة اخری: بەدەستەواژەیێکی دی.

٢٣٤– بلیت: بەڵا، ئاشوب، موسیبەت.

٢٣٥– حلیة: خشڵ.

٢٣٦– ادانی: جەمعی ادنی، خەڵکی عەوام، ڕەشەخەڵك.

٢٣٧– عباد: جەمعی عبد، خەڵقەندەکان.

٢٣٨– بهائم: چوارپێ.

٢٣٩– صدر اول: دەستپێك.

٢٤٠– عقاب: شکەنجە، سزا.

٢٤١– نکال: عەزاب، سزاییێك کە بۆ خەڵکی دی ببێتە مایەی عیبرەت.

٢٤٢– کدیمین: حەقەمست.

٢٤٣– الفت: خووگرتن، لەگەڵ یەك تێکەڵبوون.

٢٤٤– ارسل: نێردراو (مرسل).

٢٤٥– نفس: انسان، مەردم.

٢٤٦– سقیم: بیمار، نەخۆش.

٢٤٧– عسرت: دەستکورتی، هەژاری.

٢٤٨– ارباب: خاوەن، مالیك.

٢٤٩– سفلی: ژێرین.

٢٥٠– شداید، جەمعی شده، سەختییەکان.

٢٥١– متعسر: دژوار.

٢٥٢– نعیم: نیعمەت.

٢٥٣– علوی: ئاسمانی.

٢٥٤– داعی: هۆ، عیلەت، سونگە.

٢٥٥– ذم: بەدگۆیی بەرانبەر بە کەسێ لە ڕوودا نەبێ.

٢٥٦– ممثل: بەرجەستە بوو.

٢٥٧– مشتهيات: خواستەمەنییەکان.

٢٥٨– زخارف: جەمعی زخرف، ئارایشتی بێ ئەهەمیەت.

٢٥٩– يسار: بەتوانایی.

٢٦٠– مشير: ڕاوێژکار.

٢٦١– طفيل: مێمڵ.

٢٦٢– بی انبازی: ڕەبەن، بێ هاوسەر.

٢٦٣– مستعار: وەك دەمامك، یا پرچی صناعی.

٢٦٤– ضرور: مخفف ضرورت و ضروری، ئەوەی پێویستە.

٢٦٥– مذبوح: سەربڕاو.

٢٦٦– أسن: بەتەمەنتر، گەورەتر.

٢٦٧– سنبە: ئەو پارچە ئاسنە درێژەی لوولەی تفەنگی پێ پاك دەکردێتەوە، زمە

٢٦٨– قوروق: قرق: ممنوع، قەدەغەکراو، قۆرخ.

٢٦٩– كلاب: جەمعی كلب: سەگەکان.

٢٧٠– معلم، مامۆستا.

٢٧١– نخجير: شكار، نێچیر.

٢٧٢– مستخلص: رەها، ئازادبوو.

٢٧٣– مسامحت: جوامێری، بەخشش.

٢٧٤– تأديب: سزادان.

٢٧٥– سكە: موعەرەبی، شکە، مەشکە.

٢٧٦– قرين: دۆست، هاونشین.

٢٧٧– استغناء: دەسبەرداربوون.

٢٧٨– گازر: کەلوپەل بۆ شتن.

٢٧٩– سبت: سەبەتە.

٢٨٠– رشوە: ئەو زبڵەی زەوی پێ بەهێز دەکرێ.

٢٨١– رجە: گوریس

٢٨٢– شميم: بۆنی خۆش، عەتر.

٢٨٣– سمن: یاس، یاسەمین.

٢٨٤– لالی: جەمعی لوءلوء، مرواریيەكان.

٢٨٥– چمیدن: بەناز و تەكەبورەوە ڕۆیشتن.

٢٨٦– شهر اشوب: كەسێ هەند جوان بێ شۆرەتی لە شاردا وەرگرتبێ.

٢٨٧– لولیان: كێوەلی.

٢٨٨– استیذان: ئیزن وەرگرتن.

٢٨٩– قراچیان: كێوەلییەكان، قەرەجەكان.

٢٩٠– تنعم: خۆش گوزەرانی.

٢٩١–منصور: سەركەوتوو.

٢٩٢– دشت قبچاق: سەرزەمینی نێوان چین و ماوراء النهر.

٢٩٣– سخیف: كەسی سووك، چرووك، بێ عەقڵ.

٢٩٤– صقالبە: جەمعی صقلابی، یوغسلافی.

٢٩٥– گرمن: دانیشتوانی باكووری ئەورووپا (ژەرمەن).

٢٩٦– نردمن: (نورمەن) دانیشتوانی باكووری ئەورووپا.

٢٩٧– دهور: جەمعی دهر، ڕۆژگاران.

٢٩٨– هیون: حوشتر، حوشتری گەورە.

٢٩٩– اقطاع: جەمعی قطع–ە پەیكانی پان، مەبەست جێی گرنگی ڕووی زەمینە.

٣٠٠– قلاب: سازەندە، قەویدە.

٣٠١– بشرة: پێست.

٣٠٢– اشتلم: داوای دوئیل كردن، داوای موبارەزەكردن.

٣٠٣– ببر بیان: نەوعێ لە بەبەرە، بەیان دڕندەیێكە دوژمنی شێرە.

٣٠٤– امرود: جۆرێكە لە هەرمێ.

٣٠٥– اقاباجی: پور.

٣٠٦– تشفی: تەسكین، ئاساییش وەدەستهێنان.

٣٠٧– تنظیف: پاككردنەوە.

٣٠٨- يوم اليقين: ڕۆژی حیساب، ڕۆژی قیامەت.

٣٠٩- رخوت: سستی.

٣١٠- التیام: سارێژبوون.

٣١١- مرتسم: مەرسوم، بەجێ هێنراو.

٣١٢- ضمیر: ویژدان.

٣١٣- الم: دەرد، خەم.

٣١٤- ماکول: ئەوەی دەخورێ.

٣١٥- زقوم: دەڵێن درەختێکە لە دۆزەخ، بەرەکەی گەلێ تاڵە، هەرشتێکی تاڵ و زەهراوی.

٣١٦- حمیم: ئاوی گەرم.

٣١٧- أنهار: جەمعی نهر-ه ، ڕووبار، ڕووبارەکان.

٣١٨- اغماض: چاوپۆشی، بە نادیدەوەرگرتن.

٣١٩- قابلیت: شایستەیی.

٣٢٠- اوبە: هۆبە، چادر، جێی چادرەکانی خێڵ.

٣٢١- جلافت: ئەحمەقی، بێ عەقڵی.

٣٢٢- خفض جناح: هێنانە خوارەوەی باڵ، تەواضع - خاکی.

٣٢٣- طوع: ئیطاعت کردن.

٣٢٤- مافات: ئەوەی لە دەست چووە.

٣٢٥- مهموم: غەمبار.

٣٢٦- نشاء: ژیان، خەڵقکراو، ژین.

٣٢٧- بیوتات: ماڵەکان.

٣٢٨- کرنش: کڕنوش بردن، تەعزیم، سەربەرەوژێر دانەواندن.

٣٢٩- مخصوص: تایبەت.

٣٣٠- تاپو: کەنو.

٣٣١- سؤال: داواکردن، گەداکردن، سواڵ.

٣٣٢- شطاحی: بێ شەرمی، ڕووداری.

٣٣٣- انتهاز: فرسەت وەدەستهێنان.

٣٣٤- اولی الابصار: خاوەن بینایییەکان.

٣٣٥- حشو: قسەی زیادی نێوان ڕستە.

٣٣٦- سالك: ڕێبوار.

٣٣٧- مستوی: ڕاست، ئۆقرەگرتوو.

٣٣٨- حصر: ژمارە، ژمێردراو.

٣٣٩- صراط: ڕێ.

٣٤٠- مقرر: بڕیاری لەسەردراو.

٣٤١- اختیار: هەڵبژێردراو.

٣٤٢- حسنات: جەمعی حسنە: کاری چاکە، ئەو کارانەی خوا پەسەندی دەکات.

٣٤٣- سیئات: سیئة: گوناه، گوناهەکان.

٣٤٤- خسران: زیان، زیانکاری.

٣٤٥-فایز: سەرکەوتوو.

٣٤٦- ادراك: درککردن.

٣٤٧- تخلق: ڕەوشت بەرزی.

٣٤٨- مفطور: خۆرسك.

٣٤٩- الانسان عبید الاحسان: ئینسان کۆیلەی چاکییە.

٣٥٠- مجموع: بێ غەم.

٣٥١- نهاد: نژاد.

٣٥٢- اصابت: ئەنگاوت، تیر بەرنیشان بکەوێ.

٣٥٣- مخنث: پیاوی ژن ڕەفتار.

٣٥٤- طامع: تەماحکار.

٣٥٥- سالوس: فرتوفێڵ.

٣٥٦- مصدق: ڕاستگۆ.

٣٥٧-جلساء: جەمعی جلیس، هەمنشینان.

٣٥٨- ندماء: جەمعی ندیم، هاوقسە.

٣٥٩– معجب: خۆبین.

٣٦٠– ممسك: چاوچنۆك.

٣٦١– عنا: ڕەنج، سەختی.

٣٦٢– امساك: کەمخۆری.

٣٦٣– حرمان: بێ نسیبی.

٣٦٤– فضولی: خۆتێهەڵقورتێن.

٣٦٥– معلل: ئەوەی سونگەو دەلیلی هەیە.

٣٦٦– قریحە: ئامادەگی سروشتی لە داهێنانی فکری و هونەری.

٣٦٧– لا لغرض: نە لە ڕووی دوژمنییەوە.

٣٦٨– مرضات: خۆشنوودی.

٣٦٩– میزان: معیار: تەرازوو.

٣٧٠– راحت: ئاسایش، ئاسوودەیی، ئارامی.

٣٧١– دنائت: سووك و چرووكی.

٣٧٢– اسلاف: جەمعی سەلەفە، پێشینان.

٣٧٣– ضلال: گومڕاهی.

٣٧٤– مختار: هەڵبژێردراو، پەسندکراو.

٣٧٥– مسلم: قەبووڵکراو.

٣٧٦– مناصحت: نەسیحەت کردن.

٣٧٧– حلم: شەکیبی، سنگ فراوانی.

٣٧٨– تجنب: خۆ بەدوورگرتن.

٣٧٩– رفق: نەرمی، میهرەبانی.

٣٨٠– تعذیب: شکەنجە.

٣٨١– حلاوت: شیرینی.

٣٨٢– یمن: ئیقبال.

٣٨٣– مکتسب: بەدەستهاتوو.

٣٨٤– غبن: زیان.

٣٨٥- عقار: ماڵ.

٣٨٦- تقلبات، جەمعی تقلب: سەرەوژێربوون، واژکون.

٣٨٧- نكبت: بێ چارەیی.

٣٨٨- تمكین: بەتوانایی.

٣٨٩- المصيبة للصابر واحد للجازع اثنان: موسیبەت بۆ کەسی بەسەبر یەکە بۆ کەسی پەلەخواز دووانە.

٣٩٠- واجب: واجب الوجود، خواوەند.

٣٩١- سوام: قیمەت، نرخ.

٣٩٢- قاصرین: جەمعی قاصر، منداڵێ تەمەنی نەگەیشتبێتە هەژدە ساڵ.

٣٩٣- رزین: کەسی بە وقار، وقار، سەنگین.

٣٩٤- تدقیق: وردبینی، دیقەتکردن.

٣٩٥- سم الفأر: مەرگەمووش.

٣٩٦- عایق: بەربەست، ڕێگر.